ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٨١٤ ■ چوارشه‌ممه ١٥ی به‌فرانباری ١٤٠٠ _ ٥ی ژانوییه‌ی ٢٠٢٢

دامه‌زرانی کۆماری کوردستان له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا

## خالید عه‌زیزی: کۆماری ئیسلامی کوردستانی کردووه‌ته‌ پادگانێکی ئه‌منییه‌تی



– دیپلۆماسیی ئێمه‌ له‌پێناو ئه‌وه‌دایه‌ ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ لای وڵاتانی بڕیارده‌ر به‌نیسبه‌ت که‌یسی ئێرانه‌وه‌ دروست بکه‌ین که‌ چیدی ڕێگه‌ نه‌ده‌ن ئه‌و ڕێژیمه‌ پرسی ئه‌تومی و مووشه‌کییه‌که‌ی وه‌ک کارتێکی گوشار به‌کار بێنێ.

– ئه‌گه‌رچی پرسی ئێمه‌ و خه‌باته‌که‌مان و ڕه‌وشی جووڵانه‌وه‌ی کورد تابعێک نییه‌ له‌ هاوکێشه‌کانی نێوان ئێران و کۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی و بووژانه‌وه‌ یان له‌بارچوونه‌وه‌ی به‌رجام، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌و بابه‌ته‌مان به‌ لاوه‌ گرینگه‌.

– کۆماری ئیسلامی له‌ سه‌رکوتی خه‌ڵکی کوردستان و له‌ سیاسه‌ته‌کانی بۆ به‌چۆکداهێنانی بزووتنه‌وه‌ی کورد و ئیراده‌ی مافخوازیی خه‌ڵکی کوردستان گه‌یوه‌ته‌ بۆنبه‌ست و پێی‌وایه‌ تاکه‌ڕێگا هه‌ر به‌رده‌وامبوون له‌سه‌ر سیاسه‌تی میلیتاری و هێرشی سه‌ربازییه‌.

– ئه‌گه‌ر یه‌کگرتوو بین و، بێتوو یه‌کڕێز و له‌ مه‌یدانی کرده‌وه‌دا هاوبه‌ش و هاوپڕۆژه‌ و هاوپه‌یمانی یه‌کتر بین، ده‌توانین زۆر گوند و شاری نیشتمانه‌که‌مان ئازاد بکه‌ین و پێکه‌وه‌ به‌ڕێوه‌یان ببه‌ین.

**(ده‌قی ته‌واوی ئه‌م وتووێژه‌ له‌ لاپه‌ڕه‌ ٢دا داندراوه‌)**

# داهاتووی وڵات و دۆن‌کیشۆتیزمی کۆماری ئیسلامی

◆ سه‌روتار


## چاره‌نووسی ڕێژیم له‌ ده‌ست خه‌ڵک و ئۆپۆزیسیۆن‌دا

**عه‌لی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران له‌ سۆنگه‌ی که‌ڵه‌که‌بوونی ئه‌و قه‌یرانگه‌له‌ی که‌ ڕه‌نگبێ هه‌رکام له‌وان به‌ته‌نیا و به‌جیا بۆ ڕووخانی هه‌ر ڕێژیمێکی دێموکرات به‌س بن، له‌مێژساڵه‌ باسی نه‌مان و دارمانی ده‌کرێ. ئه‌وه‌ش که‌ له‌ دانوستانه‌کانی ئه‌م دواییانه‌ی ڤییه‌ن بۆ بووژانه‌وه‌ی به‌رجامدا و به‌هۆی پشت‌به‌ردانی مۆسکۆ و پێکه‌ن و له‌ژێر گوشاری هاوته‌ریبی ئه‌م دوو وڵاته‌دا ئاماده‌ بووه‌ نه‌وی بنوێنێ و پاشه‌کشه‌ –»نه‌رمشی پاڵه‌وانانه‌»– گه‌وره‌که‌ بکا، دیسان ئه‌م گریمانه‌یه‌ی به‌هێز کردۆته‌وه‌ که‌ ئاخۆ له‌ کاتی هه‌ره‌سهێنانی ڕێژیم نیزیک بووینه‌ته‌وه‌؟

پرسیاره‌کان ڕوونن: تۆ بڵێی به‌ نه‌وی‌کێشانی کۆماری ئیسلامی و ده‌ست‌به‌ردانی ڕێژیم له‌ به‌رزه‌فڕییه‌ ئه‌تومییه‌که‌ی کێشه‌ی لێکترازانی کۆمه‌ڵایه‌تی، گه‌نده‌ڵیی ئه‌خلاقی و حکوومه‌تی، قه‌یرانی ئابووریی تێکته‌پیوی وڵات، هه‌ژاری و بێکاری و ته‌مابراوی و ده‌یان قه‌یرانی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تیی خه‌ڵک چاره‌سه‌ر بن و پارێزبه‌ندییک بۆ ڕێژیم ده‌سته‌به‌ر بێ؟ تۆ بڵێی له‌ بنه‌ڕه‌تڕا ڕێژیم به‌مجۆره‌ ده‌ست به‌ر ده‌داته‌وه‌؟ ئاخۆ خامنه‌یی بوێریی خومه‌ینیی بۆ هه‌ڵدانی جامه‌ ژاره‌که‌ هه‌یه‌ و ڕێبه‌ری ئێستای ڕێژیم له‌و ئێعتبار و حه‌یسییه‌ته‌ مێژووییه‌ و باوه‌ڕمه‌ندییه‌ی له‌ شه‌ڕفرۆشی و دژایه‌تی‌کردنی ئه‌مریکا ...

درێژه‌ له‌ لاپه‌ڕه‌ی ٢



## چێشتی خۆش له‌ ئه‌نگۆریڕا دیاره‌

کۆمیسیۆنی به‌رنامه‌ و بودجه‌ی مه‌جلیس ته‌واوه‌تیی پڕۆژه‌یاسای بودجه‌ی ١٤٠١ی په‌سند کرد، به‌ڵام ده‌موده‌ست ناوه‌ندی توێژینه‌وه‌کانی مه‌جلیس بڵاوی کرده‌وه‌که‌ له‌ ئێستاوه‌ سه‌رچاوه‌کانی داهاتی ده‌وڵه‌ت بۆ بودجه‌ی ساڵی دادێ ٧٠٠ هه‌زار میلیارد تمه‌ن کورتی دێنن.

له‌ بودجه‌ی ساڵی نوێدا پشت به‌ فرۆشتنی ڕۆژانه‌ یه‌ک میلیۆن و ٢٠٠ هه‌زار بۆشکه‌ ئه‌ویش به‌ نرخی ٦٠ دۆلار به‌ستراوه‌. پێکه‌وه‌ گرێدانی بودجه‌ به‌ چاره‌نووسی به‌رجام و هه‌ڵگیرانی سزاکان له‌سه‌ر ئێران له‌ حاڵێکدایه‌ بڕی فرۆشی نه‌وتی ئێران له‌ ئێستادا که‌متر له‌ ٦٠٠ هه‌زار بۆشکه‌ له‌ ڕۆژدایه‌. سه‌رچاوه‌یه‌کی دیکه‌ی داهاتی بودجه‌ بردنه‌سه‌رێی سه‌تا ٦٠ی ماڵیات، به‌تایبه‌ت ماڵیات له‌سه‌ر مامه‌ڵه‌کانی ئۆتومبیل و پڕۆژه‌کانی نیشته‌جێ‌بوونه‌، له‌ حاڵێکدا به‌هۆی سزا ئابوورییه‌کانه‌وه‌ هه‌ردوو که‌رتی ئۆتۆمبیل‌سازی و نیشته‌جێ‌کردن له‌ ئێران له‌ لێواری هه‌ره‌س‌هێنانه‌. خاڵێکی جێی سه‌رنجی دیکه‌ له‌ بودجه‌ی ساڵی داهاتوودا زیادکردنی دوو هێنده‌ و نیوی بودجه‌ی ئاشکرای سپای پاسداران و به‌رزکردنه‌وه‌ی بۆ ٩٣ هه‌زار میلیارد تمه‌ن و دیاری‌کردنی ٢٢٧ میلیارد تمه‌ن بۆ شوڕای نیگابان و ١٦٦ میلیارد تمه‌ن بۆ به‌رنامه‌ی چاودێری به‌ سه‌ر هه‌ڵبژاردنه‌کانه‌، له‌ حاڵێکدا سپای پاسداران زۆربه‌ی جومگه‌ ئابوورییه‌کانی وڵاتی مۆنۆپۆل کردوه‌ و شوڕای نیگابانیش له‌ ساڵی داهاتوودا هیچ هه‌ڵبژاردنێک به‌ڕێوه‌ نابا.

له‌و بودجه‌یه‌دا ٤٣٧ میلیارد تمه‌ن بۆ په‌ره‌پێدانی شه‌ڕی سایبێری، پتر له‌ ٩٠٠ میلیارد تمه‌ن بۆ حه‌وزه‌کانی عیلمییه‌ و ١٩٨ میلیارد تمه‌ن بۆ پیاده‌ڕۆیی ئه‌ڕبه‌عین ته‌رخان کراوه‌ و بودجه‌ی به‌رگریی هێزه‌ چه‌کداره‌کانیش سه‌تا ٣٦ زیادی کردوه‌.

## مه‌رجی چوونه‌ به‌هه‌شت که‌م‌خواردنه‌!

ڕێبه‌رانی کۆماری ئیسلامی له‌حاڵێکدا هه‌ژاری بڕستی له‌ خه‌ڵک بڕیوه‌، بۆ بردنه‌سه‌رێی ئاستی به‌رگه‌گرتنی خه‌ڵک بانگه‌شه‌ی که‌م‌خواردن ده‌که‌ن.

له‌ چه‌ند ڕۆژی ڕابردودا و له‌ هه‌وڵێکی سیستماتیکدا مه‌لاکان له‌ منبه‌ری مزگه‌وته‌کان و له‌ سۆسیال میدیادا خه‌ڵک بۆ که‌م‌خواردن هان ده‌ده‌ن و به‌ پێناسه‌کردنی هه‌ژاری و برسێتی وه‌ک بایه‌خێکی دینی و ئاسمانی ده‌ڵێن «ئه‌گه‌ر ده‌تانه‌وێ بچنه‌ به‌هه‌شت هێنده‌ بخۆن که‌ هیچ پێویست نه‌کا ناچار به‌ چوونه‌ ئاوه‌ده‌ست بن.» پێشتریش میدیاکانی ڕێژیم به‌ بانگه‌شه‌ خه‌ڵکیان بۆ خۆبواردن له‌ خواردنی گۆشت و مریشک هان ده‌دا، تا ئه‌و جێیه‌ی که‌ «مه‌کارم شیرازی»، یه‌ک له‌ مه‌رجه‌عه‌ ته‌قلیده‌کانی کۆماری ئیسلامی گوتبووی: «ئه‌گه‌ر خه‌ڵک له‌ هێندێک خواردمه‌نه‌یی وه‌ک مریشک و گۆشت خۆ ببوێرن هیچ ناقه‌ومێ، چونکی گۆشت خواردنێکی گونجاو بۆ مرۆڤ نییه‌.» هه‌روه‌ها «عه‌له‌مولهۆدا»، به‌رپرسی ده‌زگای ئاستانی قودسی ڕه‌زه‌وی –یه‌ک له‌ ده‌وڵه‌مه‌ندترین بنیاته‌ ئابوورییه‌کانی ڕێژیم– خه‌ڵکی ڕاسپاردبوو که‌ «پیازاو–اشکنه‌» بخۆن.

لێدوانی کاربه‌ده‌ستانی کۆماری ئیسلامی و هه‌وڵه‌کانیان بۆ که‌مکردنه‌وه‌ له‌ گوشاری گرانی و ده‌سته‌نگیی خه‌ڵک له‌سه‌ر ڕێژیمه‌که‌یان له‌ حاڵێک‌دایه‌ که‌ له‌مێژه‌ به‌شێکی زۆر له‌ خه‌ڵکی ئێران توانای کڕینی گۆشت و مریشکیان نه‌ماوه‌، هه‌روه‌ها یه‌ک له‌ سێی حه‌شیمه‌تی ئێران خواردنی شیر و شیره‌مه‌نییان تا ئاستێکی زۆر که‌م کردۆته‌وه‌ و ته‌نانه‌ت له‌ ڕیزی خواردنه‌کانیان وه‌لا ناوه‌. به‌ڵام ڕێژیم له‌ ساڵدا به‌ میلیارد دۆلار له‌ سامانی گشتیی وڵات بۆ بره‌ودانی تیرۆریسم و ناسه‌قامگیریی ناوچه‌ خه‌رج ده‌کا، هه‌روه‌ها له‌ بودجه‌ی وڵاتیش که‌مترین به‌شی بۆ بژیوی خه‌ڵک داناوه‌.




**سیاسه‌تی تاکزمانی له‌ ئێران، له‌نێوان پێداگریی ده‌سه‌ڵات و ...**
٣



**ئه‌و «هه‌ژار»ه‌ی من ناسیومه‌**
٦



**ده‌نگی شه‌قام له‌دژی ده‌سه‌ڵات**
٩



**خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تیی گه‌لێک که‌ ده‌بێ بنچینه‌کانی ڕێک بخرێته‌وه‌**
١٠



**له‌ ده‌روه‌ی زمان هه‌رچی هه‌یه‌ هه‌ر زمانه‌**
١١

کوردستان
• ژماره ٨١٤
١٥ی بەفرانباری ١٤٠٠ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٢

◆ درێژەی سەروتار

# چارەنووسی ڕێژیم لە دەست خەڵک و ئۆپۆزیسیۆندا

... بۆ خۆی دەستەبەری کردووە، دەست هەڵدەگرێ؟ ئەدی چی لەگەڵ بیروڕای گشتیی وڵات دەکا کە بـەردەوام بەرجام و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە لەسەر «بایەخە شۆڕشگێڕی»یەکانی نیزامیان بە خەیانەتێکی گەورە دانابوو؟ پاشان ڕێژیمێک کە لە سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا واز لە بۆمبی ئەتوم و مووشەکی بالستیک بێنێ، ڕێژیمێک کە قووت و بژیوی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییە گوێ‌لەمستەکانی خۆی لە ناوچەدا ببڕێ، ڕێژیمێک کە خەونی هیلالی شیعەکەی وەلا بنێ و بیەوێ بەشێک لە ئەمنییەت و سەقامگیریی دنیا بێ، دەتوانێ ئەم کۆماری ئیسلامییەی ئێستا بێت؟ دواجار ئاخۆ ئەم ڕێژیمە پاشەکشە و نەرمی‌نواندنەکانی بەنیسبەت جووڵانەوە ئیعترازییەکانی نێوخۆی وڵات چەندە و چۆن دەبێ؟

ئەوە ڕاستە کە گوشاری دۆخەکە و قورسایی سزاکانی سەر ئێران خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ڕێژیمی ناچار بۆ ملدان و گەڕانەوە بۆ بەرجام کردووە، بەڵام ڕوونە کە پێچەوانەی پێش‌مەرجەکانی کۆماری ئیسلامی نە گەرەنتیی لابردنی هەموو سزاکانی سەر ڕێژیمیان دەدرێتێ و نە بایدەن دەتوانێ گەرەنتیی مانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەیان لە داهاتوودا بکا. تەنانەت ئەگەر بەشێک لەو سزاگەلەش لەسەر ئێران سووک ببێ، لە ئەگەری سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبری ٢٠٢٢ و دەسخستنی زۆرایەتیی کۆنگرە بیانەوێ هەمان سزاکان بە پەسندکردنی یاسا بخەنەوە سەر ئێران.

دیارە سروشتییە کە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەر وڵاتێکی نادێموکراتکدا ئەگەرچی ڕەوایەتی ڕێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتە دەبەنە ژێر پرسیار و هەم خەڵک و هەم دەسەڵات بەرەوڕووی یەکتر دەکەنەوە، بەڵام مەرج نییە ببنە هۆکاری ڕووخانی حکوومەت، چونکی دەسەڵاتی سیاسی ئامراز و میکانیزمی زۆری بۆ پاراستنی هێزی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا شک دەبا کە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی لە پێش هەموویانەوە دێ. لە ئەمریکای لاتین، ئەفریقا، ئاسیا و ئورووپای ڕۆژهەڵاتیش زۆر وڵات هەبوون بە هێڵی لێک‌ترازانی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشانی ئابووریدا تێ‌پەڕیون، بەڵام حکوومەتەکانیان بەهۆی لەدەستدابوونی توانای پڕوپاگەندە و هێزی سەرکوت خۆیان لەبەردەم ئەو لافاوانەدا ڕاگرتووە. بەڵام لێرەشدا پرسیارێکی جەوهەری هەیە کە ئەویش فاکتەری «کات»ە، بەو مانایە هەتا کەی؟ کۆماری ئیسلامی نە لە ڕووی سیاسی و شەرعییەتی دەسەڵاتەوە سەرچاوەی هێزە لە نێوخۆ و نە لە دەرەوەی وڵات. لە ئێستا سەرچاوەکانی هێزی ڕێژیم لە عێڕاق، لوبنان، سووریە و ئەفغانستانیش لە کەمییان داوە. لە ڕووی ئابوورییشەوە حکوومەت توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نییە و بۆیە دەیەوێ بە لابردنی دۆلاری ٤٢٠٠ تمەنی لە بودجەی ساڵی داهاتوودا کەمێک لەو بارگرانییە لەسەر شانی خۆی سووک بکا، بەڵام جێبەجێ‌کردنی ئەو بڕیارەش هێندە ئاسان نییە و لەوانەیە سەرهەڵدانی جەماوەری و ناڕەزایەتیی گشتییەوە – کە ئەگەرچی بەتوندی سەرکوت دەکرێ– تێچووی زۆر و قورسی دیکەی بۆ ڕێژیم هەبێ. کۆماری ئیسلامی بۆ گەرەنتیی دەسەڵاتەکەی پێویستیی بە ئاشتەوایی نیشتمانی و پڕکردنەوەی کەلێنی خەڵک و حکوومەتە، ئەوەش بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و جیابوونی بەرژەوەندییەکانی خەڵک و حکوومەت مەحاڵە.

جا ئێستا لە کاتێکدا کە ڕێبەری ڕێژیم بازنەی دەسەڵاتی پتر لە هەموو کاتێک تەنگتر و تەنگەبەرتر کردۆتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش ئامادە بووە پێچەوانەی چوار دەیەی ڕابردوو –کە قەت ناوکی سەرەکیی دەسەڵات بەرپرسایەتیی سەرەکیی وڵاتی وەئەستۆ نەگرتووە و هەموو کاتێک دەوڵەت و سەرۆک‌کۆمارەکانی کردووەتە قەڵغان– مەهەندسیی هێنانەسەرکاری دەوڵەتێکی تەواو یەک‌دەست لەگەڵ خۆی بکا؛ لە کاتێکدا کە ناتوانی بە سەر گەندەڵیی سیستماتیکی حکوومەت و کاربەدەستانی لە هەموو جومگەکانی بانکی، دەوڵەتی، سەربازی و بەڕێوەبەرایەتیدا زاڵ ببێ؛ و لەکاتێکدا گۆڕانکارییە ناوچەییەکان نەک لە بەرژەوەندیی ڕێژیم بەڵکوو لەدژی ئەوان شکاونەتەوە و لە سنوورە جوغرافیاییەکانیدا پتر لە هەموو کاتێکدا هەست بە نائەمنی دەکا؛ و لەکاتێدا کە مانگرتن و بزووتنەوە ئیعترازییەکان دوای سەرکوتی خوێناویی ٩٨یش دانەمرکاون و هەر ڕۆژە لە شوێنێکی وڵات سەر وەدەر دەنێن؛ سروشتییە لەو بارودۆخەدا بیر و زەینەکان پتر بۆ لای ڕووخان و هەرەسهێنانی ڕێژیم بچێ. ئەوەی تا ئێستا ئەو دۆخەی وەپاش داوە، نەبوونی ئامادەیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسایەتیی ئەو تێپەڕینە لە کۆماری ئیسلامی بووە. بۆیە ئەوەی بۆ ڕێژیم دەمێنێتەوە کەمکردنەوەی گرژییەکانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو تەمایەی ئاهێکیان بێتەوە بەر و تەمای هەستانەوەیەکی دیبیان لێی هەبێ، بەڵام ئەمەش دادیان نادا.

ئێران لە دۆخێکی بۆنبەست و داخـراوی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری‌دایە. نە هیچ هێزێکی سیاسی لە نێوخۆ دەتوانێ ئەو دۆخە بگۆڕێ و نە درێژەدانی ئەو بارودۆخـەش ڕێی تێ‌دەچێ، ئەوەی ڕێژیم بۆ مانەوەی پشتی پێ بەستووە تەنیا لە یەک‌دەست‌کردنی پتری بازنەی دەسەڵات و لە بەهێزیی سەرکوتدا خۆی دەبینێتەوە. ڕێژیم باش دەزانێ کە قین و گڕکانی پەنگ‌خواردووی خەڵک وەک عەمباری باڕووت چاوەڕێی یەک تریشقەیە و دەزانێ هەرچەشنە نەوی‌کێشان و پاشەکشە لە بەرامبەر خەڵکدا دەتوانێ تەقینەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی لێ بکەوێتەوە کە تەخت و بەختیان ئاوەژوو بکاتەوە. بۆیەشە پێی‌وایە بە سەرکوتی توندوتیژ و بێ‌بەزییانەی ناڕەزایەتییە بچووک و پەرش‌وبڵاوەکان دەتوانێ ڕێ لە هەڵبوونی خەڵک بگرێ. بەڵام بەدڵنیاییەوە لەهەمبەر سەرهەڵدانی میلیۆنی و سەرانسەریدا دەستەوەستان دەبێ، هەڵبەت ئەوەش بەندە بەوەی کە چەندە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەتوانێ بە زاڵبوون بە سەر نەخۆشی و کەماسییەکانیدا خۆی لە بەرگی جێگرەوەیەکدا دەر بخا و ڕێبەریی ناڕەزایەتییە گشتییەکانی وڵات و تێپەڕین لە قۆناغی کۆماری ئیسلامی بگرێتە دەست.

# خالید عەزیزی: ڕێژیم کوردستانی کردووە بە پادگانێکی ئەمنییەتی و لەسەر سیاسەتی دوژمنکارانەی بەنیسبەت ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بەردەوامە

دیمانە: کوردستان



**[کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا سەردانی واشنگتۆن لە ئەمریکای کرد و لەو سەردانەدا کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی بۆ چەند مەبەستێکی سیاسیی دیاریکراو هەبوو. سەردانەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەمریکا سەرنجی چەند میدیایەکی گەورەی فارسی و کوردیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەڕێزیان لە چەند دیمانەیەکدا سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەنیسبەت پرسەکانی ئێران و کوردستان شی کردەوە. ”کوردستان“ بۆ تیشک خستنەسەر زیاتری ئەم بابەتانە دیمانەیەکی لەگەڵ بەڕێزیان پێک هێناوە کە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەمانەن:]**

**هۆکاری سەردانەکەی واشنگتۆن؟**

سالانیکە ئێمە ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەڵێین پرسی ئێران تەنیا لە بەرنامەی ئەتومیی کۆماری ئیسلامیدا مەبینن، سەردانەکەی ئەمجارەشم بۆ واشنگتۆن بۆ ئەوەیە لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ دامەزراوە دەوڵەتییەکان، ژوورەفیکری و ناوەندە غەیرەدەوڵەتییەکاندا پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە لە پرسی ئێران کێشەی وڵاتێکی ٨٠-٩٠ میلیۆن کەسی لەگەڵ ڕێژیمی سیاسیی نادێموکراتیکە کە ئەو خەڵکەی لەپێناو بەرژەوەندییە ئیدئۆلۆژیکییەکانیدا بەبارمتە گرتووە. کێشەی ئەو خەڵکەش نەبوونی دێموکراسی و ئازادییە مەدەنییەکان، پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ و قووڵبوونەوەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە کە هەمووی لە سۆنگەی سیاسەتە نیوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتووە.

سەردانەکەم بۆ واشنگتۆن و دیدارەکانم بۆ ئەوەیە بڵێم ئەگەر ئێوە لە پرسی بووژانەوەی بەرجامیشدا لەگەڵ ڕێژیم ڕێک‌بکەون، بەڵام پرسە سەرەکییەکە بە چارەسەرنەکراوی هەر لەجێی خۆیەتی. چونکی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر ڕێژیمە نەگۆڕەکەی جارانە و هەروا وەک مەترسییەکی جدی بۆ سەر سەقامگیری و ئاشتیی ناوچە و جیهان ڕۆڵی نیگەتیڤ و تێکدەرانەی خۆی دەگێڕێ، بۆیە پێویستە وڵاتانی بڕیاردەر لە خوێندنەوەی خۆیان بۆ هاوکێشەکاندا سەرنج بدەنە ماکە و سەرچاوەی کێشە و قەیرانەکان. ئەو پەیامەشمان بە بەرپرسانی دەوڵەتی لە کابینەی بەڕێز بایدەن، دامەزراوە حکوومی و ناحکوومییەکان و تینک‌تانکەکان لەو وڵاتە گەیاندووە و سەبارەت بە کەمتەرخەمییەکانیان و جۆری ڕوانگەیان بۆ کۆماری ئیسلامی و پشتگوێ‌خستنی فاکتەری خەڵک و ناڕەزایەتییەکان لە ڕەخنەمان لێ گرتوون.

**دەسکەوتی ئەوجۆرە دیپلۆماسییە بۆ بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات**

ئەمە بەشێک لە کار و ئەرکی ئێمەیە کە لە پێوەندییەکانماندا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی بڕیار لەسەر ئێران دەدەن تێ‌بکۆشین پێیان بڵێین کە دەبێ بیرکردنەوەکانیان بەنیسبەت ئێران بگۆڕن. پێ لەسەر ئەوەش دابگرین هەتا کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێت، نە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئارامی و سەقامگیریی تێدا بەدی دەکرێ، نە ئەو سەقامگیرییە لە نیوخۆی وڵاتیش ئێرانیش ڕوو دەدات. دیپلۆماسیی ئێمە بۆ ئەو ئامانجەیە ئەو قەناعەتە لای وڵاتانی بڕیاردەر بەنیسبەت کەیسی ئێرانەوە دروست بکەین کە چیدی ڕێگە نەدەن ئەو ڕێژیمە پرسی ئەتومی و مووشەکییەکەی وەک کارتێکی گوشار بەکار بێنێ. ئەوەش ڕاستە کە ئێمە سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی خۆمان نەمانتوانیوە ئەو دەسکەوتە گرینگە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەستەبەر بکەین، هۆکارەکەشی بۆ پەرش‌وبڵاوی و لاوازی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە لە دژبەرەوە ببێتە ئاڵتەرناتیڤ. هەوڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دیپلۆماسیی حیزبی ئێمە بۆ ئەوەیە کە بۆ ئەو مەبەست و ئامانجە یارمەتیدەر بین.

**کاریگەریی ئەگەری سازانی زلهێزەکان و بووژانەوەی بەرجام لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کورد**

پرسی کورد و ململانێی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر مافەکانمان مێژووەکەی بۆ زۆر پێش لە بەرجام و تەنانەت هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی پرسی ئێمە و خەباتەکەمان و ڕەوشی جووڵانەوەی کورد تابعێک نییە لە هاوکێشەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بووژانەوە یان لەبارچوونەوەی بەرجام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتەمان بە لاوە گرینگە. ئێمە لە هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی خۆمان بەردەوام دەبین و بە کۆمەڵگەی جیهانییش دەڵێین کە کۆماری ئیسلامی ناتوانی هاوبەشێکی ئابووریی شیاو و عونسورێکی سیاسی و ئەمنیەتیی کاریگەر بۆ سەقامگیریی ناوچە بێ، بەڵکوو پێچەوانەکەی ڕاستە و ئەو ڕێژیمە خۆی هۆکاری سەرەکیی ئەو نائەمنییانەیە.

**پێوەندیی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک داوێک بۆ مووشەک‌بارانی بنکەکانی حیزب**

وانییە کە ئێمە شکمان لە جەوهەر و ماهییەتی کۆماری بووبێ. ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی بە نێوبژیوانیی ڕێکخراوێکی نۆروێژی چەند قۆناغی سەرەتایی بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیمان بڕیوە. ئێمە ئەوکاتانەش کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی قسەمان کردووە هیچ شک و دوودڵی و ڕاڕاییەکمان بەنیسبەت نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی نەبووە. بەڵام پێمان وانییە کە ئەوە ڕێی لە وتوویژ و دانوستان بگرێ. ئێمە هەمیشە ویستوومانە لە ڕێگەی وتوویژەوە ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران بدەین کە کورد داوای چارەسەری ئاشتییانەی مافەکانی خۆی دەکا. ئێمە شەڕخواز نین، بەڵکوو قوربانیی سیاسەتی شەڕ و پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و سیاسەتی سەرکوت و تێرۆری ئەو ڕێژیمەین. بۆیە لام وایە کە مووشەک‌بارانی قەڵای دێموکرات و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هیچ پێوەندییەکی بەو دانیشتنانەی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەبوو. خوێندنەوەی ئێمە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و لە سیاسەتەکانی بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی کورد و ئیرادەی مافخوازیی خەڵکی کوردستان گەیوەتە بۆنبەست و پێی‌وایە تاکەڕێگا هەر بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی میلیتاری و هێرشی سەربازییە.

لایەنێکی دیکەی ئەو هێرشە ناردنی پەیامی تایبەت بۆ ئەمریکا، عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بوو، لەبەر ئەوەش کە ئێمە توانای بەرگری لە بەرامبەر هێرشی مووشەکیمان نەبوو، هەروەها خاوەنی چەکی هاوشێوە بۆ وەڵامدانەوە بەو پەلامارە نەبووین، کراین بە ئامانج. بۆیە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات چەند ئامانجی لەپشت بوو.

**ئاکامی وتوویژەکانی تا ئێستا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران؟**

وەک باسم کرد ئێمە پێش ئەوەی وەک ناوەندی هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتوویژمان هەبێ، چەند جارێکیش لە هەرێمی کوردستان دانیشتنمان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەبوو. لە دانیشتنەکانی ناوەندی هاوکارییش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە نێوبژیوانیی ڕێکخراوی نۆروێژیی ”نۆرێڤ“ ئێمە مەرجەکانی خۆمان بۆ ئەو وتوویژانە باس کردووە. مەرجەکانی ئێمە ئەوە بووە کۆماری ئیسلامیی ئێران دان بەوە دابنێ پرسێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا هەیە، پرسێک کە کۆماری ئیسلامییش دەیەوێ یارمەتیی چارەسەرکردنی بێ و بۆ ئەو مەبەستەیە کە لەگەڵ حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری وتوویژ دەکا. ئەوان ئەو مەرجانەیان نەسەلماند و بۆیەش دانیشتنەکان قەت نەگەیشتنە ئەو ئاستەی کە بتوانی ناوی وتوویژیان لەسەر دابنێین.

دیارە دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە لە سەرەتاوە دەمانزانی و هیچ شک و دوودڵییەکمان لەوە نەبوو کە کۆماری ئیسلامی مل بۆ ئەوە ڕاناکێشێ، بەڵام حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری بە سیاسەتی دروستی خۆیان پێشانیان دا کە نەک لایەنگری شەڕ و لێکدان نین، بەڵکوو قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامین و هەموو کاتێک ئامادە بوون بە ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ و سازانەوە یارمەتیدەری چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بن.

**دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی کۆماری ئیسلامی**

ڕەخنە لە نایەکگرتوویی و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەجێی خۆی‌دایە. ئەو ڕەخنەیە هەم دەکرێ بەرەوڕووی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بکرێتەوە، هەم ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری کە بێتوو نەتوانێ خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران جێ بخا، ناتوانێ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە داهاتووی هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئێران و پرسی ئێران لە دەرهاویشتە ناوچەیی و جیهانییەکاندا هەبێ. ڕاستە من جارێک گوتومە کە ناتوانین گوندێک ڕزگار بکەین، ئەو تەعبیرەم ڕەخنەیەکی توند و ڕاشکاوانە بەنیسبەت لێک‌بڵاوی و نایەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوو کە دەتوانم ئێستا ئەو ڕەخنەیەم جارێکی دیکە و بە جۆرێکی دیکەش هەبێ و بڵێم کە ئەگەر یەکگرتوو بین، بێتوو یەکڕێز و لە مەیدانی کردەوەدا هاوبەش و هاوپڕۆژە و هاوپەیمانی یەکتر بین، دەتوانین زۆر گوند و شاری نیشتمانەکەمان ئازاد بکەین و پێکەوە بەڕێوەیان ببەین.

**حیزبی دێموکرات و خەباتی مەدەنی**

فەلسەفەی وجوودی حیزبی دێموکرات بۆ مافخوازیی مەدەنی دەگەڕێتەوە. ئێمە قەت بەدوای شەڕدا نەگەڕاوین و هەر ئەوەش کە دەبینین ئەمڕۆکە بە سەدان ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنی لە بواری جۆراوجۆری ئەدەبی، ژینگە، زمان و کەلەپووریدا دامەزراون بۆ نهادینەبوونی ئەو فەرهەنگە سیاسییە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەگەڕێتەوە. لە بەرامبەردا ئەوە حکوومەتی پاشایەتی و پاشان کۆماری ئیسلامیی کە شەڕیان بە کورد فرۆشتووە و هێرشی سەربازییان کردووەتە سەری. لە ئێستاشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر بەو ڕوانگە ئەمنیەتی و میلیتارییە دەڕوانێتە کوردستان و سیاسەتی دوژمنکارانە و داگیرکەرانەشی بەنیسبەت ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان ئاوێتەی ئەو ڕوانگەیە کردووە.

کۆماری ئیسلامی لەلایەک کوردستانی کردووەتە پادگانێکی ئەمنیەتی و، لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی بەنیسبەت پرسی دارستانەکانی کوردستان و بەتاڵانبردنی ئاو و سەرچاوە ژێرزەوییەکانی کوردستان هەموو کاولکاری و دوژمنانە بووە. بۆیەشە چالاکان و ڕێکخراوە مەدنییەکان لە کوردستان بەردەوام بەرهەڵستی ئەو سیاسەتانەی ڕێژیم بوونەتەوە کە بەداخەوە زۆر لەوان لەسەر ئەو مافخوازییە ڕەوایە گیراون و دەگیرێن و پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ دروست دەکرێ و سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێ. بەڵام سەرەڕای تێچووی زۆری چالاکیی مەدەنی، خەڵک لە کوردستان لەو سەنگەرە لە خەباتی شوناسخوازی و ماف‌ویستیی خۆیاندا بەردەوامن.

**پێگەی سیاسیی ئێران لە عێراق و ناوچەدا**

چوار دەیە پترە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشێکی زۆری داهات و سامانی گشتیی وڵات بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ و پەرەدان بە شیعەگەری و نانەوەی کێشە و قەیران و دروستکردنی میلیشیا و گرووپی چەکدار بۆ شەڕی نیابەتی خەرج دەکا. ئاکامی ئەو سیاسەتە کە خۆیان بە ”مەیدان“ی ناو دەبەن، بۆ ناوچەکە بشێوی و نائارامی و ناسەقامگیری و بۆ خەڵکی نێوخۆی وڵاتیش بێکاری و گرانی و کەڵەکەبوونی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بووە.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا سەرکەوتوو نەبوون و هەموومان دەبینین کە ڕۆژانە لە سووریە، یەمەن، لوبنان بە عێراقیشەوە چ ڕادەبرێ. تەنانەت لە عێراق تا هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەش کۆماری ئیسلامیی ئێران قسەی یەکلاکەرەوەی دەکرد، بەڵام بینیمان کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دڵخوازی کۆماری ئیسلامی نەبوون و ئەو هەڵبژاردنە وەک نوێنگەی ئیرادەی خەڵکی عێراق پرسیاری جیدیی لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا دروست کرد. بۆیە بە ئەگەری زۆر کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا لە عێراق تووشی بەرگژەی زیاتر دەبێتەوە و خەڵکی ئەم وڵاتە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە کۆماری ئیسلامی دوور دەکەونەوە.

# کوژران و برینداربوونی ٤٠ کۆڵبەر، بەندکردنی ١٥٧ چالاکی سیاسی و ئێعدامی ٧ بەندکراوی کورد لە سێ مانگی پاییزی ١٤٠٠دا

داتا و زانیارییەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەمساڵدا زیاتر لە ٣٠٠ حاڵەتی پێشێلکردنی زبری مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.

لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا ٤٠ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەو ٤٠ کۆڵبەرە ١٢ کەسیان کوژراون و ٢٨ کۆڵبەریش بریندار بوون.

کوژران و برینداربوونی ٤٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە وەرزی پاییز ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە وەرزی هاوینی ئەمساڵیشدا ٨١ کۆڵبەر کەوتبوونە بەر دەستدرێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە٢٢ کەسیان کوژرابوون و ٥٩ کۆڵبەریش بریندار ببوون. هەروەها لە وەرزی بەهاریشدا ١٥ کۆڵبەر کوژرابوون و ٣٨ کۆڵبەریش بریندار ببوون

بەوپێیە ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە کەوتوونەتە بەر دەستدرێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ١٧٤ کەس بووە کە ٤٩ کەسیان کوژراون و ١٢٥ کۆڵبەر و کاسبکاریش بریندار بوون.

جێی بیرهێنانەیەوەیە لە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩) یشدا ٢٢٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دا و بریندار ببوون. لەو ٢٢٦ قوربانییەی ساڵی ڕابردووی هەتاوی ٨٠ کەسیان کوژرابوون و هەروەها ١٤٦ کەسیش بریندار ببوون.

هەر لەو ماوەیەدا ٩ کەسی ئاسایی لە نێوشار یان لە زینداندا بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، یان لەژێر ئەشکەنجە و یان دەنا بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لەدەست داوە: ڕۆژی پێنج شەممە ٢٩ی ڕەزبەر موحسین ئیبراهیمی خەڵکی کرماشان لە نێوشار درایە بەر دەستڕێژی هێزە ئینتیزامییەکان و کوژرا. ڕۆژی شەممە ١ی خەزەڵوەریش هەر لە کرماشان یاسر محەمەدی بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە کۆماندۆکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شارە گیانی لە دەست دا. ڕۆژی شەممە ١٥ی خەزەڵوەریش لە ڕێگەی سنە بۆ مەریوان مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵ تەمەن بە ناوی ئاراس قادری خەڵکی گوندی پیچوون لەناوچەی کەلاترەزان سەر بە شاری سنە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران کوژرا. ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر بنەماڵەی دوو هاوڵاتی کورد بە ناوەکانی ئەسعەد ڕامین و داوود ڕەحیمی خەڵکی گوندەکانی قارنێ و چقڵ مستەفا سەر بە شاری نەغەدە بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی حکوومەتی ئێران لەو شارە بانگ کران و پێیان ڕاگەیاندوون کە کوڕەکانیان بە دەستی هێزە ئەمنیەتییەکان کوژراون. لە سەرماوەزیشدا کەسێک بە ناوی ڕەمەزان حاجیلو، شوانکارەی تەمەن ١٧ ساڵ خەڵکی گوندی کاخک لە ماکۆ درایە بەر دەستڕێژ. ڕۆژی پێنجشەممە ١ی ڕەزبەریش ئەمیر حوسێن حاتەمی، تەمەن ٢٢ ساڵ، خەڵکی شاری سیروان سەر بە پارێزگای ئیلام بەهۆی ئەشکەنجەدرانی لەلایەن بەرپرسانی بەندیخانەی فەشافوویەی تارانەوە کوژرا. ڕۆژی 6ی ڕەزبەر شاهین دەیرزادە، زیندانیی تاوانە ئاساییەکان لە بەندیخانەی ورمێ بەهۆی نەخۆشی و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانی لەدەست دا. ڕۆژی سێشەممە ١١ی خەزەڵوەر بەندکراوێکی تۆمەتبار بە کوشتنی ئەنقەست، بە ناوی خۆسرۆ جەماڵی فەر تەمەن ٢٤ ساڵ و خەڵکی سنە لە بەندی تاکەکەسی بەشی قەرەنتینەی بەندیخانەی ناوەندیی سنە بە هۆی کوتان و لێدان و زەربە لەسەری گیانی لەدەست دا.

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا لانیکەم ١٥٧ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگاییکرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٣٥ کەس لەوان حوکمی ٢ مانگ تا ٤٥ ساڵ (سەرجەم ١٥٢٩ مانگ- ١٢٧ ساڵ و ٥ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ٢٩٣ کەسیان گرتبوو بووە کە ٥٧ کەس لەوان دادگایی و سزای زیندانیان بەسەردا سەپاندبوون. بەو پێیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون ٤٥٠ کەس بووە کە ٩٢ کەس لەوان حوکمی زیندانیان بۆ دەرکراوە.

جێی بیرهێنانەوەیە کە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)یش لانیکەم ٦٤٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون. لەو ٦٤٠ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەسبەسەر کراون، لانیکەم ١٨٩ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ تا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ زیندان (سەرجەم ٨٨٢٥ مانگ) و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو.

لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەمساڵدا لانیکەم ٧ بەندکراوی کورد ئێعدام کراون کە یەک لەوان (حەیدەر قوربانی) زیندانیی سیاسیی بووە. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ٢٨ کەسیان لە کوردستان ئێعدام کردبوو، بەو پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماوەی ئەمساڵدا لە کوردستان ئێعدام کراون ٣٥ کەس بووە.



ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٩یشدا لانیکەم ٤٩ کەس بووە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە زۆرترین ڕێژەی ئێعدامەکان لە کوردستان بووە. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٣٩٩ لە کوردستان ئێعدام کراون، بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون و چوار کەسیش لەوان بەندیی سیاسی بوون.

لە سێهەمین وەرزی ئەمساڵدا لانیکەم ٢٥ کەس لە کوردستان بوونە قوربانیی تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان کە "چاونیوز" توانیویەتی ناونیشانی ٧ کەس لەوان کە لەوسۆنگەیەوە بریندار بوون و ئەندامێکی جەستەیان لەدەست داوە، ئاشکرا بکا.

تەقینەوەی مین لە کوردستان لە سێ مانگی هاوینیشدا زیاتر لە ١٢ قوربانیی لێ کەوتبۆوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٤ کەس لەوانی ئاشکرا کردبوو کە بەو هۆیە گیانیان لەدەست دابوو. لە وەرزی بەهاریشدا چاونیوز شوناسی ٧ کەسی ئاشکرا کردبوو کە بەهۆی تەقینەوەی مین کوژرابوون، یان گیانیان لەدەست دابوو. بەو پێیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ناونیشانی ١٨ قوربانیی تەقینەوەی مین لە کوردستان ئاشکرا بووە کە ٨ کەسیان کوژراون و ١٠ کەسیشیان نقوستان بوون.

خاڵێکی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ تەقینەوەی مین لە کوردستان ئاشکرانەکردنی ناو و ناسناوی قوربانییان لەلایەن ناوەندی ڕەسمییەکانی حکوومەتە. بۆ نموونە مەجید کاکی، فەرمانداری شاری مێهران لە وتووێژێک لەگەڵ هەواڵدەریی "فارس" ڕایگەیاندوە کە لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا، ٧ تەقینەوەی مین لە شاری مێهران ڕووی داوە کە بەو هۆیەوە کەسێک کوژراوە و ١٠ کەسیش بریندار بووە. ئەوە لە حاڵێکدایە ناونیشانی ئەو ١١ کەسە لە هیچ سەرچاوەیەکی هەواڵ تۆمار نەکراوە.

جێی باسە ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٥٠ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٣١ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا بوو. بەپێی زانیارییەکانی "چاونیوز" لەو ٣١ کەسە ٢١ کەسیان بریندار و نقوستان و ١٠ کەسیشیان کوژرابوون.

لە ماوەی وەرزی پاییزدا دەیان کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و ناسناوی لانیکەم ١١ کرێکاری کوردی ئاشکرا کردوە بەهۆی جۆراوجۆری وەک بەربوونەوە لە بەرزایی و بڕق گرتوویی گیانیان لە دەست داوە.

چاونیوز لە وەرزی هاوینیشدا ناو و ناسناوی ١٦ کەس و لە وەرزی بەهاریشدا ناو و ناسناوی ١٥ کرێکاری گیانبەختکردوو بەهۆی ڕووداوی کاری ڕاگەیاندبوو، بەو پێیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئیستا لانیکەم ٤٢ کرێکاری کورد بەهۆی ڕووداوی کارەوە گیانیان لەدەست داوە.

بڵاونەبوونەوەی ئاماری دەقیقی ناو و نیشانی قوربانییانی ڕووداوی کار لەلایەن ناوەندە ڕەسمییەکانی حکوومەتییەوە یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئامارگیری لەو پێوەندییەدایە. بۆ نموونە بێهتاش خانیئاباد، بەڕێوەبەریی پزیشکیی یاسایی پارێزگای سنە ڕایگەیاندووە کە تەنیا لە ٤ مانگی سەرەتای ئەمساڵ لەو پارێزگایە، ١٥٩ کرێکار بە ڕووداوی کار بریندار بوون. هەروەها ڕووداوی کار پاش ڕووداوی هاتوچۆ بە دووهەمین هۆکاری مردن لە ئێران دادەنرێ. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری کرێکاران لە کوردستان کرێکاری وەرزی و هەروەها بیمەنەکراون و هیچ ناوەندێکی یاسایی چاودێرییان ناکا، کەمتر هەواڵی گیانلەدەستدان و برینداربوونیان مێدیایی دەکرێ. ئەگینا هەر بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەریی پزیشکیی یاسایی پارێزگای سنە ڕایگەیاندووە؛ لە سەرەتای ٤ مانگی ئەمساڵدا، لەو پارێزگایە، ١٥٩ کرێکار تووشی ڕووداوی کار بوون.


ژمارەی قوربانییانی ڕووداوی کار لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)شدا زیاتر لە ١٥٠ کەس بووە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و شوناسی ٧٦ کەس لەوانی تۆمار کردوە، ئەوە جیا لەو سەدان کەسەی بەهۆی ڕووداوی کار و لە نەبوونی ستاندارده ئەمنیەتییەکاندا بریندار و نقوستان بوون.

هەروەها لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هەر نەبێ ٥٠ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٢٩ کەس لەوانی تۆمار کردوە. کە کەمتەمەنترینیان کچێکی ١٣ ساڵ و بەتەمەنترینیان پیاوێکی تەمەن ٤٥ ساڵ بووە. "چاونیوز" لە ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی خۆیدا ناونیشانی ٧١ کەسی ئاشکرا کردبوو کە بەهۆی خۆکوشتنەوە کۆتاییان بە ژیانیان هێنابوو. بەو پێیە لە سەرەتای ئەمسالەوە تا ئێستا لانیکەم ١٠٠ کەس لەو سەدان کەسەت هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، بەداخەوە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو بووە.

جێی باسە کە لە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)شدا لانیکەم ١٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو، هەوڵەکانیان سەرکەوتوو ببوو.

"چاونیوز" لە کۆتاییدا ڕادەگەیەنێ کە ئەو ئامار و زانیارییانەی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان دەکاتەوە، تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێیوایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە ڕادەگەیەندرێ.

## خالید عەزیزی: کۆمەڵگەی جیهانی پێویستە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێرانەوە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی ئێران و کوردستانی ئێران ببیستێ



**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری نوێبوونەوەی ساڵی نوێی زایینیدا و لە پەیامێکدا ڕوو بۆ ڕێبەرانی وڵاتانی ئازاد و دێموکرات سەرنجی دنیای پێشکەوتوو و دێموکراتی بۆ بارودۆخی ئێرانی بن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕاکێشاوە.**

**دەقی پەیامەکە بەوجۆرەیە:**

ڕێبەرانی وڵاتانی ئازاد و دێموکرات!
دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان!

لەکاتێکدا خەڵکی وڵاتانی دێموکراتیکی دنیا بەتایبەت وڵاتانی مەسیحی لە قەیرانی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەرەو ئەوە دەچن لە نوێبوونەوەی ساڵدا ئەو دەرد و خەمانە لەبیر خۆیان بەرنەوە، بەڵام لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا سەرەڕای ئەو هەمووە نەهامەتییەی ڕێژیم بەسەر خەڵکی هێناوە، ئێعدامکردنی زیندانیی سیاسیی کورد حەیدەر قوربانی، هیندەی دیکەش خەڵکی ماتەمبار و نوقمی خەم و ئازار کرد. حەیدەر قوربانی چالاکێکی سیاسیی کورد بوو کە دوای دەسبەسەرکرانی پەروەندەی ئەمنییەتیی لەدژی دروست کرا و لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە داننان بە تاوانی نەکردوو کرا و، سەرەڕای چەندین جار ناڕەزایەتیی ئەمنێستی ئینترناشناڵ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، دواجار لە زیندانی شاری سنە ئێعدام کرا.

خەڵکی کوردستان سەرەڕای بارودۆخی سەختی ئابوورییان کە بەرهەمی ڕوانینی ئەمنیەتی دەسەڵات بۆ کوردستان و هەڵاواردنی پتری ئەو بەشە لە ئێرانە، هەروەها سەرەڕای بەردەوامیی پەتای کۆرۆنا و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی دیکە کە کۆمەڵگەی کوردستانی بە خۆیەوە گرفتار کردووە؛ بەڵام کۆڵیان نەداوە و لە خەبات و تێکۆشان و ناڕەزایەتیدەربڕین بە سیاسەتەکانی حکوومەت بەردەوام بوون. دوای ئێعدامی حەیدەر قوربانییش بۆ هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەکەی و ناڕەزایەتی بە سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی، لە مانگرتنێکی گشتیدا لە بەشێکی زۆری شارەکانی کوردستان دوکان و بازاڕەکان داخران کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمە بە هەڵوێست و شعووری بەرزی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دادەنێ کە بە نسیبەت چارەنووسی خۆی بێتەفاوت نییە و لە هەموو دەرفەتەکان بۆ مافخوازی و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کەلک وەردەگرێ.

ئێمە پێشتریش و بەردەوام گوتومانە کە کێشەی سەرەکیی ئێران نەک بەرجام، بەڵکوو پرسی بێمافیی خەڵک و کێشەی نێوان خەڵک و دەسەڵات لەسەر مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیانە. خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستانی ئێرانیش بە تایبەت بە شعووری سیاسیی بەرزی خۆیان هەمیشە لەسەر خەت بوون و بە هاتنەسەر شەقام و مانگرتن و شێوازی جۆراوجۆری دیکە، ناڕەزایەتیی خۆیان لە حکوومەت و دەسەڵات پێشان داوە و سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانییان بۆ لای ویست و داخوازەکانی خۆیان ڕاکێشاوە. بەو هیوایەی کە دنیای دەرەوەش دەنگیان ببیستێ و ئاوڕیان لێ بداتەوە.

لە بەرەبەری ساڵی نوێی زایینیدا پێ لەسەر ئەم بۆچوونە دادەگرینەوە کە ئەگەر دەتانەوێ کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی سیاسیی بەرپرسیار و وەڵامدەر بێ، دەبێ تا ئێستا زانیبێتتان کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بۆ ئێوە هاوبەشێکی سیاسیی جێی متمانە بێ. ئەو حکوومەتە یان دەبێ بڕوا بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی هۆکارێکی بنەڕەتیی تێرۆریزم و ناسەقامگیریی لەکۆڵ بێتەوە، یان دەبێ یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران بە ئاکام بگا و ڕێژیمێکی خەڵکی و دێموکرات بێتە سەر کار. ئاشکرایە حکوومەتێک کە بەرامبەر بە خەڵکەکەی، خۆی بە بەرپرسیار نەزانێ و شەرعییەتی لێ وەرنەگرتبێ، ناشتوانێ بەرپرس بێ بەرامبەر بە دنیای دەرەوە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەم ئەسڵە پێ دادەگرینەوە کە باشترین ئەهرۆمی گوشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵک و مەوقعییەتی ئەوان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا بکەن و لەو پێوەندییەدا خەڵک هیوا و ئومێدی ئەوەی پێ بدرێ کە دنیای دەرەوە چیدی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە کێشەی «بەرجام» پێناسە ناکا.

بێگومان خەڵکی ئێران و کوردستان لە ساڵی نوێی زایینیشدا بە هەموو جۆراوجۆرییە ئایینی و نەتەوەییەکان لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ دەستەبەری مافەکانیان بەردەوام دەبن و وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیش دەتوانن پاڵپشتی بزووتنەوەی مافخوازیی سەرانسەریی گەلانی ئێران بن.

به هیوای ساڵێکی خۆش بۆ سەرکەوتن هەموو لایەک.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٥ی دێسامبری ٢٠٢١**

# دنیای مەجازی و دۆشداماویی ڕێژیم


ئەییوب شەهابی‌ڕاد

ئەگەر ئینتێرنێتی جیهانی و دنیای مەجازییەکەی بۆ خەڵکی وڵاتانی ئازاد بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ گەیشتن بە چەرخی نوێی زانیاری و پێوەندییەکان، بەڵام بۆ خەڵکی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو بە گۆڕەپانی ململانێی دوو بەرەی دژبەر، لە لایەک گەشە و پێوەست بوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری خەڵک بەو دنیایەوە و، لە لایەکی ترەوە سیاسەتە چەوت و توندوتیژەکان، فیلتیرینگ و دۆشداماوی ڕێژیم.

ڕۆژ نییە بەرپرسێکی ڕژێم بە قسەی بێ‌بنەما و بێ‌مانا بەسەر دنیای مەجازیدا نەڕشێتەوە. دیارە سەرچاوەی هەموو ئەو قسە هیچەکانە، خەیاڵات و ڕک و کینەی کۆن و تازەی عەلی خامنەیین. کابرایەکی مەندیل بەسەر و کەم خوێندەواری کۆنەفەقێ، کە بەردەوام قسە لەسەر پێشکەوتنە زانستییە مودێرنەکانی وەک ئینتێرنێت و ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان دەکا. بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ناوبراو «ئەنجومەنی بەرزی فەزای مەجازی و ناوەندی فەزای مەجازی» بە مەبەستی فیلتێرینگ و هەروەها «تۆڕی ئینتێرنێتی نیشتمانی» دروست دەکرێ. کۆمەڵێک دامەزراوە کە تەنیا خێروبێریان قوتدانی بودجە و گوژمەی لەژمارنەهاتوو بووە. بەگوێرەی قسەکانی وەزیری پێوەندییەکانی سەردەمی ڕوحانی، هەتا ئێستا زیاتر لە هەزار ملیارد تمەن بۆ ئەو دامەزراوانە خەرج کراوە. کەچی وەزیری پێوەندییەکانی ڕەئیسی دەڵێ «تۆڕی نیشتمانییان لێکردووین بە دێو و درنج، بە وەڕێخستنی ١٢٠ پرۆژەی نوێ، زۆر زوو ئامانجی خۆمان لەم پێوەندییەدا دەپێکین».

سەرنجڕاکێشە کە محەممەد ڕەزا تویسرکانی، نوێنەری عەلی خامنەیی لە ڕێکخراوی بەسیج دانی بەوە داناوە کە ١٥٠هەزار مەلا لە ڕێکخراوی بەسیج بە مەبەستی پەرەپێدان بە سیاسەتەکانی ڕێژیم و هەروەها بۆ ڕاکێشانی بیروڕای خەڵک بۆ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چەند هەزار پەیجیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کردۆتەوە.

وەرزنامەی «ئاسایشی نەتەوەیی» سەر بە زانکۆی «بەرگریی نیشتمانی» توێژینەوەیەکی لەسەر کارکردی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دنیای مەجازی بڵاو کردۆتەوە و لەودا ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی مەترسی بۆسەر مانەوەی ڕێژیم زەق کراوەتەوە و لەو سۆنگەیەوە ڕێبەران ڕێژیم بە هەموو نرخێک هەوڵی کۆنترۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەدەن و لە ڕێگای سنووردارکردنی دەستپێڕاگەیشتنی خەڵک بە خزمەتگوزاریی جیهانیی ئینتێرنێت و چاوەدێری‌کردنی هەموو چالاکییەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە نێوخۆیی و بیانییەکاندا هەوڵی هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەیان دەدەن.

«تۆڕی نیشتمانی یا ئینتێرنێتی نیشتمانی»، گلۆڵەیەکی ئاڵۆزی پڕ لە گرێپووچکەیە. دوای پازدە ساڵ هیچ ئەنجامێکی نەبووە، لەو لایەشەوە خامنەیی بەگلەیی و هیوابڕاو لە کار و پێشکەوتنی کابینەکانی دەوڵەت لەمبارەیەوە، هەتا ئێستا تەنیا بابەتێکی ٢٠ ماددەیی لەسەر بەڕێوەبەری و کۆنترۆڵی دنیای مەجازی نوسیوە و بڵاو کردۆتەوە. هەندێک بابەت کە فڕی بەسەر خواست و داخوازی و هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانەوە نییە، بەڵام ڕۆژانە ورد و درشتی بەرپرسانی ڕێژیم کاوێژی دەکەنەوە. نموونەی ئەو قسە نازانستیانە، قسەکانی قالیباف، سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیمن کە دەڵێ: «پێکهێنانی تۆڕی ئینتێرنێتی نیشتمانی لە نان و ئاو پێویستترە».

بەگوێرەی ناوەندی ئاماری ڕێژیم، لە بواری پشکی فەزای مەجازی لە ژیانی خەڵکی ئێراندا دەتوانین ئاماژە بە سێ خاڵ بکەین:

یەکەم: ڕادەی بەشداریی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ٥٣ لە سەدەوە لە ساڵی ١٣٩٦، بۆ ساڵی ١٣٩٩ گەیشتۆتە ٦٥ لە سەد.

دوویەم: کەسێک کە پێشتر ڕۆژانە نزیک بە نیو کاتژمێر بە ئینێترنێتەوە خەریک دەبوو، ئێستا یەک کاتژمێر و سی و دوو خولەک سەری دە تەلیفون‌دایە و بە فەزای مەجازییەوە خەریکە.

سێیەم: خەڵکی ئێران زیاتر واتس ئاپ و ئینستاگرام بەکار دێنن و لەم دوو ئەپەدا ئەکتیڤن. هەر بەپێی ئەو ئامارە، لەنێو ئەو خەڵکەیدا کە ئەندامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، واتس ئاپ ٨٨،٥ لە سەد و پاشان ئینستاگرام بە ٦٨ لە سەد زیاترین ئەندام و بەکارهێنەریان هەیە. کەچی تۆڕە کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانی «تۆڕی نیشتمانی»هیچ کامیان ناگەن بە ٤ لەسەد.

گرانبوون و خاوی ئینتێرنیت، کۆنترۆڵ، فیلتێرینگ و سانسۆر، تۆڕی بەربەرین و پاوانکراوی مێدیای نێوخۆ، ڕێکخستنی هەزاران کەس لەژێر ناوی گوردانەکانی بەسیجی سایبێری و ئەرتەشی سایبێری، بەفیڕۆدانی بەشێکی زۆری بودجەی گشتی، هیچ کامیان کاری نەکردۆتە سەر خواست و بیری خەڵک و، حکوومەتیش لە هیچ کام لە بەرنامەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە.

بێجگە لە هەموو گیروگرفت و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێت و فەزای مەجازی، ئەم پێگەیە شتێکی جیهانی و گشتگیرە و ڕێژەی خەسارەکانی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە فەرهەنگ‌سازی و بەڕێوەبەریی تەندروستەوە هەیە، کەچی بووە بە گۆڕەپانی ململانێی تاک بە تاکی کۆمەڵگە بە تایبەت لە کۆمەڵگە داخراو و سیستەمە دیکتاتۆرەکانی وەک ئێران.

ڕوانینی خەڵک و ڕێژیم سەبارەت بە دەسکەوتە مودێرنەکانی وەک ئینتێرنێت، لێکدانی دوو تێڕوانینی دژبەیەکە، کە بەرەیەکیان لەسەر ڕێچکەی خەبات لەپێناو گۆڕان و داهاتووتەوەردا فڕچکی گرتوە و بەرەکەی دیکەش لە سەر خۆتەوەری، ژیان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەیەک دەکا بە قوربانیی پاراستنی خۆی.

***

# سیاسەتی تاک‌زمانی لە ئێران، لەنێوان پێداگریی دەسەڵات و دژایەتیی نەتەوە نافارسەکاندا*


قادر وریا

**بەرایی**

لە ئێرانی سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، هەوڵێکی بنەڕەتی بۆ چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە زمانییە سەرکوتکەرانە و لەمێژینەیە نەدراوە کە لە سەردەمی ڕەزاشاوە بەرامبەر بە زمانە نافارسییەکان هەیە. ئەگەر گۆڕانێک ڕووی داوە، جەوهەری نەبووە و، ئەم ئایدۆلۆژیایە کە لە ئێران یەک نەتەوە هەیە کە نەتەوەی ئێرانە و، زمانی ئەو نەتەوەیەش زمانی فارسییە، هەر وا باڵادەست و بەردەوامە. سەرەڕای هاتن و ڕۆیشتن و جێگۆڕکێی چەندین دەوڵەت و سەرکۆمار و مەجلیس، ئەم پرسە لە ئاستی مەجلیسی ئێران، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەتدا نەخراوەتە دەستووری کار و، بە شایانی ئەوە نەزانراوە قسەی لەسەر بکرێتەوە و پەسندکراوەکانی دەوڵەتی و حکوومەتی لەو پێوەندییەدا هەر وەک خۆیان ماونەوە.

**مکوڕبوونی یاسای بنەڕەتی و دەزگا پێوەندیدارەکانی وڵات لەسەر سیاسەتی تاکزمانی**

بۆ ناسینی سیاسەتی زمانیی دەوڵەتێک دەبێ بڕوانینە بڕیارەکانی ئەو دەوڵەتە لەبارەی زمان کە لە بەڵگەنامەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. یاسای بنەڕەتیی وڵات گرنگترین بەڵگەنامەی هەر وڵاتێکە. ئەو ماددە و بنەمایانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ زمان لە دەستوور (یاسای بنەڕەتی)ـی وڵاتدا هەن، یەک لە پێوەرەکانی ناسین و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمانیی ئەو وڵاتەن. پێڕەوی نێوخۆ و پەسندکراوەکانی دامەزراوە پێوەندیدارەکانیش بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور، بەتایبەتی فەرهەنگستانەکان، پێوەرێکی دیکەیە. لە ئێران چەند بەڵگەنامەی دیکەش هەن کە درێژە و تەواوکەری ڕوانین و سیاسەتی دەوڵەت و دەسەڵاتداریێتی لە مەڕ پرسی زمانن. لێرەدا هەوڵ دەدرێ بەکورتی ئاماژە بە ژمارەیەک لەو دامەزراوانە و پەسندکراوەکانیان بکرێ:

لە دەستووری وڵاتی ئێراندا ٣ ماددە هەن کە پێشاندەری سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامین. ماددەکانی ١٥-١٦ و١٩. ماددەی ١٥ کە باسی بەفەرمی‌بوونی زمانی فارسی لە وڵاتی ئێراندا دەکا و ماددەی ١٦ ئاماژە بەوە دەکا "بەو هۆیەوە کە زمانی قورئان و مەعاریفی ئیسلامی، عەرەبییە و ئەدەبیاتی فارسی بە تەواوی لەگەڵیان تێکەڵاو بووە، ئەم زمانە دەبێ پاش قۆناغی سەرەتایی هەتا کۆتایی قۆناغی ناوەندی لە هەموو پۆلەکان و لە تەواوی لقەکاندا بخوێندرێ."

لە ماددەی ١٩یشدا هاتوە: "خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و هۆزێک بن، مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ، نەژاد، زمان و شتی لەو چەشنە نابن بە هۆی ئیمتیاز". ئەگەر لە ماددەی ١٥ی ئەو قانوونەدا، فارسی، وەک زمان و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران پێی لەسەر داگیرابوو و تێیدا هاتبوو کە "بەڵگەنامەکان و نامەنووسین و دەقە ڕەسمییەکان و کتێبەکانی خوێندن دەبێ بەو زمان و خەتە بن"، لە ماددەی ١٦هەمیشدا، زمانی عەرەبی، بەو هۆیەوە کە زمانی قورئان و مەعاریفی ئیسلامییە، پلەی دووهەمی گرنگی‌پێدرانی لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. (قانون اساسی جمهوری اسلامی، ١٣٦٨)

بەڵام زمانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران، کە زۆربەشیان لە بنەماڵەی زمانە ئێرانیەکانن، لە دەستووری وڵاتدا، وەک زمانی خۆجێیی و قەومی چاویان لێ کراوە و تەنیا "بوونی چاپەمەنی بەو زمانانە و خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسی" ڕێگەی پێ دراوە.

فەرهەنگستانەکان بەتایبەتی فەرهەنگستانەکانی تایبەت بە زمان لە هەموو وڵاتان لەو دامەزراوانەن کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زمانیدا هەیە. ئەوان بۆ بەرنامەڕێژیی زمانی ڕادەسپێردرێن و مافی بڕیاردان لەبارەی پرسە زمانییەکانیان پێ دەدرێ. "فەرهەنگستانی زمانی فارسی" لە ئێران کە مێژوویەکی ١٠٠ ساڵەی هەیە، گرنگترین دامەرزوی بەرنامەداڕشتنی زمانییە. ئەو فەرهەنگستانەی لە سەردەمی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، فەرهەنگستانی سێهەمە (فەرهەنگستانی یەکەم هی سەردەمی موزەفەرەدین شای قاجار و، فەرهەنگستانی دووهەمیش هی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی بوو) و ساڵی ١٣٦٩ دوای ١٣ ساڵ داخران، بەرنامەداڕشتنی زمانیی دەست پی کردەوە."

**ئامانجەکانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی بریتین لە:**

١- پاراستنی بەهێزی و ڕەسەنایەتیی زمانی فارسی وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ئێران و زمانی دووهەمی جیهانی ئیسلام و هەڵگری مەعاریف و کولتووری ئیسلامی.

٢- پەروەردەکردنی زمانێکی خاوێن و گەیەنەر بۆ دەربڕینی هزرە زانستی و ئەدەبییەکان و پێکهێنانی هۆگری بە شتە باشەکانی مەعاریفی مێژوویی لە نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوودا.

٣- برەوپێدانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و بەرینکردنەوەی پانتایی قەڵەمڕەویان لە نێوخۆی وڵات.

٤- پێکهێنانی هەوێنی هەڵدان و کرانەوە لە زمانی فارسیدا بەگوێرەی پێویستییەکانی سەردەم و ژیان و پێشکەوتنی زانست و هونەرە مرۆییەکان وێرای پاراستنی ڕەسەنایەتییەکەی." (اساسنامه فرهنگستان زبان و ادب پارسی)

لە بەشی ئەرکەکانی ئەو فەرهەنگستانەش لە پێڕەوی نێوخۆیدا ٩ ئەرک گونجێندراون کە بەپێی ئەوان، فەرهەنگستان، هیچ ئەرک و خزمەتێکی زمانە نافارسییەکانی ئێرانی نەخستووەتە سەرشانی خۆی. تەنیا لە یەکێک لەو ئەرکانەدا ئاوڕ لە "زمانە خۆجێیەکان" دراوەتەوە، ئەویش وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردن و خزمەتی زمانی فارسی: "کەلکوەرگرتنی دروست لە زمانە خۆجێیەکان (لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران) بە مەبەستی بەهێزکردن و تەیارکردنی ئەم زمانە و دەوڵەمەندکردن و بەرینکردنەوەی پانتایی ئەرکەکانی." (سەرچاوەی پێشوو)

**جۆر و شێوازەکانی دژایەتی لەگەڵ زمانە نافارسییەکان**

دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەی ئێران، وێڕای ڕێگەنەدان بە خوێندن بەو زمانانە، بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتیی بووژانەوە و گەشەکردنی زمانە نافارسییەکان دەکەن. "ئاستەنگەکانی زمانی کوردی لە ئێران لەسەر پلەبەندییەکی ناهاوشانیی زمانەکان، دەسەڵات و بەکارهێنانی سەرچاوەکان دامەزراوە و زۆر بە چڕی پێوەندییان بە سیاسەتی داگیرکارییانەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانەوە هەیە و کۆمەڵێک هۆکاری لێکگرێدراو بە ئایدۆلۆژیای زمانیی داگیرکارییانە تێوەی گلاون." (سورخی، ٢٠١٩)

ئەگەر زمانێک -وەک زمانی کوردی، لە ئاکامی خەبات و پێداگریی ئاخێوەرانیدا- دەرفەتێکی بۆ بڵاوکردنەی چاپەمەنی بەو زمانە بۆ ڕەخساوە، یا ڕێگەی پێ دراوە بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنیی پێ بڵاو بێتەوە، بەئەنقەست سیاسەتێکی مەبەستداریان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانیدا گرتووەتە بەر کە ئامانجەکەی لاوازکردن و دابەزاندنی ئاست و سەنگی ئەو زمانەیە. "بە هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا، حکوومەت هەوڵی دا، وا بنوێنێ کە زمانی کوردی بەگشتی شاعیرانە، گوندی و فۆلکلۆرییە و لەم ڕوانگەیەوە پشتگیریی لە جۆرێکی تایبەت لە فرەزمانی کردووە. بۆ نموونە لە کوردستان بە دانی ئیمتیازی فەرهەنگی وەک دامەزراندنی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی)، گۆڤاری "سروە" و چەند گۆڤارێکی دیکە (ئاوێنە، ئامانج و..)، کە لە ناوەڕۆک و ستافی نووسەرانی، زۆر لە سروە جیاواز بوون، لە لایەک زمانی کوردی تەنیا لە بوارە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکەیدا سنووردار بکات (بە شێوەیەک کە تەنیا ڕێگە بە بابەتە فەرهەنگی، ئەدەبییەکان بدا بە شێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵکراو)، و لەلایەکی دیکەوە، نیگەرانییەکانی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشی لەمەڕ ڕەچاوکردنی مافی زمانی کەم کردبێتەوە. بەڵام لەڕاستیدا، مەبەستی ئەوە بوو ئەو توێژە لەو هێزە سیاسییانەی هەوڵی مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی کوردییان بەشێوەیەکی سیاسی دەدا، دوور بخاتەوە، یان هەر نەبێت ئەم بابەتە لە ئاستێکی فەرهەنگیی کاناڵیزەکراودا کۆنترۆڵ بکات."(سورخی،٢٠١٦) هەڵبەت ئەمە بەو مانایەش نییە کە لە شێعر یان ئەدەبدا بەرگری نییە، یان لێرەیشدا ڕەوتەکە تەواو بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە دەسەڵاتی ناوەندی بە شێوەیەکی "هێژێمۆنی" مەبەستی بووە، چونکە هێژێمۆنیش بەرگری و مقاومەتی بەرامبەر دروست بووە و کورد و ئەدیبانی کورد تا ڕادەیەک ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە.

ئامانجی سیاسەتی ڕێگەپێدانی بوونی چاپەمەنیی کۆنترۆڵکراوی کوردی لە بنەچەدا وڵامدانەوەیەکی لانیکەمی بە داوا و چاوەڕوانییە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خەڵک و، لە ئاکامدا دوور خستنەوەیان لە حیزب و ڕێکخراوە کوردەکانی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامییە، نەک سیاسەتێکی زمانیی دێموکراتیک و سەردەمیانە. هەربۆیە لە پەنا ئەم سیاسەتە ڕواڵەتی و فریوکارانەیەدا، دژایەتیکردن لەگەڵ بە فەرمی ناسین و برەوپێدرانی زمانەکە لە ئاست و بواری جیاوازدا، بە زۆر شێوە درێژەی هەبووە. ئەم جۆرە سیاسەتە "لەسەر زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەیش، تەواو بێ‌کاریگەری نەبووە. ئەم تەسککردنەوەی زمان، بەدوور لە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی قسەپێکەرانی زمانەکە، بووە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگی زاراوەی کەم (بەتایبەتی لە ئاستی زارەوە زانستی و تەکنیکییەکان)، کە لەسەر ڕەچەڵەکی فەرهەنگی کشتوکاڵی دامەزراوە، جیاوازییە ناوچەییەکان، نفووزی بەهێزی زارە ناوچەیییەکان، یاسای ڕێزمانی نەمیو (نەنووسرانەوەی بە شێوەی ڕێزمانێکی ستاندارد)، ببنە تایبەتمەندیی ئێستای زمانی کوردی لەم سەدەیەدا." (سەرچاوەی پێشوو)

جۆری هەڵسوکەوتی کاربەدەستان لەگەڵ بەکارهێنانی زمان و دیالێکتە جیاوازەکان لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی پارێزگا و ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا، جێگای تێڕامانە. بەرنامەڕێژیی ئەو دەزگایانە بۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامە بە زمانی کوردی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ کە لە ناوەندەوە ئەرکدار کراون، هۆشیان بە سیاسەتی تاکزمانیی ئێرانەوە هەبێ. بەو واتایە کە جۆرێک نەجووڵێنەوە کە خزمەتی یەکگرتوویی زمانە نافارسیەکە و بەهێزبوونی پێگەی زمانەکە لای ئاخێوەرانی بکەن و بەم جۆرە، داهاتووی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران بخەنە مەترسییەوە.

"حکومەت لە ناوەندی پارێزگاکان تەلەویزیۆنی بە زمانی کوردی کردۆتەوە، بەڵام ئەم تەلەویزیۆنانە نەک خەڵک فێری زمانی کوردی ناکەن بەڵکوو جۆرێک لە زمانی کوردی پەرە پێ دەدەن کە پڕیان کردووە لە وشەی فارسی، بە جۆرێک کەسێکی فارسی‌زمان کە هیچ لە کوردییش نەزانێ بەبێ کێشە لەو زمانە کوردییەی تەلەویزیۆن و میدیا کوردییەکانی حکومەتی ئێران تێدەگات. بینەرێکی فارس زمان کە کوردی نازانێت ... کاتێک بەڕێکەوت سەیری کەناڵەکانی سنە و کرماشان و ئیلام دەکات بەبێ هیچ کێشەیەک هەمووی تێدەگات، چونکە هەموو وشەکانیان فارسین بەڵام وشە فارسییەکان بە شێوەی کوردی دەخوێننەوە." (پەیسەرپرێس، ٢٠١٧)

هاندان و وەخەبەرهێنانی هەستی ناوچەگەرێتی و زاراوەگەرێتی لەنێو ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی دیکە، ڕێگەیەکە بۆ بەئامانجگرتنی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نێوان تاکەکانی ئەو نەتەوانە و لاوازکردنی. کاربەدەستان بەم ڕێگایە دەیانەوێ پێش بە پێکهاتنی زمانی ستاندارد لەنێویاندا بگرن، یا ئەگەر وەک نەتەوەی کورد خاوەنی زمانی یەکگرتوو و ستانداردن، لە دەوری ئەو زمانە ستانداردە کۆ نەبنەوە. ئەوەش لە کاتێک‌دایە کە فەرهەنگستان و دامەزراوەکانی دیکەی پاراستن و خزمەتی زمانی فارسی، بڕیار و ڕێوشوێنی تایبەت لە پێناوی باڵادەستیی زمانی "معیار"ی فارسی پەسند دەکەن. "حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ی دەستوور پڕۆژەیەکی ئامادە کردووە کە بەپێی ئەم پڕۆژەیە هەر ناوچەیەک و گەڕەکێک و گوندێک بە بن‌زاراوەی خۆیان بخوێنن، بۆ نموونە لە شارێکی وەک سەقز کە چوار ناوچەی جیاوازی گەورک و تیلەکۆ و موکریان و سەرشیوی هەیە و هەرکام لەو ناوچانە بن‌زاراوەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەپێی پڕۆژەکەی حکومەت لە سەقز بە چوار بن‌زاراوەی جیاواز ڕێگە دەدرێ منداڵان فێری زمانی کوردی بکرێن. ئەم پلانەی حکومەت مەترسییە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەگەر مەبەستی حکوومەت گرنگیدان بە بن‌زاراوەکانە بۆچی ڕێگە نادات لە ناوچە فارسەکانیش خەڵک لە هەر ناوچەیەک بە بن‌زاراوەی خۆیان بخوێنن؟" (شەجیعی، سەرچاوەی پێشوو)

بەدگومانی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دەرەتانە سنووردارانە کە لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بۆ زمانە نافارسییەکان، یەک لەوان زمانی کوردی پێکهاتوون، لایەن و

**ئامانجی سیاسەتی ڕێگەپێدانی بوونی چاپەمەنیی کۆنترۆڵکراوی کوردی لە بنەچەدا وڵامدانەوەیەکی لانیکەمی بە داوا و چاوەڕوانییە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خەڵک و، لە ئاکامدا دوور خستنەوەیان لە حیزب و ڕێکخراوە کوردەکانی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامییە، نەک سیاسەتێکی زمانیی دێموکراتیک و سەردەمیانە. هەربۆیە لە پەنا ئەم سیاسەتە ڕواڵەتی و فریوکارانەیەدا، دژایەتیکردن لەگەڵ بە فەرمی ناسین و برەوپێدرانی زمانەکە لە ئاست و بواری جیاوازدا، بە زۆر شێوە درێژەی هەبووە**

ڕەهەندی جۆراجۆری هەیە. تەنانەت لە ئاستی کەسانی ئاکادیمی و شارەزای زمانی کوردیدا، جۆری هەڵسوکەوتی دامودەزگاکانی سەر بە حکوومەت لە گەڵ ئەو زمانانە، نیشانەی پرسیاریان خراوەتە سەر و بە "زمانکوژی" ناودێر کراون. دابەزاندنی سەنگی ئەو زمانانە تا ڕادەی زمانێکی بێپێز و نەگونجاو بۆ کاری ئەدەبی و زانستیی سەردەم، وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە زمانییە سەیری دەکرێ." تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاستی زمانی کوردییان دابەزاندووە و لە بەرنامەکانیاندا کولتووری کوردی وەک کولتوورێکی دواکەوتوو نیشان دەدەن، ...تەلەڤیزیۆنی ئیلام لە بەرنامەکانیدا بنزاراوەیەکی ئیلامی تێکەڵ بە زمانی فارسی دەکات و بەم شێوەیە ئەم کەناڵە هەوڵی تێکدان و لاوازکردنی زمانی کوردی دەدات." (بازئەفکەن، سەرچاوەی پێشوو)

لە حاڵێکدا ڕێنووسی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی ئارامی لە ڕێنووسی فارسی و نووسینی ئەو زمانە بە ئەلفوبێی ئارامی زۆر بێکێشەترە و، لەم بارەیەوە زمانی کوردی ڕێنووسێکی سەقامگیری هەیە، لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی ئێراندا بەئانقەست کوردی بە ڕێنووسی فارسی دەنووسن! هۆگران و شارەزایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە ئەمجۆرە هەوڵانە بەڕێکەوت نین. بەڵکوو هەوڵێکن بۆ تێکدان و بەلاڕێدا بردنی زمانی کوردی. ئەوان لەو باوەڕەدان هەندێک ناوەندی ئەمنییەتی لە پشت ئەم جۆرە هەوڵانەن و ئامانجیشیان تێکدان و لەخشتەبردنی زمان و ڕێنووسی کوردی و سووککردنی و دوور خستنەوەی خەڵکە لە فێربوونی ئەو زمانەیە. "دوکتور بەختیار سەجادی نووسەر و شارەزای زمانی کوردی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی حکومەت بە زمانکوژ ناو دەبات و دەڵێت ئەم کەناڵانە نەک کار بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی ناکەن بەڵکو ناوەرۆکەکەیان بریتییە لە هەندێک شتی گاڵتەجاڕانەی کە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەورووپا لە شانۆکاندا بەڕێوە دەچوو." (پەیسەر، ٢٠١٧)

**هاندان و وەخەبەرهێنانی هەستی ناوچەگەرێتی و زاراوەگەرێتی لەنێو ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی دیکە، ڕێگەیەکە بۆ بەئامانجگرتنی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نێوان تاکەکانی ئەو نەتەوانە و لاوازکردنی. کاربەدەستان بەم ڕێگایە دەیانەوێ پێش بە پێکهاتنی زمانی ستاندارد لەنێویاندا بگرن، یا ئەگەر وەک نەتەوەی کورد خاوەنی زمانی یەکگرتوو و ستانداردن، لە دەوری ئەو زمانە ستانداردە کۆ نەبنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە فەرهەنگستان و دامەزراوەکانی دیکەی پاراستن و خزمەتی زمانی فارسی، بڕیار و ڕێوشوێنی تایبەت لە پێناوی باڵادەستیی زمانی «معیار»ی فارسی پەسند دەکەن**

ڕێگریکردن لە دانانی ناوی کوردی و هەروەها ناوی وەرگیراو لە زمانە نافارسییەکانی دیکە لەسەر کەلوپەلی بەرهەمهێنراو یا لەسەر ناوی دوکان و پاساژ و شوێنی جۆراوجۆری دیکە، تەنانەت کۆسپ دروستکردن لە بەردەم دانانی زۆرێک لەو جۆرە ناوانە لەسەر منداڵان، ڕوویەکی دیکەی ئەو دژایەتییەی دەسەڵاتداران لە گەڵ برەوپەیداکردنی وشەی ئەو زمانانە و پەلهاویشتنیان بۆ چاپەمەنی و ڕاگەیەنە سەرانسەرییەکانی ئێرانە. لەکاتێکدا لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە ویستی ڕێبەران و کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتە، بە هەزاران وشە و دەستەواژەی دیکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونە نێو زمانی فارسی، وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی کوردی، بلووچی و لوڕی و هتد و دانانیان وەک ناو لەسەر شەقام و مەیدان و کۆڵان و دوکان و بنکە و ناوەندی کولتووری، دژایەتیی لەگەڵ دەکرێ و، تابلۆی ناوەکان لە لایەن "ادارە اماکن" کۆ دەکرێتەوە. هەر وا بزانە عەڕەبی، زمانێکی ئێرانییە و، زمانەکانی کوردی، بلووچی و لوڕی، نائێرانین یا ئاخێوەرانیان ئێرانی نین. "گۆڕینی ناوی کوردیی ژمارەیەک لە گوندەکان، کانیاوەکان، کێوەکان و شوێنە مێژووییەکانی کوردستان و دانانی ناوی ناکوردی لە جێگایان، هەوڵێکی دیکەی کاربەدەستانی ئێرانە کە ئەگەر مەبەستی گۆڕین و شێواندنی دیموگرافیی ناوچە کوردستانییەکانیشی لە پشت نەبێ، سڕینەوەی بەرەبەرەی ناوە کوردییەکان و جێگیرکردنی ناوی ناکوردی لەجێی ئەوانی مەبەستە." (ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ٢٠١٧)

جەوهەر و نێوەرۆکی ڕەگەزپەرستانە و تاکزمانیی سیاسەتی زمانیی دەسەڵاتی ئێران ئەوکاتە بێپەردەتر خۆی دەردەخا کە پرسی خوێندن بە زمانە نافارسییەکان، لەژێر گوشاری ئەو نەتەوانەدا، بەرەوڕووی مەجلیس و سەرکۆمار و دەوڵەت دەبێتەوە و لە باس و بەڵێنی هێندێک نوێنەرانی مەجلیس و بەرپرسانی دەوڵەتیدا جۆرێک نەرمینواندن و ڕووی خۆش بەو داوایانە نیشان دەدرێ. لەم جۆرە کاتانەدا فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی پارسی دەبێتە پێشەنگی دژایەتی لەگەڵ ئەو جۆرە نەرمینواندنانە و، وریایی دەدا بە گەورە کاربەدەستان. ئەندامانی ئەو فەرهەنگستانە ئەم جۆرە داوایە، بە "وارداتی"(لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوو)، مەترسی بۆ سەر زمانی فارسی و پیلان بە مەبەستی لاوازکردنی، مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران و گەڕانەوە بۆ دواوە و ملدان بۆ دواکەوتوویی دەناسێنن:

"گومانم نییە کە ئەو باسە لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ ئێران هاتوە. پێشتر ئەم مەسەلەیە لە هیندوستان لە لایەن ئینگلیزەوە تاقی کرایەوە و ئەمڕۆش ئینگلیز و وڵاتانی باکووری ئێرانن کە دەیانەوێ ئەم پرسە بخەنە نێو ئێران. باشترین ئامراز بۆ ڕاگرتنی نەتەوەیەک لە دواکەوتوویدا، کەمتەرخەمی لە ئاست زمانەکەیەتی. ئەگەر بمانەوێ زمانەکانی دایک وەک زمانی زانستی و فێرکردن بە کار بێنین، بە دڵنیاییەوە دەگەڕێینە دواوە کە ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و بۆنی پیلانی لێ دێت." (موجتەبایی، ٢٠١٤)

"ژمارەیەک وا بیر دەکەنەوە کە هۆگری بە قەومییەتێک واتە خوێندن بە زمانی ئەو قەومە، بەڵام ئەمە بابەتێکی زۆر مەترسیدارە. ئێمە لە ئێران شانسمان هەبوو کە فیردەوسییەکی گەورە توانیویەتی بناغەیەکی مەحکەم بۆ زمانی فارسی پێک بێنێ و ئەمڕۆ ئێمە لە تەنیشت دینی ئیسلام شانازی بە وەها زمانێکەوە دەکەین." (نیساری، ٢٠١٤)

پێوەری فێرکاریی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، زمانی پێوەر(معیار)ە. دیارە زمانی دیکەش هەن کە جێگەیان ڕوونە، بەڵام ئەوەی دەبێ پێی بخوێندرێ، زمانی فارسییە... نەکا لە کیسەی سامانە نەتەوەییەکانی وەک زمانی فارسی بۆ سەرکەوتنە کاتی و بێئاکامەکانی ئەم باڵ ئەو باڵ، خەرج بکەین." (حەدداد عادل، ٢٠١٤)

### ناکامیی سیاسەتی تاکزمانی لە پێکانی ئامانجەکانیدا:

سیاسەتی تاکزمانی هەر لە سەردەمی ڕەزاشاوە تا ئێستا لە خزمەت ئایدۆلۆژیای بنیاتنانی "یەک وڵات-یەک نەتەوە"دا بووە. وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، سڕینەوەی ناسنامەی جۆراوجۆریی نەتەوەیی و زمانی و، وەکیەکلێکردنی دانیشتووانی ئێرانی پێویست بووە. بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئێران لە"نەتەوەی ئێران" دا قاڵ ببنەوە و، ئەو نەتەوەیەش خاوەنی یەک زمان- زمانی فارسی - بێت، تواندنەوەی زمانەکانی دیکە لە زمانی فارسیدا یا سەرکوت و لاوازکردن و پشتگوێخستنیان لەپێناوی باڵادست هێشتنەوەی زمانی فارسیدا، هەر وەها بەسەرداسەپاندنی ناسنامەی نەتەوەی بە زۆر دروستکراوی ئێرانی بە سەریاندا، بە ئاسایی و سروشتی زانراوە.

١٠٠ ساڵی تەواوە زمانە نافارسییەکانی ئێران لە سۆنگەی ئەو ئایدۆلۆژیایە و مەزنیخوازیی نەتەوە و زمانی فارسیدا، سەرکوت دەکرێن و پشتگوێ و پەراوێز دەخرێن. ئێران، نیشتمانێکی خاوەن زۆر جۆراوجۆریی نەتەوەیی، قەومی و زمانییە. جۆراوجۆرییەک کە زیانێکی زۆری لە ئەزموونی سەد ساڵ سیاسەتی یەکسانکردن دیتووە. ئێستا و بە بەراورد لەگەڵ سەد ساڵ لەوە پێش، ژمارەیەک زمان و دیالێکتی باوی ئێران بە هۆکاری جیاواز لەنێو چوون یا لەگەڵ مەترسیی لەنێوچوون بەرەوڕوون." (عەلەوی، ٢٠١٤ )

١٠٠ ساڵە ئەوەندەی زمانی فارسی پشتئەستوور بە یاسای وڵات، سیاسەتی زمانی و سەرچاوەی دارایی و ئیمکاناتی بێدریغی دەسەڵات، خزمەتی دەکرێ و بواری گەشەکردن و پەرەگرتنی بۆ دەرەخسێندرێ، لەو ١٠٠ساڵەدا هەر بەو ڕادەیەش دژایەتیی زمانەکانی دیکە کراوە. خەسارناسی و بەراوردی ئەو زیانە زۆرانەی زمانە نافارسییەکان، لەسۆنگەی ئەو سەرکوتە زمانییە تووشیان هاتوە، بەدواداچوون و توێژینەوەی تایبەت و تێر و تەسەل، دەخوازێ. زمانی فارسی، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و وەزارەتی خوێندنی باڵا و فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و سەدان زانکۆ و دەیان دامەزراوەی تایبەتیی دیکەی هەن کە بە شێوەیەکی بەردەوام خزمەتی دەکەن، قامووسی وشەکانی دەوڵەمەند دەکەن، توێژەران و زمانەوانان بۆ توێژینەوەی زانست لە پێوەندی لەگەڵ بوار و ئاستە جیاوازەکانی ڕادەسپێرن، زمانەوان و کادیر و شارەزای تایبەت بۆ خزمەتکردن ونوێکردنەوە و، مەیدانداریی زمانەکە لە ئاستی جیهانیدا پێ دەگەیەنن. بەڵام زمانە سەرکوتکراوەکان، بێجگە لە هۆگریی ئاخێوەران بە زمانەکەیان و خزمەتی دڵسۆزانە و خۆبەخشانەی ژمارەیەکی سنووردار زمانەوان، توێژەر، فەرهەنگنووس، نووسەر، وەرگێر، شاعیر و هتد، ئیمکانێکی وایان نییە. بەو حاڵەش ئەو جۆرە کەسانە بەردەوام لەگەڵ هەڕەشەی گرتن و لێپێچینەوەی کاربەدەستان بەرەوڕوون.

**ئەگەر زمانێک -وەک زمانی کوردی، لە ئاکامی خەبات و پێداگریی ئاخێوەرانیدا- دەرفەتێکی بۆ بڵاوکردنەی چاپەمەنی بەو زمانە بۆ ڕەخساوە، یا ڕێگەی پێ دراوە بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنیی پێ بڵاو بێتەوە، بەئەنقەست سیاسەتێکی مەبەستداریان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانیدا گرتووەتە بەر کە ئامانجەکەی لاوازکردن و دابەزاندنی ئاست و سەنگی ئەو زمانەیە**

گرتن و ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیران، نووسەران، زمانەوانان و چالاکانی کولتووریی نەتەوە نافارسەکان، بەتایبەتی کوردەکان و، کەند و کۆسپ دروستکردن بۆ مامۆستایان و فێرکارانی زمانی دایک و، ڕێگری لە تێکۆشان و خزمەتیان بە زمانەکەی خۆیان، لایەنێکی دیکەی ئەو سەرکوتە زمانییەیە کە کاربەدەستان هیچ کات لێی غافڵ نەبوون. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنە کولتوورییەکان لە شارەکانی کوردستان، داخستنی گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان، ڕێگری و کۆسپ سازکردن بۆ خوێندنگەکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی، بانگکردنی چالاکانی بواری خزمەتی زمانی کوردی بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دروستکردنی پەروەندە بۆیان بووە بە شتێکی ئاسایی. "ئەم ڕەوتە بۆ دوو پارێزگەی کرماشان و ئیلامیش پەلی هاویشتوە. بە تایبەتی دوای گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی و ناسنامەخوازانەی خەڵک لەو دوو پارێزگایە و ناکامیی کۆماری ئیسلامی لە دنەدانی هەستی ئایینیی ئەو خەڵکە کە زۆرایەتییەکەیان شیعە مەزهەبن، ئەو گرتن و ڕاوەدوونانەی چالاکانی بواری زمان و ڕۆشنبیری زیادی کردوە. "(قورەیشی، ٢٠١٩) ئەم گوشارهێنان و بەربەست دروستکردنە تەنانەت گەیشتووتە شار و ناوچە کوردنشینەکانی خوراسانی باکووریش.

داوای خوێندن بە زمانی دایک و بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر ستەم و سەرکوتی زمانی، لە نێو هەموو نەتەوە نافارسەکاندا لە زیادبووندایە. لە گۆڤار و بڵاوکراوە و ماڵپەرەکانی چالاکانی کولتووریی سەر بەو نەتەوانەدا، هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر نووسین، داواکاری، توێژینەوە، و بابەت لەبارەی سەرکوت و هەڵاواردنی زمانی بڵاو دەبنەوە. هەموو ساڵێ لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، چالاکیی جۆراوجۆر بە تایبەتی لە زانکۆکانی وڵاتدا، لە لایەن مامۆستایان، خوێندکاران، نووسەران و تێکۆشەرانی دیکەی بواری کولتووریی ئەو نەتەوانە وەڕێ دەخرێن کە نێوەرۆک و پەیامی سەرجەمیان ناڕەزایەتیدەربڕین لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامی و پێداگرتنەوە لەسەر مافە زمانییەکانی خۆیانە. بزووتنەوەی داوای بە فەرمی ناسینی زمانە نافارسییەکان و مافی خوێندن بەو زمانانە، بە ڕادەیەک پەرەی گرتوە کە بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و مەجلیسی ئێران، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە نێو نەتەوە نافارسەکان، ئاوڕ لەو داواکارییانە دەدەنەوە و بەڵێن دەدەن ئەگەر لە هەڵبژاردن سەربکەون، بۆ جێبەجێکردنیان تێ بکۆشن. بەڵام هەتا ئێستاش سیاسەتی زمانیی ئێران هەروا نەگۆڕ ماوەتەوە و کەمترین ئامادەیی بۆ چاوپێداخشاندنەوەی لە دەسەڵاتی ئێراندا بەدی ناکرێ. ئەمەش وای کردوە، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر "هەستی خۆ بە ئێرانیزانین"ی نەتەوە نافارسەکان هەبێ و "ئێرانیبوون"ی خۆیان لەگەڵ بێبەشی لە مافە زمانییەکانیان و سەرکوت و سڕانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بە یەکسان بزانن.

***

**تێبینی:**

– ئەم بابەتە، تەوەرێکە لە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ کە لە بەر سنووورداربوونی لاپەڕەکانی "کوردستان" تەنیا ئەم تەوەرەیمان بڵاو کردەوە.

– لیستی سەرچاوەکان لە ئەرشیڤی "کوردستان"دا پارێزراون.

# زارا محەممەدی:
# ئەمە ڕەنگبێ کۆتایی پەروەندەیەک بێ، بەڵام سەرەتای ڕێگەیەکە

زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی لەلایەن دیوانی بەرزی ڕێژیمەوە بە پشتبەستن بە ماددەی ٤٧٧ بۆ جاری دووهەم سزای ٥ ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپا و ئەو سزایە بە مەبەستی جێبەجێکردن بەڕێی بەشی ئیجرای ئەحکامی دادگای شاری سنە کرا.

زارای تەمەن ٢٨ ساڵ لەدایکبووی گوندی سەراوڵەی شاری دێولان سەر بە پارێزگای سنەیە و بڕوانامەی کارناسیی باڵای ژێئۆپۆلۆتیکی لە زانکۆی بیرجەند وەرگرتووە. ئەو چالاکە مەدەنییە ماوەی ١٠ ساڵە لە گوندەکانی دەورووبەر و نێوشاری سنە و بە گشتیی پارێزگای سنەدا وانەی کوردی دەڵێتەوە و لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی نۆژین بووە کە ٦ ساڵ پێش دامەزرا و دواتر بەکۆی دەنگی ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوە، وەکوو بەرپرسی ڕێکخراو هەڵبژێردرا.

زارا محەمەدی ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی لە ماڵی خۆیان لە شاری سنە دەسبەسەر و ڕۆژی دووشەممە ١١ی سەرماوەزی هەمان ساڵ بە دانانی بارمتەی ٧٠٠ میلیۆن تمەنی و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا و دواتر لە مانگی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی لەلایەن لقی یەکەمی دادگای ئینقلابی سنەوە بە سەرۆکایەتیی قازی"سەعیدی"، بە تۆمەتی پێکهێنانی گرووپ لەدژی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، سزای ١٠ ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپا. لە ڕێبەندانی ١٣٩٩ و بەهۆی ناڕەزایەتیدەربڕینی ناوبراو، سزای ١٠ساڵ بەندکرانی زارا لە لقی ٤ی دادگای پێداچوونەوە بۆ ٥ ساڵ بەندکران کەم کرایەوە و ئەو حوکمە لە دیوانی بەرزی ڕێژیمدا پشتڕاست کرایەوە.

پێشتر ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای ئازادی بێمەرجی زارا محەممەدی چالاکی مەدەنیی کوردی لە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی کردبوو. ئەو ڕێکخراوەیە لە نامەیەک ڕوو بە محەمەد جەباری، داواکاری گشتیی پارێزگای کوردستان (سنە) گوتبووی: "زارا چالاکی مەدەنیی کورد، کە چالاکییە مەدەنییەکانی بۆ بردنەسەرەوەی وشیاریی نەتەوەی کوردە، ئەو لەسەر زمانی کوردی کاری کردوە، بەڵام تۆمەتی هاوکاریی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی خراوەتە پاڵ و ئەوە ناڕەوایە و دەبێ ئازاد بکرێ."

زارا محەممەدی، بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی نۆژین لە بڵاوکراوەیەدا دەڵێ کە هەموو چالاکییەکانی لە چوارچێوەی کارەکانی ئەنجوومەنی "نۆژین"دا بووە کە کار بۆ ناساندنی زمان و شوناسی کورد دەکا و دەڵێ لە تەواوی وانەکانمدا باسم کردووە کە پرسی زمانی کوردی پەیوەندیی بە شوناسی کوردەوە هەیە نەک تەنیا فێربوونی ئەلفوبێی زمان؛ ئەوەش وەکو گرنگترین کارەکانمان بووە.

پەیامی زارا محەممەدی دوای سەپاندنی ٥ ساڵ زیندانی بەسەریدا، "کورت" بەڵام "واتادار"ە. ئەو دەڵێ "ئەمە ڕەنگبێ کۆتایی پەروەندەیەک بێ، بەڵام سەرەتای ڕێگەیەکە".



# «زارا»
# هێمای بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیەک

زۆربەی نەتەوەکان، بە زمانەکەیان لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە. زمانی کوردی گرنگترین و دیارترین فاکتەری ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەی کوردە؛ بۆیە دوژمنانمان، زۆرترین هەوڵیان بۆ سەرکوت و تواندنەوەی زمانەکەمان بووە. ئەوان دەیانەوێ زمانەکەمان لێ بستێنن تا ناچار بین بە زمانی خۆیان بدوێین و بەم جۆرە بیسەلمێنن کە ئێمە نەتەوە نین و، شیاوی ژێردەستی و قاڵبوونەوە لە نەتەوایەتیی ئەواندایین.

"زارا محەممەدی" کە مامۆستای خۆبەخشی زمانی کوردییە، بە فێرکردنی زمانی کوردی بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، لەم نیازە چەپەڵەی دوژمنانی زمانەکەمان ڕاپەڕیوە. ئەو دەستی بۆ چەک و شێوازی توند و تیژی خەبات نەبردوە، کەسی نەکوشتوە و تەنانەت ئازاری کەسی نەداوە. تەنیا بەرگرییەکی هێمنانە و شارستانیی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی کردووە؛ کەچی دامودەزگی ڕێژیمی دیکتاتۆر و شۆڤێنیستی ئێران، ئەم بەرگرییکردنەی زارا لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و هاوزمانانیان لێ کردووە بە تاوانێکی گەورە و، حوکمی پێنج ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاندوە و، ئێستا دەیانەوێ حوکمی زاڵمانەی خۆیان بە سەر ناوبراودا جێبەجێ بکەن!

ئەرکی هەر تاکێکی ڕۆژهەڵاتی لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانە کە لە ئاست چارەنووسی "زارا" بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبێ. دەبێ وا بکەین کۆماری ئیسلامیی ئێران تێ بگا کە سزادانی" زارا"، سووکایەتی بە نەتەوەیەکە و، تۆڵەستاندنەوەیە لە بەرگریکردنمان لە ناسنامەیی نەتەوەییمان. با هەر شەو و ڕۆژێک و تەنانەت هەر کاتژمێرێک لە بەندکرانی "زارا" ، تێکەڵ بێت لە گەڵ زیندووڕاگرتنی یادی خاتوونی هێمای زمانەکەمان، تێکەڵ بێت لە گەڵ داوای ئازادکردنی ئەو مامۆستایە.

شەڕی "زۆردار" لە گەڵ" زارا"، شەڕی داگیرکەرە لەگەڵ نەتەوەیەکی ڕاپەڕیو. لەم شەڕەدا، دەبێ بیسەلمێنین "زارا" بە تەنیا نییە.

**قادر وریا**

# ئەو «هەژار»ەی من ناسیومە

## (بۆ یادی ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی)



عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**ئەم کاتە باش!**

داوام لێکرا لە بەرنامەی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی هەژاردا بەشدار بم و بابەتێک پێشکێش بکەم. ئەوەی ڕاست بێ لەبەرم گران بوو، چونکە چەند ساڵێکە خۆم لە هەرجۆرە دەرکەوتنێکی دەنگی و ڕەنگی بواردوە و پێموایە نۆرەی بەرەی دوای منە. بەڵام خۆشەویستیم بۆ هەژار و ڕێزم بۆ پێداگرتنی ئەوانەی داواکەیان لێکردم، ڕۆژووەکەی پێ شکاندم و ئەوە نەک بە لێکۆڵینەوە بەڵکوو بە هێندێ بیرەوەری و بۆچوونی خۆم لەسەر هەژار بەشدارییەکی هەژارانە دەکەم:

هیوادارم بە بێئەدەبی دانەنرێ کە بێ دانانی هیچ ناسناوێک ناوی ئەو کەسایەتییە گەورە ئەدەبییە دێنم. چونکە پێموایە ئەو جۆرە کەسانە لەوە گەورەترن بە لەقەب و عینوان گەورە بکرێن. گۆران بۆ مەرگی فایق بێکەسی شاعیر دەڵێ:

*"ئەی فریشتەی شێعری جوان!*
*کۆستی کەوتووی هەردووکمان*
*بۆ ئەمجارە بێکەسە*
*کە گوتمان بێکەس بەسە".*

هێدی بۆ مەرگی هێمن دەڵێ:

*"ئێوەش مەڵێن هێمن شێری پرچن بوو*
*هێمن هێندەی بەسە بڵێن هێمن بوو".*

هێمنیش دەڵێ: *"نەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە دارێژێ*
*دەنا ئێستاش لە کوردستان دەژین زین و مەمێکی تر"*


یان: *"من تەشیڕێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆ چییە؟*
*کیژی ئازای چاوکراوەی فێرەزانینم دەوێ".*

دەستخۆشیم بۆ ڕێکخراوی جیهانیی کورد و ئاکادێمیی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (ناوەندی مێراو) کە ئەم دەرفەتەیان ڕەخساندوە، سڵاو بۆ هەموو بینەران و بیسەرانی ئەم بەرنامەیە و سڵاوێکی گەرم بۆ کۆڕگێڕانی ئەم یادە، بەڕێزان مامۆستا ماجید مەردۆخ ڕووحانی یار و هاوکاری وەفاداری هەژار لە دەیەکانی کۆتایی تەمەنیدا، ئەدیب و توێژەری وردبین مامۆستا عەبدولخالق یەعقووبی و ڕووناکبیری تیژهۆش کاک ناسر باباخانی و ئەوپەڕی خۆشەویستیشم بۆ کاک خانیی شەرەفکەندی کوڕی چووکە بەڵام غەمخۆری گەورەی هەژاری نەمر.

وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی هەژار بۆ مامۆستاکان بەجێ دێڵم، چونکە کورد دەڵێ: "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب" و لەسەر ئیزنی هەمووان ئەمن باسی هەژار بەو جۆرەی ناسیومە، دەکەم:

پێش هەموو شتێک ئەوە دەڵێم کە هەژار پیاوێکی سادە و گەرم و خۆمانە بوو و لە هێندێ خۆشیرینی و ئەوەی پێی دەڵێن تەعاروف یان موجامەلە بەدوور بوو. باسی یەکەم دیدارمان دەگێڕمەوە: لەمێژ بوو ئەمن دووراودوور هەژارم دەناسی و تامەزرۆی دیتنی بووم، باسی منیشیان لای وی کردبوو کە مرید و موخلیسی ویم و زۆر لە شێعرەکانیم لەبەرن. ئاخرەکەی ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٨) دەرفەتم بۆ ڕەخسا و دەگەڵ هاوڕێیەکم -کاک ئەمیری قازی- لە گوندی سوورەبانی باڵەکایەتی چوومە خزمەتی. هاوین و گەرما بوو. کە چووین لەبن کەپرێک لەسەر گازی پشتێ ڕاکشابوو و ئێخەی کراسەکەی کردبۆوە. سڵاومان کرد، لەجیاتی وەڵام و بەخێرهێنان بە کاک ئەمیری گوت: "هاتی؟"، گوتی "هاتم"، گوتی "چاکت کرد". کاک ئەمیر گوتی "ئەوەش فڵانکەسە"، گوتی "هەوە؟". تەواوێک ترسام کە نەکا حەز لە چارەی من نەکا! دوای یەک دوو دەقیقە هەستا دانیشت و گوتی "ئێ!". ئیدی وەک چەند ساڵ بێ یەکتر بناسین خۆمانە لەگەڵم دوا و لە نیگەرانی دەرهاتم.

پێویستیی بە گوتن نییە کە هەژار زمانزانێکی گەورە بوو. لانی کەم ئەوەندەی بۆخۆم بزانم، هیچ زمانزانێکی کورد ئەوەندە شارەزای شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی نەبووە. دەربەدەری و ئاوارەیی و گەڕان بە مەڵبەندە زمانییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستاندا و ژیان لە نێو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵی کوردەواری ئەو دەرەتانەی بۆ هەژار پێکهێنابوو یان بڵێین ئەوی ناچار کردبوو زوربەی ڕاوێژەکان تێبگا و تەنانەت قسەشیان پێبکا. هەر بۆیە، فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"ی هەژار دەگەڵ ئەوەی لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە ڕەخنەی بەجێی لێگیراوە تا ئێرە بە دەوڵەمەندترین "وشەدان"ی کوردی دەژمێردرێ و بۆ ئەو دەزگا ئەکادیمیانەی لە دوارۆژدا مشوور لە دانانی فەرهەنگێکی سەردەمییانەی زمانی کوردی دەخۆن سەرچاوەیەکی بەپیت و بەرەکەتە.



ئەگەر بێینە سەر باسی شێعر، ڕەنگە واقیعبینانە بڵێین لە باری سەنعەتی شێعرەوە هەژار لە ڕیزی یەکەمەکاندا دانانرێ و هەر لە بنەوپاڵی خۆی دەکەوێتە دوای هێمن. بەڵام هەژار و شێعری هەژار بە هێندێ تایبەتمەندی دەناسرێنەوە کە دەیانکەنە شێعر و شاعیری هەراوترین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بزانین چۆن:

شێعری هەژار بە زمانێکی خەڵکی و ئەوەندە ڕێک و ڕەوان نووسراوە کە تەنانەت کەسانی کەمسەواد و تەنانەت نەخوێندەواریش بەئاسانی لێی حاڵی دەبن و بگرە لەبەریشی دەکەن. لەوە گرنگتر، هەژار قسەی دڵی خەڵک دەکا و بێ سانسۆر و ڕووتووش نیازی چەوساوەترین توێژەکانی کۆمەڵ دەردەبڕێ. قەت لەبیرم ناچێ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستاندا (١٩٦١ تا ١٩٧٠) هەروەخت شێعرەکانی هەژار بە دەنگە ڕەوان و زوڵاڵەکەی خۆی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراقەوە بڵاو دەکرانەوە خەڵک بە تامەزرۆیی لە دەوری ڕادیۆکان کۆ دەبوونەوە و بێ ئەوەی متەقیان لێوە بێ گوێیان بۆ دەگرت و دەگەڵ هەر بابەتێکی دەریدەبڕی هەنیسکیان دەدا و دەمیان پێ دادەپچڕا و بەئاشکرا دیار بوو کە قسەی دڵی خۆیان لە زمانی هەژارەوە گوێ لێبووە و دەڵێن ئەمە ئەو داخەیە کە لەمێژە پێوەی دەناڵێنم و نەمزانیوە دەری‌ببڕم.

هەژار شێعری بۆخۆی و بۆ بیروباوەڕی خۆی دەنووسی و قەت نەبوو بە ڕاسپاردە و بۆ ڕازیکردنی ئەم و ئەو شێعر دابنێ. لەوانەیە یەکێک بڵێ ئەدی ئەو هەموو شێعرە چ بوو بە ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانیی هەڵدەگوت. لەوبارەیەوە ڕەنگە ئەمنیش تێبینیم لەسەر نێوەرۆکی شێعرێکی بووبێ، بەڵام بە دڵنیایی دەڵێم ئەو شێعرانەشی لە ناخی باوەڕەوە گوتوون و کەس پێی دیکتە نەکردوون. لەبیرمە پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە چۆمانی ناوچەی باڵەکایەتی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەناوی جەژنەکانی ئادار و نەورۆز بەڕێوە چوو. ڕێکخەرانی ڕێوڕەسمەکە چەند جار چوونە لای هەژار داوایان لێکرد شێعرێک بنووسێ و لە جەژنەکەدا بیخوێنێتەوە، قبووڵی نەکرد و گوتی ئەمن شێعر بە ڕاسپاردە ناڵێم و شێعرێکیشم بەو بۆنەیەوە بۆ نەهاتوە. ئاخرەکەی چوون داوایان لە هێمن کرد کە شێعرێکی زۆر جوانی بەو بۆنەیەوە نووسی:

*"لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند*
*مێشکی زووحاکی کوردکوژی پرژاند*

*گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵا*
*چەرمی بەروانکەکەی کرا ئاڵا*
*...............*
*بە دەهۆی دوژمنان گەلێ ساڵ بوو*
*جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو*

*نەتەوی خاکی گرت و مڵکی بڕی*
*هەرکەسێ هات بەشێکی لێپچڕی*
*...............*
*ڕاپەڕی کاوەیێکی ئازاتر*
*کەوتە دووی کۆمەڵێکی وریاتر*

*مەزنی ئەم کوردە کاکە بارزانی*
*کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی*

*ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری*
*گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری*

*کوڕی دڵسۆزی کورد و شێری نەبەرد*
*دەستی دایە تفەنگ و چۆ بن بەرد*

*شۆڕشێکی بەهێزی بەرپا کرد*
*سەد زوحاکی لە ناخی ڕەشڕا کرد*
*..................*
*ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازایی*
*نەڕژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی*

*ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران*
*لە دڵی گەرمی میللەتا نێژران*
*...............*

جێی باسە کە هەژار هەرگیز دانی بە ڕێککەوتنی ئاداردا نەنا و هەر پێی وابوو کورد کڵاوی چۆتە سەر. تەنانەت شێعرێکی توندیشی بە دژی ئەو بەرپرسانە نووسی کە پاش ڕێککەوتنی ئادار چوونەوە شار و پلەوپایەی دەوڵەتییان وەرگرت. بێسوود نابێ چەند چوارینەیەکی لێرەدا بێنینەوە. دیارە شێعرەکەی لە زمانی پێشمەرگە و ڕەشوڕووتانەوە نووسیوە:

*مامە گیان سڵاوی بۆندار*
*پیرۆز بێ قەنەفە و کورسی*

*گەر لە بچووکی خۆت دەپرسی*
*ماوم بەڵام بە لارەلار*

*مامە گیان ئەوکات لە چیا*
*پێکەوە دەژیاین لە ئەشکەوت*
*ڕانک شرۆڵ و کڵاش چەوت*
*لە هیچ شتێک لێک نەبووین جیا*

*بەناو ئازادیمان وەرگرت*
*تۆ هاتیە شار و ئەفەندیت*
*کەس نازانێ چۆنی و چەندیت*
*خانووی شەش حەو قاتت سەر گرت*
*...............*

ئەگەر باس لە کاری وەرگێڕانی هەژار بێ، دەزانین کە جگە لەوەی هەر نەبێ سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبیی بە وردەکارییەوە دەزانین، توانایەکی گەورەشی لە هونەری وەرگێڕاندا هەبوو. ئەو زۆر بابەتی جۆربەجۆری وەرگێڕاون، شێعر، مێژوو، پزیشکی و فکری و ئایینی و تەنانەت قورئان. ئێستاشی لەگەڵ بێ پێموایە نەدەبوو قورئان تەرجەمە بکا چونکە لەجێدا قورئان دەبێ تەفسیر بکرێ نەک تەرجەمە و جگە لەوەش عەرەبیزانین بۆ تەرجەمە و تەفسیری قورئان بەس نییە. بەوحاڵەش ئەگەر بەراوردی دەقەکان بکەین دەبینین کە وەرگێڕانەکەی هەژار بۆ قورئانی پیرۆز لە وەرگێڕانەکانی دیکە ڕەوانتر و سەحەتسووکترە. خۆ "قانوون"ەکەی هەر بەڕاستی کاری فەرهادی بوو. سەدان ساڵ بوو نە هیچ فارسێک ئەوەندەی عەرەبی زانیبوو نە هیچ عەرەبێک ئەوەندە فارسی زانیبوو کە بوێرن قەرە لە قەرەی وەرگێڕانی قانوونی ئیبنی سینا بدەن، بەڵام هەژاری کورد دەگژیڕاچوو و بەچۆکیدا هێنا.

ڕەخنە لە وەرگێڕانی هەژار دەگیرێ کە وەرگێڕانێکی "ئەمین" نییە و تاڕادەیەکیش بەجێیە. بەڵام ئەگەر بۆ وەرگێڕانی هێندێ دەقی وەک مێژوو ئەم ڕەخنەیە لەجێی خۆیدا بێ، بۆ وەرگێڕانی شێعر بەپێچەوانەیە. لەوە گەڕێ کە وەرگێڕانی وشە بە وشە هەموو دەقێک دەشێوێنێ، وەرگێڕانی شێعر بە دەقاودەق هەر مومکین نییە و ڕوحی شێعر دەفەوتێنێ. شێعر دەبێ پەیامەکەی وەربگیرێ یان وەربگێڕرێ. لەو بارەیەشەوە وا دەزانم کە هەموو کارەکانی سەرکەوتوون. هەرچەند هەژار لەبارەی خانییەوە بەحەق دەڵێ "ئەو باغی گوڵان و من بژارم/ بیر لەو دەکەم و دەڵێم هەژارم"، ئەمن پێموایە ئەگەر خانی مەموزینی هەژاری دیتبایە دەستخۆشیی لێدەکرد و ئەگەر خەییامیش چوارینەکانی هەژاری دیتبان ئافەرینی پێدەگوت، چونکە لە هەردووکیاندا لەباری شکڵەوە کێشەکەی پاراستوە و لەباری نێوەرۆکەوە پەیامەکەی گەیاندوە.

حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە هەژار هەم مرۆڤێکی قسەخۆش و خۆشمەشرەف بوو، هەم چەندی بتەوێ ئازا و بەجەرگ بوو. سێکوچکەی هەژار و هێمن و خالیداغا (ئەودەم پێیان نەدەگوت هێدی) بەڕاستی لەو هەلومەرجە سەختە و لەژێر ڕەهێڵەی تۆپباران و بۆمباراندا فەزایەکی پێکهێنابوو کە هەرخۆش بوو بەختت یار بێ و لە نێویدا بژی. قسەی خۆش و گێڕانەوەی بیرەوەریی تاڵ و شیرین بەجێی خۆی، وەردەگەڕانە گۆڕین و یاریکردن بە شێعرەکانی یەکتر و چیی بە خەیاڵیاندا هاتبا هەڵیاندەڕشت. هێمن شێعرێکی هەبوو بە ناوی "ڕەق هەڵاتم" کە باسی ڕاکردن لە ئێران و پەنابردن بۆ نێو شۆڕشی کوردی دەکرد. هەژار تەخمیسی کردبوو بەڵام ناوی نابوو "تەخبیس(پیسکردن)ی ئاغای هەژار لەسەر شێعری ئاغای هێمن"، هەر شیرن بوو گوێت لێبێ و چێژی لێوەرگری. حەیف کە بوار نیە هێندێکیان لێ بێنینەوە.

هەژار هیچوەخت لەکاتی بۆردوومانداد نەدەچووە پەناگە و کونەتەیارە. چادری وی و خالیداغا لە "ناوپردانان" لێک نزیک بوون. ڕۆژێکیان پێکەوە یاریی تاوڵە دەکەن کە فڕۆکە دێن و بەخەستی بۆمباران دەکەن، خالیداغا دەچێتە کونەتەیارەیەک کە هەر لە پەنای خێوەتەکانیان بوو. دوای تەواوبوونی بۆمبارانەکە دەچن بانگی دەکەنەوە و دەڵێن بۆمباران تەواو بوو. هەژار دەڵێ کوڕە لێیگەڕێن خۆ لەبەر بۆمباران نەڕۆیشتوە، تاوڵەکەی دۆڕاندوە بۆیە هەڵاتوە.

بۆ ئەوەی بە واقیعبینییەوە لە هەژار دوابم ئەوەش زیاد دەکەم کە لە هێندێ بارەوە جێی گلەیی بوو. بۆ وێنە لەگەڵ جیابیرانی (سیاسی یان ئەدەبی) زۆر بێبەزەیی و کەم ئەهلی مودارا بوو، کەمتر ئامادە بوو بۆچوونەکانی موناقەشە بکرێن و بە حەق و ناحەق زۆر لەسەر ڕایەکانی موکوڕ و پێداگر بوو. ئاخر شتیشم ئەوەیە کە لە چێشتی مجێوردا بێبەزەییانە لە هێندێ کەس و بابەت دواوە. کاک خانی لەبیریەتی کە پێش چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە داوام لەو کرد وەک میراتگری مام هەژار هێندێ شت دەرهاوێ یان دەسکاری بکا. بەڵام وەڵامی دامەوە کە "ئەمن کتێبی بابم چاپ دەکەم و کتێبی بۆ نانووسم" و قسەکەشی حیسابی بوو.

بە هەموو حاڵ ناوی هەژار بۆ هەمیشە وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە و بەرهەمەکانی لە بواری جۆربەجۆردا مایەی شانازی و شیاوی لێفێربوونن.

هەژار سڵاو لە گیان و ناوی و یادی هەمیشە بەخێر.

کوردستان
ژمارە: ٨١٤
١٥ی بەفرانباری ١٤٠٠ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٢

# لە ٢٠٢٢، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سووریە پێش بە تاران دەگرن و ئامادەکاریی بۆ لێدان لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن

تایمز ئاف ئیزرائێل – جودا ئاری گرۆس



و: کەماڵ حەسەنپوور

بەگوێرەی زانیاریی تایمز ئاف ئیزرائێل، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ساڵی ڕابردوو بە هۆی هێرشە ئاسمانییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو پێشی بە ئێران گرتووە تا چەکوچۆڵ و کەلوپەل بە سووریەدا بگوێزێتەوە و، بەتەمایە ئەو کارە لە ٢٠٢٢دا درێژە پێ بدات.

لە هەمان کاتدا، هێزی سەربازی، لە میانەی ئەو گفتوگۆیانەی لە ڤییەن لە نێوان تاران و زلهێزەکانی جیهان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ٢٠١٥ بە مەبەستی وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر سووککردنی ئابلۆقەکان لەئارادان، درێژە بە ئامادەکارییەکانی بۆ ئەگەری هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەدا.

لە کاتێکدا کە هەوڵەکان بۆ گەشەپێدان بەو شتەی کە کاربەدەستانی ئیسرائیل وەک "هەڕەشەی سەربازیی باوەڕپێکراو" دژی بەرنامەی ئێران باسی دەکەن بەخێرایی درێژەی هەیە و سەرەڕای وتە شەڕانییە جاروبارەکانی سیاسەتوان و ئەفسەرەکانی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، هێشتا بەتەواوی ناڕوونە ئاخۆ ئیسرائیل بەڕاستی هێرشێکی ئەوتۆ بەڕێوە دەبات، تەنانەت بێتوو ئێران لە سنووری دروستکردنی چەکی ئەتۆمییش بێ: هیرشێکی ئەوتۆ بێگومان دەبێتە هۆی تۆڵەئەستاندنەوەی بەربڵاوی ئێران، ڕاستەوخۆ و لەلایەن بەکرێگیراوەکانی لە ناوچە، کە دبێتە هۆی تێوەگلانی ئیسرائیل لە جەنگێکی ماڵوێرانکەری چەند بەرەیی.

بڕیاری شێوەی هەڵسوکەوت لە کۆتاییدا بەستراوەتەوە بە چەند فاکتەری جۆراجۆر، لە ڕێژەی پشتیوانیی ئەمریکا بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ تا ئاستی ئامادەیی بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل و پەناگای بۆمبان و ڕەنگبێ لە هەمووی گرینگتر، تا چ ڕادەیەک هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وایە هێرشەکەی بەکردەوە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران وەدوا دەخا. لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا، هێزی سەربازی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تێچووی ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیل لە سوودەکانی زۆرترە.

بێجگە لەوە، ئامادەکاریی بۆ بەرورووبوونەوە دژی هەڕەشەی مەزنتری ناوچەیی، چاوەڕوان دەکرێ هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل سامانی بەرچاو لە ساڵی داهاتوودا بۆ بەرپەرچدانەوەی حەماس لە کەرتی غەززە –سەرەڕای ئەوە کە دوای قەیرانە ١١ ڕۆژەکەی مانگی مای هەنووکە ئاگربڕێک لە ئارادایە– تەرخان بکات و دژی چالاکییە تێرۆریستییەکانی کەناری خۆراوا، کە بەگوێرەی ئاماری هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، لەو دواییانەدا هەردوو هێرشی فەلەستینییان دژی ئیسرائیلییان و نیشتەجێکراوەکان دژی فەلەستینییان، گەلێک توندوتیژانەتر بوون، بوەستێتەوە.

لە کاتێکدا کە ڕێژەی کەمی کوژراوانی ئیسرائیلی لە هێرشە تێرۆریستییەکانی کەناری خۆراوا، بەقەد هی ساڵی ٢٠٢٠ بوو، کە تا ڕۆژی سێ شەممە دەکاتە ٣ قوربانی، ڕێژەی کوژراوانی هێرشەکان لە کەرتی غەززەوە زۆر زیاترە، واتە ١٣ کەس کە هی جەنگی مانگی "مای"ـە (١٢ لەوان خەڵکی مەدەنی بوون)، و ئەفسەرێکی پۆلیسی سنوور کە لە کاتی شەڕوهەرایەک لە پەرژینی ئەمنییەتی غەززە لە مانگی ئاگوست، کوژرا.

بەسەر یەکەوە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل چاوەڕوانی ڕەوتێکی ئارام بۆ ئاسایشی ئیسرائیل لە ساڵی داهاتوویە. هێزە سەربازییەکان لەسەر ئەو بڕوایەیە کە زۆربەی دوژمنانی ئەو وڵاتە لە دەستپێکردنی کێشەیەکی بەربڵاو دژی ئیسرائیل چاوترسێن کراون. پێوەندییە گەشەئەستێنەکانی ئورشەلیم دەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە هاوپەیمانە ئاشکراکان وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەڕەبی و بەحرەین تا هاوبەشە لەمێژینەکان وەک ئوردۆن و میسر، توانایییەکی زۆرتر بە ئیسرائیل دەبەخشن تا لە ناوچەیەکی بەربڵاوتردا هەڵسوکەوت بکات. دوای چەند ساڵ بێبودجەیی، بودجەی تازە پەسندکراو سامانی پێویست دەداتە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل تا وتووێژ لەبارەی ڕێککەوتنی درێژمەودا دەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرگریی ئەمریکایی بەڕێوە بەرن، بۆوەی دڵنیا بن کە هێزە سەربازییەکان ئەو چەکوچۆڵ و سیستەمانەی دەست دەکەون کە لە ساڵەکانی داهاتوودا پێویستی پێ دەبن.



## لێکهەڵتەکاندنی زنجیرەی دابینکردنی کەلوپەل

بەگوێرەی بەراوردەکانی سەربازی، بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیل، ئێران لە نزیکەی ٧٠ لە سەدی کاتەکان نەیتوانیوە سیستەمەکانی چەکوچۆڵی خۆی بە ناوچەدا بگوازێتەوە، چ بە ئاسمان، دەریا یان بە زەویدا، و توانای ئیسرائیل لەو ڕوانگەوە لە باقی کاتەکاندا بەربەستی خستۆتە سەر ڕێگای ئەو هەوڵانە. بە بۆچوونی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا، ڕێژەی سیستەمی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو یان ستراتێژیک لە سووریە خەریکە کەم دەکات.

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، ئاڤیڤ کۆخاوی، ئەو حەوتوویە، لە توێی ئاگادارکردنەوەی کۆتایی ساڵدا بە هەواڵنێرانی گوت، "زیادکردنی ڕێژەی ئۆپەراسیۆنەکان لە ساڵی ڕابردوودا بووە هۆی پەکخستنی بەرچاوی هەموو ڕێچکەکانی هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ بەرە جیاوازەکانی دوژمنانمان."

لە ساڵی ڕابردوودا، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، دەرزەنێک هێرشی ئاسمانییان کردە سەر ئامانجەکانیان لە سووریە کە لەواندا کەڵکیان لە سەدان بۆمب وەرگرت، کە کەمێک لە ڕێژەی ئۆپەراسیۆنەکانی ٢٠٢٠ زیاتر بوو و نزیکەی دوو هێندەی ئەوانی ٢٠١٩ بوو. لە هەمووان تازەتر، سووریە ئیسرائیلی تۆمەتبار کرد کە ڕۆژی سێشەممە هێرشێکی دەگمەنی کردۆتە سەر بەندەری ئەو وڵاتە لە لازقیە، ناوچەیەک کە تا ئەو مانگە ئیسرائیل خۆی لە هێرش بۆ سەر ئەوێ، لەبەر بوونی هێزەکانی ڕووسیە لە نزیک ئەوێندەرێ، دەبوارد. لە مانگی ڕابردوودا ئەوە دووهەمین هێرش بۆ سەر بەندەرەکەیە کە وێدەچێ دەرخەری ئەوە بێ کە ڕووسیە تا ڕادەیەک ڕەزامەندیی بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانە دەربڕیبێ.

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وانییە کە بتوانێ بەتەواوی پێش بە هەوڵەکانی ئێران بۆ گواستنەوەی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بۆ بەکرێگیراوانی بگرێ، بەڵام هیواداره تا ئەو جێیەی دەکرێ سنوورداری بکا. بێجگە لە هێرشە ڕاستەوخۆکان بۆ سەر جبەخانەی چەکوچۆڵی ئێرانی و دژی دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە ئێران لە سووریە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هەروەها هەوڵ دەدا دیمەشق ناچار بکا نرخی ئێزندان بە چالاکیی سەربازیی ئێران لە وڵاتەکەی بدا، بەو هیوایە کە بتوانێ قەناعەت بە ئەسەد بێنێ کە ڕایگرێ یان لانی کەم ئەو پشتیوانییە کەم بکاتەوە. ئەو هەوڵە لە هێرشەکانی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بەرگریی ئاسمانیی سووریە و دژی بنکە سەربازییەکانی سووریە کە هاوکاریی سوپای پاسدارانی ئێران دەکەن، دەر دەکەوێ.

زیاتر لە یەک دەیە پاش دەستپێکی شەڕی نێوخۆیی سووریە، هەنووکە ئەسەد نزیکەی دوو لەسەر سێی وڵاتی بەدەستەوەیە، پاشماوەکەی بەدەست شەڕکەرانی سووریە، هێزە کوردییەکان، تورکیە یان وڵاتە یەکگرتووەکانەوەیە (لە دۆخی ناوچەی تەنف لە خۆرهەڵاتی سووریە).

لە کاتێکدا کە ئەسەد دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشی خۆی لە وڵاتدا دەسەپێنێ، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هیوادارە کە ئەو دەست بکا بە وێستانەوەی ڕێژەیی دژی چالاکییەکانی ئێرانیان، ئەگەرچی وێناچێ ئەو بە تەواوی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران وەدەر نێت، کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا یارمەتییان کردووە.

لە کاتێکدا کە ئیسرائیل پێی خۆشە سەرجەم هێزە پشتگیریکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە لە سووریە بچنە دەر، ئەو زۆرتر نیگەرانی بوونی ئەوان و بوونی هێزەکانی حیزبوڵڵا لە بەرزاییەکانی گولانە و هەوڵێکی زۆر بۆ وەدەرنانی ئەوان تەرخان دەکات، هێرش دەکاتە سەر بنکەی ئەوان و هی ئەو یەکە سوورییەییانە کە ڕێگایان پێ دەدەن، هەروەها بەئاشکرا فەرماندەکانی تێوەگلاو لەو کارەدا لەقاو دەدات.

لە کاتێکدا کە هێزەکانی حیزبوڵڵا لەسەر سنوور ماونەوە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئۆپەراسیۆنەکانی بوونە هۆی پێشگرتن بەو تاقمە تێرۆریستییە تا ئەو ڕێژە هێز و چەکۆچۆڵە لەو بەرەیە کۆ بکاتەوە کە پلانی بۆ دارشتبوو.

## ئامادەکاریی بۆ هێرشێک کە ڕەنگبێ قەت نەقەومێ

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل درێژە بە ئامادەکارییەکانی بۆ هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ساڵی داهاتوودا دەدات، بە پلانی مانۆڕێک لە بەهارێ تا لاسایی هێرشێکی ئەوتۆ بکاتەوە و هەروەها هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ وەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی بۆ مەئمورییەتەکە.

لە کاتێکدا کە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وایە کە ڕەنگبێ هەنگاوی سەربازیی دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە ماوەیەکی کورتدا پێویست بێ، وێدەچێ ئەو هەنگاوە کاریگەریی سنوورداری هەبێ. بۆ وێنە، هەنووکە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل توانایی بۆمبارانکردنی ناوەندی پیتاندنی نەتەنزی هەیە، کە ئامانجێکی هاسانترە، چونکە تەنانەت ئەو بەشەی کە لەژێر زەوییە هێندە قووڵ نییە کە بۆمبی ئاسایی نەیگاتێ. بەڵام، بنکەی فۆردو، کە لە قووڵایی عەرزدا و لە ژێر چیایەکی بەردیندا نێژراوە، بەبێ کەڵکوەرگرتن لە بۆمبی بانکر–باستر (کونەتەیارە هەڵتەکێن)، جۆرە بۆمبێک کە فڕۆکەکانی ئیسرائیلی توانایی هەڵگرتنیانی نییە، گەلێک دژوارترە.

لانی کەم شەش مانگ و ڕەنگبێ ساڵێک بخایەنێ تا ئیسرائیل بتوانێ توانایی بەڕێوەبەریی هێرشێکی وەها بەربڵاو کە بتوانێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ماوەی چەند ساڵ بوەستێنێ، وەدەست بێنێ. ئەگەرچی ئامانجی هێرشێکی ئەوتۆش تەنیا چاوترسێنکردن دژی پیتاندنی ئورانیۆم لە داهاتوویە، تەنانەت بەربڵاوترین هێرش تەنیا بەرنامەی ئەتۆمی وەدوا دەخات، چونکە زانیاریی تەکنیکی و ئەو ئەزموونەی زانایانی ئەتومیی ئێران هەر ئێستا کۆیان کردۆتەوە لەنێو ناچێ.

بودجەی نەتەوەیی تازە پەسەندکراو، کە لەویدا بودجەی بەرگریی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کرایەوە، بە تایبەتی بۆ ئەوە تەرخان کراوە تا ئامادەکاری بۆ لێدانێکی ئەوتۆ بکرێ، ئیزنی بە هێزە سەربازییەکان داوە تا هەوڵەکانیان خێراتر بکەن، نەتەنیا چەکوچۆڵی پێویست بۆ هێرشەکە بکڕن بەڵکوو سیستەمی بەرگریی ئاسمانی بەهێزتر بکەن کە بۆ پارێزگاریی لە وڵات لە بەرانبەر تۆڵەئەستاندنەوە چاوەڕوانکراوەکە یەکلاکەرەوەیە.

ئەو حەوتوویە کۆخاوی گوتی، "پلانی خۆ بەهێزکردنی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە ساڵی ڕابردوو بە خێرایییەکی پەرەئەستێن پێشوەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. خاڵی سەرەکیی ئەو، باشتربوونی بەرچاوی ژمارەی ئامانجەکانی دەستنیشانکراوی دوژمن و هەواڵگرییە؛ تەواوکردنی مامەڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرچاوی ژمارەی بۆمب و مووشەکی فڕۆکەی شەڕکەر؛ پێشوەچوونی پلانەکانی ڕایەڵەیەکی بەرگریی ئاسمانیی سەرانسەریی و باشتر کردنی سیستەمەکانی پێوەندیی."

## نیزیکتر لە ماڵەوە

تەنیا شەش مانگ دوای جەنگی ١١ ڕۆژەی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل و تاقمە تێرۆریستییەکانی کەرتی غەززە، هێزە سەربازییەکان چەند مووشەکیان دیتوون کە دوای ئەو شەڕەی لە مانگی مای کۆتایی هات، بەرەو ئیسرائیل هاویژراون: تەنیا پێنج مووشەک لە شەش مانگی ڕابردوودا، لە بەراورد لەگەڵ ٢٢ دانە کە شەش مانگ دوای کۆتایی جەنگی غەززە لە ٢٠١٤ هاوێژران.

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هۆی ئەو ئارامییە بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێنێتەوە: یەکەم، سیاسەتە مەدەنییەکانی دەوڵەت بەرانبەر بە غەززە کە وردە وردە ئیزنی بە غەززەی گەمارۆدراو و بێدارایی داوە تا وێرانییەکانی دوای جەنگ چاک بکەنەوە؛ و دووهەم، هەڕەشە سەربازییەکان لەمەڕ تۆڵەئەستاندنەوەی سەخت لە ئەگەری هێرش لە کەرتی غەززەوە، کە لە کێشەی مانگەکانی دواتر بە هەنگاوتنی بنکەکانی حەماس بە بۆمبی ٨٠ تۆنی، لە جوابی چەند مووشەک و پزدانی بەرێکراو لەوێوە بە مەبەستی ئاگربەردان لە ناوچەکانی نێوخۆی ئیسرائیل، نیشان درا.

لە هەمان کاتدا، سوپا ژمارەیەک ناوچەی دیتنەوە کە لەوێ لە کاتی کێشەی مانگی مای زەختی کەوتبووە سەر، لە ئیسرائیل ئەوە بە ئۆپەراسیۆنی پارێزەری دیوارەکان ناسراوە: بە تایبەتی بۆ پێشگرتن بە حەماس و جیهادی ئیسلامی تا مووشەک بە بەرەی نێوخۆوە بنێن. لە کاتێکدا کە ٩٠ لە سەدی مووشەکەکانی ئاراستەکراو بەرەو ناوچە مەدەنییەکان پێش تەقینەوە لەنێو بران و، ڕێژەیەکی بەرچاو لەوانی هاوێژابوون نەگەیشتنە ئامانج. هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل دەڵێ توانایی دیتنەوەی شوێنەکانی هاویشتنی مووشەکەکان و لەنێوبردنیانی لە کاتی جەنگ باشتر کردووە، بەڵام ئەو پرسە هێشتا جێگای نیگەرانیی هێزە سەربازییەکانە. تیمێکی پسپۆڕ لەنێو بەڕیوەبەرایەتیی گشتیی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بۆ ئەو مەبەستە و بۆ گەشەپێدانی تێکنۆلۆژی و تاکتیکی نوێ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشەیە دروست کراوە.

کەناری خۆراوا سەرچاوەی سەرەکیی نیگەرانیی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیلە. ساڵی ڕابردوو توندوتیژییەکان لەوێ بە شێوەی بەرچاو زیادیان کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرت لە ٢٠٢١ لە بەراورد دەگەڵ ساڵی پێشوو، ڕێژەی تەقە و هێرشی چەقۆوەشاندن دوو هێندە بووە، (٦١ و ١٨، کە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەو ڕێژەیە ٣١ و ٩ بوون). هەروەها بە گوێرەی ئاماری هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، ڕێژەی بەردهاویشتن ٪٤٠ و بۆمبی ئاگرخەرەوە ٪٣٣ زیادی کردووە.

هێزە سەربازییەکان هۆی زۆربەی ئەوانە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی دەزانن کە هەروەها لە کەناری خۆراوا لە کاتی ئۆپەراسیۆنی پارێزگاریی لە دیوارەکان دیترا، بەڵام بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پشێوەییەکانی ئەو دواییانە. لە پاییزەوە، کە وەرزی کۆکردنەوەی بەری زەیتوونە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل ئاستێکی بەرزتر لە توندوتیژی لەنێو توندئاژۆیانی ئیسرائیلیدا دژی فەلەستینییان بەدی کردووە و لە هێندێک دۆخ دژی هێزە ئاسایشییەکانی ئیسرائیل، دەگەڵ بەرزبوونەوەی هێرشی فەلەستینییان دژی نیشتەجێکراوەکانی ئیسرائیلی.

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بەردەوام ڕەخنەی لێ گیراوە کە پێش بە هێرشی ئیسرائیلییان دژی فەلەستینییان ناگرێ. ئەگەرچی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل ددان بەوە دادەنێن کە سەربازەکان لەو بوارەوەدا دەتوانن کاری زۆرتر بکەن، بەڵام هێزە سەربازییەکان بە گشتی پێی باشتر کە پۆلیسی ئیسرائیل بەڕێوەبەری ئەو هەوڵانە بێ.


***

## هەکبەی شاخ و شۆڕش



# محەممەد دریازی

## تەڕی لە جوانی و پڕاوپڕ لە حەماسە



برایم چووکەڵی

هەموو شۆڕشیک یا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی کە بۆ دابینکردنی حەق و مافەکانی کۆمەڵانی خەڵک سەر هەڵدەدا خەڵک بە هی خۆیانی دەزانن و لە هەموو بارێکەوە بۆ بەهێزکردنی شۆڕش و جووڵانەوەکە و بۆ بەرەو پێشبردنی یارمەتیی دەدەن.

خۆ ئەگەر بڕوانینە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە لە یەک سەدەی پێشوودا بە دەست دوو ڕێژیمی داگیرکەر و دڕندە چەوساوەتەوە و خەبات لە دژی ئەم دوو ڕێژیمە بەردەوام بووە، هەر بەوشێوەیە بووە. بەتایبەت دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە ئەو ڕێژیمە دڕندەیە بە ئیمکاناتێکی زۆری نیزامییەوە هێرشی بۆ خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد، بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە ئیمکاناتە زۆر بە هاوکاریی خەڵک و پێشمەرگە پاشەکشە بە ڕێژیم کرا. ئەوەش دوو هۆکاری هەبوو: یەکیان ئەوە کە خەڵکی کوردستان داواکانیان ئەوەندە ڕەوا بوو کە کەس نەیدەتوانی ئینکاری بکا، دووهەم ئەوەی کە هێزی خەڵک هێزێکە کە هەمیشە لەسەر پێیە و هەر کات بیهەوێ ئاگاهانە بجووڵێ هیچ هێزێک ناتوانێ پیشی پێ بگرێ، ئەوەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هێزی پێشمەرگەش هەڵقووڵاوی نێو خەڵک بووە. بۆیە کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد بە سەدان و هەزاران لاوی خوێنگەرم بۆ بەربەرەکانی دژی ئەو ڕێژیمە قۆڵیان هەڵماڵی کە یەک لەوان «محەممەد دریازی» لە ناوچەی نەغەدە بوو.

شەهید محەممەد دریازی لە ساڵی ١٣٤٣ لە گوندی شاوەلەی ناوچەی نەغەدە لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. کە گەورەتر بوو لە تەمەنی شەش ساڵیدا چووە قوتابخانە. محەممەد کە کەوتبوە نێو دنیایەکی تازەوە و بە عیشق و عەلاقەوە دەرسی دەخوێند و مێشکی منداڵانەی بە وشەی کتێبەکان و قسەکانی مامۆستاکەی دەبوژاندەوە. لەگەڵ دەرس خوێندن لەکاتی پشووی هاویناندا ڕێگای مووچە و مەزرای دەگرتە بەر و وێڕای بنەماڵەی شانی دەدایە بەر کاری قورسی وەرزێری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی تا قۆناغی ناوەندی بخوێنێ. پاشان بەناچار پشتی لە قوتابخانە کرد و بەرەو مەیدانی کار و کوێرەوەری هەنگاوی نا.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی گەندەڵی و بێزراوی پاشایەتی بوو، لە ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکاندا تێکەڵ بە شەپۆلی نارازییان بوو، و زۆر جاران لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بەدژی ئەو ڕێژیمە بێزراوە دروشمی دەدا.

دوابەدوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێرشی سوپای ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ڕێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی «دمدم»ی ئەوکاتدا سازمان درا. محەممەد کوڕێکی هێدی و لەسەرەخۆ و بە نەزم و دیسپلین و لەگەڵ ئەوەشدا ئازا و نەترس و بێباک بوو، هەربۆیە هەموو هاوسەنگەرانی ڕێزیان لێ دەگرت و خۆشیان دەویست. ناوبراو دڵگەرمییەکی لەڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. بۆ بردنەسەری پلەی زانیاریی خۆی بێپسانەوە هەوڵی دەدا و نووسراوەکان و بڵاوکراوەکانی حیزبی دەخوێندەوە، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراوی لە هیچ فیداکاریی‌یەک دەریغی نەدەکرد. سەداقەت و ڕاستی و دروستی لە وتەکانیدا شەپۆلیان دەدا و هەستان و دانیشتنی و کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو.

چالاکی و هەڵسوڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا بەرچاو بوو. ئەو لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو و وەک قەڵایەکی پۆڵاین لە بەرانبەر دژیگەلییەکاندا ڕادەوەستا. هەر ئەو تایبەتمەندییانە وای کرد کە وەک سەرپەل و پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ.

محەممەد دریازی بەکردەوە سەلماندی کە لە پێناوی دیفاع لە نەتەوەکەیدا لە هیچ چەشنە فیداکارییەک دریغی ناکا. لە مەیدانی شەڕ لە بەرەوڕووبوون لەگەڵ دوژمندا نە جارێک بەڵکوو بە دەیان جار ئەم ڕاستییەی سەلماند کە کوڕێکی ئازاو نەترسە. پێشمەرگەیەکی سادق و شۆڕشگێڕە و لەپێناوی سیاسەتەکانی حیزب ئامادەیە گیانی بەخت بکا. لە سەنگەردا زۆر ئازا بوو. لەبەر دوژمن کۆڵی نەدەداو هەمیشە پەلاماری سەنگەری دوژمنی دەدا. لەسەر ئامانج و بەڕێوەبردنی کارەکانی شێلگیر بوو. زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، شایەدی بۆ ئازایەتیی ناوبراو دەدەن، لەشەر لەگەڵ دوژمن خوێنی لەشی دەکوڵی. وەک عادەتی بوو کۆڵی نەدەدا و سەنگەری دەگواستەوە و هەرجارێ زەبرێکی باشتری لێ دەوەشاندن. محەممەد لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییانەیدا گەلێک دەرس و ئەزموونی بەکەلکی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت و، زۆر یادگاری بەنرخی لە دەفتەری بیرەوەریەکانیاندا تۆمار کرد.

بەداخێکی گرانەوە محەممەد دریازی ڕۆژی ٢٢ی بانەمەری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بەرزاییەکانی پشتی گورگە و ئاغۆتمان لە ناوچەی مەهاباد لە شەڕێکی نێوخۆییدا شەهید بوو و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

# دەنگی شەقام لەدژی دەسەڵات



ڕەزا محەممەدئەمینی

چوار ساڵ بە سەر ڕاپەڕینی خوێناویی گەلانی ئێران لە بەفرانباری ١٣٩٦ تێدەپەڕێ. ڕاپەڕینێک کە لە شاری مەشهەد دەستی پێ کرد و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ زیاتر لە سەد شاری ئێرانی گرتەوە و بە سەدان هەزار کەسی بەدژی ڕێژیمی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی هێنایە سەر شەقامەکان و گۆمی بەزۆر مەندکراوی ئێرانی شڵەژاند.

هەرچەند لەسەرەتادا و لە شاری مەشهەد ئیبراهیم ڕەئیسی، بەرپرسی ئەوکاتی ئاستانی قودسی ڕەزەوی و دۆڕاوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری جۆزەردانی ٩٦ بۆ دژایەتی‌کردنی ڕکەبەرە براوەکەی (حەسەنی ڕووحانی) و دەوڵەتەکەی بەشێوەی نافەرمی و ناڕاستەوخۆ بەستێنی ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە گرانیی خۆش کرد، بەڵام پاش گشتگیربوونی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان؛ ڕەئیسی و بەگشتی باڵی سەر بە خامنەیی و سپای پاسداران زانیان ئەگەر وەخۆنەکەون ئەو شەپۆلە بەتەوژمە نەک هەر ڕووحانی و ڕێفۆرمیست و میانەڕەوەکان، بگرە تەواویەتیی نیزام دەگرێتەوە. هەر بۆیەش دەزگای سەرکوت و داپڵۆسینیان هێنایە مەیدان و وەک هەمیشە بە زەبری هێز و کوشتوبڕ هەوڵیان دا ئەو ڕاپەڕینە دامرکێننەوە و بۆ ماوەیەکی دیکە دەنگی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کپ بکەن. لەو سۆنگەیەوە سەدان کەسیان لە شەقامەکان کوشت و بریندار کرد و هەروەها هەزاران‌کەسیشیان گرت و لە بەندیخانەکان بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەیانە ئەشکەنجەیان‌دان. نیزیکەی سی کەس لە گیراوەکان لەژێر ئەشکەنجەی جەلادەکانی ڕژیمدا کوژران و لەونێوەدا کوردستانیش بێبەری نەبوو لە جینایەتەکانی ڕێژیم و دە کەس لە لاوانی کورد لە شارەکانی کوردستان، وەک کرماشان، ئیلام، سنە و سەقز و بۆکان و... بێگیان کران.

کۆماری ئیسلامی زۆر تێکۆشا نەهێڵێ ئەو ڕاپەڕینە پەرەبستێنێ و لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا دەنگدانەوەی نەبێ، هەربۆیەش لەلایەک لە تەواوی ئێراندا تۆڕی ئینتێرنێتی پچڕاند و ئێران و دونیای دەرەوەی لێکدابراند و لەلایەکی دیکە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ئەوکەسانەی کە ترسی ئەوەی لێ هەبوو کە دەتوانن هەندەری خەڵکی وەزاڵەهاتوو بن قۆڵبەست و ڕەوانەی گرتووخانەکانی کردن.

کۆماری ئیسلامی لە بەفرانباری ٩٦ زۆر هۆکاری هەبوو کە ئەگەر بمانەوێ لە چەند خاڵی گشتیدا کۆبەندی بکەین، دەتوانین سەرنج بخەینە سەر ئەو بابەتانە: گرانیی پێداویستییەکانی ژیان و دۆخی لەڕادەبەدەر نالەباری ئابووری، گەندەڵیی هەوسارپچراو و بەرتیلخۆری و مافیای سپای پاسداران وەک دەوڵەتی بەهێزی سێبەر، و هەروەها زاڵبوونی ئیستبدادی شێوەفاشیستیی دینی کە مەجالی هەناسەکێشانی لە کۆمەڵگە بە هەموو چین‌وتوێژەکانیەوە ئەستاندوە و... . لە ڕاستیدا ئەو چەند هۆکارە کە ڕابردوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنەسەرکاری ئاخوندەکان بوون بە هەوێنی ئەو ڕاپەرینە گشتگیر و جەماوەرییە و دواتریش ڕاپەڕینی خوێناویی خەزەڵوەری ٩٨.

ڕەوشی نالەباری ئابووری و گرانی لە ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردووە و هەتا هاتوە زیاتر کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی تەنگەتاو کردوە، بەجۆرێک کە بەر لە ناڕەزایەتییەکانی ٨٨ و هەتا ڕاپەڕینی ٩٦ هەزاران گردبوونەوەی ناڕەزایەتی‌دەربڕین لە پێوەندی لەگەڵ هەژاری و کەمترخەمیی دەسەڵاتداران لە شار و ناوچە پیشەسازییەکانی ئێران ڕووی داوە و کریکاران، مامۆستایانی قوتابخانە و مایەپوچکراونی دامودەزگاکانی سەر بە دەسەڵات خۆپێشاندانی ئێعترازییان وەڕێ خستووە. ئەوە لە حاڵێک‌دایە ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە یەکێک لە هەرە وڵاتە دەوڵەمەندەکانە کە ئەگەر خامنەیی وەک ڕێبەری نیزام و دەسەڵاتداران لەبیر بارودۆخی ژیانی خەڵکی بووبانایە و سەروەت و سامانی خەڵکیان بۆ مەڕامە پوچ و بێبایەخەکانی خۆیان بەفیرۆ نەدابا، ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران وەها شپرزە نەدەبوو کە ناچار بن بۆ بژێوی ژیان، ئەندامانی لەشیان و کۆرپەی ساوا و منداڵەکانیان بفرۆشن، لە شارەگەورەکان تووشی گۆڕخەوی و کارتۆن‌خەوی بن. هەر بۆیەش کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەزانن و بەو ئاکامە گەیشتوون هەتا ئەو ڕێژیمە لەسەرکار بێ ئابووری ئێران لەوەیکە هەیە نەک هەر باشتر نابێ، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تووشی هەژاری و برسیەتی و نەهامەتی دەبن. هەربۆیەش لە ڕاپەڕینی ٩٦دا زیاتر چین‌وتوێژی هەژار و برسییەکان بوون کە لە شەقامەکان خۆڕاگرییان نواند و کوژراو و برینداریان دا.



ڕاپەڕینی ٩٦ لە زۆر بارەوە لە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو جیاواز بوو. ئەگەر لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، جەماوەری خەڵکی تاران و چەند شاری دیکەی ئێران پاش موهەندیسی‌کردنی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و دزینی میلیونیی دەنگەکانیان لەلایەن باڵی زاڵ بە سەر دەسەڵاتدا بە قازانجی ئەحمەدی‌نەژاد، هاتنە سەر شەقامەکان و داوای دەنگەکانیان دەکردەوە، لە ڕاپەڕینی ٩٦ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تەواویەتی نیزامی گەندەڵ و ئیستبدادی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج و بە دەنگی بەرز بە هەردوو باڵی دەسەڵاتیان ڕاگەیاند ئێوەمان ناوێ و داوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و ڕێفراندۆمیان کرد. جگە لەوەش لەو ڕاپەڕینەدا بەپێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ ئەوە تەنیا چین‌وتوێژی دەسڕۆیشتوو و مامناوەندی نەبوو کە هاتە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز کردەوە، بەڵکوو ئەو ڕاپەڕینە لە هەناوی هەژاران و برسییەکان هەڵقوڵی و چین‌وتوێژی مامناوەندییشی ڕەگەڵ کەوت.

ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژ بە گەندەڵی و بەرتیلخۆری و مافیای سپای پاسداران وەک دەوڵەتی سیبەر و زۆر لە بنکە و بنیاتەکانی سەر بە خامنەیی کە زیاتر لە نیوەی ئابووری ئێرانیان مۆنۆپۆل کردوە و لەبەرەوەش وەک زەروو مژووڵی مژینی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران لەڕێی بەشە بودجەی ناڕەوای خۆیان لە بودجەی گشتین، نیزامی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیی داگرتوە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەزانن ڕەگی حەیاتی ئەو نیزامە ئاوێتەی گەندەڵی بووە و دیاردەیەک بە ناوی هەڵبژاردن و گۆڕینی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی هیچ کاریگەرییەکی لە داهاتووی ئێران و ژیان و گوزەرانی ئەواندا نابێ؛ هەربۆیەش وادە و بەڵێنییەکانی دەسەڵات بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە هیچ بایەخێکی لەلای خەڵکی نەماوە. ئەو دۆخە واتە کەڵەکەبوونی سەروەت و سامان لە دەستی مافیای سپای پاسداران و ئەو کەسانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەمیان لە کاسەی دەسەڵات‌دایە و لە ڕانتی دەسەڵات بۆ هەڵلووشینی سامانی گشتی کەڵک وەردەگرن لەلایەک و لەلایەکی دیکە سیاسەتی دەستێوەردان لە وڵاتان و تەخشان پەخشانی دەیان میلیارد دۆلاری لە سەرمایەی نەتەوەیی بۆ دەستە و تاقمە تێرۆریستییە نیابەتییەکان، لەو دۆزەخەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی تێدایە، چین‌وتوێژە مامناوەندی و هەژارەکانی ناهومێد و لە هەمانکاتدا توورە کردوە. توورەییەک کە لە درووشمە ڕادیکاڵەکانی خۆپێشاندەران لە ڕاپەڕینی ٩٦ بەرچاوکەوتن و نیشانی دا خەڵکی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی برسی و هەژارەکان ترسیان شکاوە و ئامادەن بە قیمەتی گیانلەدەستدانیش بێ کۆتایی بەو دۆزەخە بێنن کە ئاخوندەکان بەدیاری بۆ خەڵکیان هێناوە.

ئیستبدادی شێوە فاشیستی دینی کۆماری ئیسلامی دەستی خستووەتە نێو تایبەتیترین بوارەکانی ژیانی خەڵکی ئێران و بە فەرهەنگی شیوەن و ڕۆڕۆ بە یاسا نووسراو و نەنووسراوە دواکەوتووەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان تووشی ترس و توورەیی و خەمۆکی و ڕەشپۆشی کردووە؛ بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی گالۆپ خەڵکی ئێران توورەترین خەڵکی جیهانن، دیارە جگە لەو فەرهەنگە دواکەوتوویە کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤٠ ساڵە تێدەکۆشێ بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت ژنان و کچاندا بیسەپێنێ، بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کاردانەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوە لەسەر ژیانی خەڵکی، کاریگەریی نەرێنیی خۆیان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران هەبووە و هەیە، بەوحاڵەش ئیدئولۆژیی زاڵ بەسەر دەسەڵات وەک دین و مەزهەبی فەرمی کە ئاوێتەی دیکتاتۆریی ڕەشی ئاخوندەکان بووە، کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی هەتا ڕادەی هەناسەبرکێ و هەنیسکدان و خنکان بردووە، هەربۆیەش دیتمان کەڵەکەبوونی ئەو هۆکارانە بوون بە هۆی تەقینەوەی ڕق و توورەیی پەنگخواردووی هەژاران و بەگشتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش ئەو ڕاپەڕینە مێژووییە نیشانی دا خامنەیی و دەسەڵاتی دژی گەلی و گەندەڵیی ئاخوندەکان ناتوانن بە زەبری سەرکوت خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بەچۆکدا بێنن. هەر بەدوای سەرکوتی ڕاپەڕینی ٩٦، کەمتر لە دوو ساڵ دواتر بۆ جارێکی دیکە و لە قەبارەیەکی گەورەتردا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ ناڕەزایەتی‌دەربڕین لە گرانی سێ‌قاتی نرخی بێنزین لە زیاتر لە سەد شاری ئێران هاتنەسەر شەقامەکان. دیارە ئەو ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەش بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەیانە و خوێناوی سەرکوت‌کرا و هەزاران کەس کوژران و بریندار بوون و زیاتر لە دەهەزار کەسیش دەسبەسەرکران. لەپاش ئەو ڕاپەڕینەش کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەک مامۆستایان، جوتیاران و خانەنشین‌کراوەکان لە زۆربەی شار و پارێزگاکان بەبۆنەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕیوە و بەگژ سەرکوتکەراندا هاتوونەوە.

ئەگەر سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی توانیان ڕاپەڕینی ٩٦ و ٩٨ سەرکوت بکەن، تەنیا هۆکاری ئەوە نییە کە دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەهێز و بێبەزەییە، بەڵکوو بەشێکی دەگەڕێتەوە ئەوەی کە ئەو ڕاپەڕینانە سەرەڕای ئەو پۆتانسیەلە بەهێزەی کە هەیانە لەلایەک پەرش‌وبڵاوە و بەرێکخراوە نەکراون و لەلایەکی دیکە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەسەر پلاتفۆرمێک و هەدەفێکی هاوبەش کۆک نین و نەیانتوانییوە ئەو جۆرەی کە پێویستە لەگەڵ نێوخۆ و ئێلیتی کۆمەڵگە پێوەندی بگرن. ئەو لاوازییە ڕەنگە زۆر نەخایەنێ و کۆمەڵگەی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتەکانی ڕێژیم، ڕووداوەکانی ناوچە و هەڵسوکەوتی زلهێزەکان لە تەعامول لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئاوسانی زۆر ڕووداوی چارەنووس‌سازە کە دەبێ چاوەڕوانی بین و بە قازانجی پێشوەچوونی خەباتی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندەکان کەڵکی لێ وەرگرین.

# شەڕی نەرم، پێناسە، مێژوو و تاکتیک

**شاهــۆ مەتین**

بێگومـان یـەکێک لـە ئالێنگارییـی و گرفتە بنەڕەتییەکان لە بـەردەم خەڵکی کوردستان بۆ خرانە ژێر گوشاری ڕوحی و ڕەوانـی، شەڕی نەرمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. ئەم شەڕە نەرمە هاوتەریب لەگەڵ شـەڕی فیزیکی دەرحـەق بە نەتەوە و بزاوتەکەمان بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و لە هەموو ڕەهەندەکان و بە هەموو ئامرازەکان درێژەی بووە. مەبەست لەو شەڕەش ئـەوە بـووە کە هـەست و نەستی تاکی کورد تووشی نسکۆ و داماڵین لە هەر چەشنە بەها و مۆراڵێکی نەتەوەیی، ژیاری، نیشتیمانی، زمانی و... هتد بکەن. ئەوان گەرەکیانە تاکی کورد مرۆڤێکی خۆبەکەمزان، لەرزۆک، داماو ، بێئیرادە و بێدەنگ و خۆبەدەستەوەدەر بێ و توانای هیچ چەشنە هەڵوێست و ئیرادەیەکی لە دژی دەسەڵات نەبێ.

سروشتییە کاتێکیش تاک لە ناسنامە ڕوحی و مادییەکانی داماڵدرا، ئیدی بەشێوەیەکی نائاگایانە دەکەوێتـە نێو سیستمی فیکری و سیاسەتی داگیـرکـاریـی حکـوومـەتـی دەوڵـەت–نـەتـەوەی سەردەست.

**شەڕی نەرم soft warfare:**

شـەڕی نـەرم لـە بـەرانـبـەر شـەڕی سەخت Hard warfare [شـەڕی بە چەک و لە مەیدانی جوغرافی و مرۆییدا] پێناسە دەکرێ و پێناسەی جۆراوجۆری لە لایەن خاوەنڕایانەوە بۆ کراوە، وەک: "جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی گەڵاڵەکراو لە بانگەشە و کەرەسەکانی پەیوەندیدار بە بانگەشە بۆ دزەکردنە نێو هێز و هزری دوژمن بە جۆرێک کە دەستەبەری مەبەست و ئامانجە ئەمنییەتییەکان بکا." یان "شـەڕی نـەرم هەوڵدانێکە کە لەسەر ئەساسی ئەم شەڕە نەرمە دەبێ ئەوانیتر نۆرم، بەها و بڕوای تۆ بە کەمترین تێچوو قبووڵ بکەن و ملی بۆ ڕاکێشن.

بە تێڕامانێک لەسەر ئەو پێناسەگەلە دەبینین کە هـەمـوو دەسـەڵاتـە زاڵـەکانی سـەر خـاک و خەڵکی کوردستان لە هەمبەر گەلەکەمان جیا لە شـەڕی سەختی وەک فەرمانی ژینۆسایدی ساڵی ٥٨ی هـەتـاوی لـە لایـەن خومـەینی و سەپاندنی شەڕی نارەوا بە سەر نەتەوەکەمان، لە مەیدانی شـەڕی نەرمیشدا بە ڕێگای مێدیا، پـەروەردە، سۆسیالمێدیا، هونەر و وەرزش و ... بە بەردەوامی هەوڵەکانیان لەسەر ئەو بناغەیە هەڵچنیوە کە کورد لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دابماڵن و هـزر و ڕوحـی نیشتمانپەروری و نـەتـەوەخوازیی تاکی کـورد تێک بشکێنن و لە بەرانبەردا بڕوا و بایەخەکانی خۆیان لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا جێگیر بکـەن. ئـەم شـەڕە دوژمن بە مەبەستی ڕووخاندنی سیستمی فکری و قەوارەی زەینیی تاکی کوردە کە پێی دەفرۆشێ و دەیـەوێ بـەبێ تـونـدوتیژی و بـەرهەڵست دروستکردن ئامانجەکانی بپێکێ.

لە ڕووخاندن و شەڕی نەرمدا توندوتیژییەکان هەستپێکراو نین، نەرمن و زۆرتر پێداگری لەسەر مودیریيەتی میدیایی، دروستکردنی گرفت و قەیران لە ناسین و ئاگامەندیی تاک لە لێکدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، تەناهی و... ترە. هەروەها هەوڵ دەدرێ لە بەستێنی پارادایمی یاسایی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەرەتا ئاستی ڕەوایی، لێهاتوویی و متمانەی هێرشبەر لە کۆمەڵگەی بەئامانجگیراودا بەرنە سەر و؛ پاشان لە ڕێگای پلانگێڕیی نەرمئامێرانە و بە پشتیوانیی هێز و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سیاسی و دەستەبژێرانی بێننە ئاراوە.

لەسەر ئەم ئەساسە لە ڕووخاندنی نەرمدا، کەڵکوەرگرتن لە هێزی نەرم بۆ پراکتیزەکردنی هەڕەشە نەرمەکان گرینگیی بایەخدارانەی هەیە، چۆنکی هێزی نـەرم سەرچاوەکەی هەڕەشەی نەرمە و هەڕەشەی نەرمیش ئامێر و کەرەستەی نەرم و نەبینراو بەکار دێنێ.

وەک مێناک: دزەکردنـە نێو بایەخ و نۆرمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی یـەک کۆمەڵگە کەرەستەی نادیارن کە بە گشتی لە شەڕی نەرمدا بەکار دەبرێن. کە وابوو دەکرێ شەڕی نەرم بە هەر جۆرە هەوڵدان و هەنگاوێکی نەرم، ڕەوانی و بانگەشەکارانی میدیایی بزانین کە کۆمەڵگە بەئامـانـج دەگـرێ و بێ وەبـەریـەککـەوتـن و بەکارهێنانی هێز و سەپاندن، چییەتیی ئەم جڤاکە دەگۆڕێ.




**مێژووی شەڕی نەرم:**

شەڕی نەرم و چەمکەکانی هاوشێوەی شەڕی نەرم وەک: شەڕی ڕەوانی، هێزی نەرم، شەڕی سپی و... هتد مێژوویەکی دێرینی هەیە و چەشنی ڕوانـین و پەیوەندیی ڕووبـەڕوو بێئاخاوتن، سادەترین و کۆنترین شێوەی شەڕی نەرمە.

هەڵسەنگاندنی زانستیی شـەڕی نـەرم بۆ پاش دەستپێکی شـەڕی سارد و دەیـەی ١٩٧٠ـز دەگـەڕێتـەوە. لـەو دۆخـەدا بە بەشداریی شارەزایانی زانستی سیاسی و پەیوەندییەکان وەک، جۆزێف نای، هارۆلد لاسوول، جان کالینز و ئەندامانی هەڵکەوتووی CIA و فەرماندەرانی پایەبەرزی پێنتاگۆن، ناوەندێک بە ناوی "کۆمیتەی مەترسیی باو و نەوەستاو " دامـەزرا. پاشان پلانە جۆراوجۆرەکان بۆ شەڕی نەرم و شێوەی جێبەجێکردنیان بڕیاریان لەسەر درا.

گرینگترین مەبەستی ئەم ناوەندە ڕێکخستنی شەڕی تەبلیغاتی دژی بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو، و لە ڕێگای ئەم شەڕە نەرمەوە توانییان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ڕێژیمە سیاسییەکانی وڵاتانی وەک لەهێستـان، گورجێستـان، چێکوسلۆواکی، قێرقیـزستـان و... پێک بێنن. ئـەوان بەبێ بەکارهێنانی کەرەسەی شەڕی سەخت و تەنیا لە ڕێگای هێزی نـەرم ڕەوایـی و لێهاتوویی و متمانەیان لەم وڵاتانە نەهێشت و بە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە سیاسی–کۆمەڵایەتییەکان خەڵک و دروستکردنی ناسەقامگیریی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتی ئاڵوگۆڕیان لە پێکهاتە و نیزامی سیاسیی ئەم وڵاتانەدا پێکهێنا. دواتریش پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت ناوی ئەم کۆمیتەیە بۆ "کۆمیتەی ئاشتیی سەقامگیر" گۆڕدرا.

**تاکتیکەکانی شەڕی نەرم:**

لە شەڕی نەرمدا تاکتیکگەلی جیاواز کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە هەرکامیان لە چوارچێوەی شێوەکانی میدیایی بۆ شێواندنی بیرورای گشتی بەکار دەبردرێن. وەک:

شـەڕی مـیـدیـایـی: شـەڕی میدیایی لە پرۆسێسی شەڕی نەرمدا پراگماتیترین شێوەی ڕووبەڕووبوونـەوە لەنێوان ڕکەبەرەکانە. لەو شـەڕەدا کـەڵکوەرگرتن لـە میدیا و لقەکانی (ڕۆژنامـە، هەواڵدەرییەکان، ڕادیۆ، تیڤی، تۆڕە کۆمـەڵایـەتییەکانی سـەر ئینتێرنێت و...) بۆ لاوازکردنی وڵاتان و نانەوەی کێشە و ئاریشە لەنێو ڕکەبەرەکاندا زۆر باوە. لایەنێکی دیکەی ئەم شەڕە مێدیاییە بەکاربردنی تاکتیکە نوێیەکان بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی گشتی و باڵای نەتەوەیی خۆتە.

شەڕی میدیایی یەکێک لە لایەنە بەرچاوەکانی شەڕی نەرم، بە تایبەت شەڕە نوێیەکان لە نێوان وڵاتاندایە و بە گشتی لەکاتی وەبەریەککەوتنی نیزامیدا زۆرترین کەڵکی هەیە و تەنیا شەڕێکە کە لە دۆخی ئاشتییشدا دەتوانرێ لەدژی نەیارەکەت دەتوانی بیکەی، چونکی گوشارێکە کە پێوەندی و نیزیکایەتی بە لایەنی نیزامی، سیاسی و ئەمنییەتی وڵاتەوە هەیە.

**دروستکردنی دەنگۆ و پەرەپێدانی:**

دەنـگـۆ دروسـتـکـردن و گـواسـتـنـەوە و هەناردەکردنی زارەکییانەی پەیامێکە بۆ دنەدانی بـڕوای گوێگرەکان و کاریگەری دروستکردن لەسەر هەست و نەستی ئەوانیتر. دەنگۆ بەتایبەت ئەم بەشە دەکاتە ئامانجی هێرش کە هەستیاریەکی بەرزی لای بەردەنگ هەیە و پرسگەلی ناڕوون و گرینگ بۆ ئامانجی دیاریکراولەخۆ دەگرێ. بۆ نموونە:

ناکۆکی نـانـەوە، دروسـتـکـردنـی بێهیوایی، پچڕاندنی پێوەندی و لێکگرێدراویی کۆمەڵ، گرووپ یان نەتەوەیەک و...

**بەرهەمهێنانی ترس:**

لەم تاکتیکەدا بۆ دروستکردنی مەترسی و دڵەڕاوکێ لە نێو لایەنی نەیاردا لە کەرەستەی ترس کەڵک وەردەگیردرێ. پسپۆڕانی شەڕی نەرم سەرەڕای هەڕەشە و ترساندنی بەردەنگەکانیان بە ڕێگای جیاوازدا وا نیشان دەدەن کە مەترسی و خەساری نادیار و گەورە لەسەر ڕێگایانە وبەم شێوەیە داهاتوویەکی نادیار وپ ڕاوپڕ لە کێشە و ئاریشە و خۆبەدەستەوەدەرانە بۆ تاکەکانی نەیار دیاری دەکا.

**دژایەتی و پەرتەوازەیی:**

یەکێکی تـر لـە تاکتیکەکانی شـەڕی نـەرم لاوازکـردنـی یەکگرتوویی و ئیـرادە لـە ڕێگای سیاسەتی پەرتەوازەیی و دژایەتی دروستکردن لەنێو کۆمەڵگەدایە.

دروستکردن و جاڕدانی هەبوونی دژایەتی و پـەرتـەوازەیی لە سەنگەری نەیاراندا دەبێتە هـۆکـاری نـایـەکگـرتـوویی و لایـەنـی بەرانبـەر سەرقاڵی کێشەگەلی نێوخۆیی دەکا و لەم ڕێگایەوە ئۆتۆریتە و وزەی لایەنی هێرشبۆسەرکراو لاواز دەبێ.

**ئیترەکان**

تێرۆری کەسایەتی، کەڵکوەرگرتن لە ڕەگەزی بەرانبەر بۆ کارتێکردن لە کەسی بەئامانجگیراو، نانەوەی ئاژاوە و قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ... لە تاکتیکەکانی دیکەی شەڕی نەرمن.

**دەرەنجام:**

لـەم قۆناغەی ئێستادا کە کورد بە هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی خاوەنی کیان نەتەوەیی خۆی نییە تاکوو بتوانێ وەک حکوومەت و دەسەڵات ئەم شـەڕە نەرمەی لـەدژی دەکـرێ بەرپەرچی داتەوە و ئالێنگارییەکانی سەر جڤاکی کوردستان لـە هـەموو ڕەهـەندەکاندا بڕەوێنێتەوە، ئـەرک و بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سـەر شانی تاک، ڕێکخراوەکان، هێزە سیاسییەکان، چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی، ڕووناکبیران و... . پێویستە لەسەر ئەساسی نەتەوەخوازی و نیشتیمانپەروەری و برەودان بە "خۆدئاگایی" تاک بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو کەرەستەکانی بەردەست و لە ڕێگەی میدیا و ماسمیدیا بـە شێوەیـەکی پلانمەند بـە دروسـتـکـردنـی "خـۆبـاوەری" بـەرپـەرچی مەترسییەکانی سـەر ئەمنییەتی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد بدەنەوە.

پێویستە هـێـزە کـوردیـیـەکـان بـەو ڕێـگـا و میکانیزمانەی کە دەتوانن بیگرنە بەر، سیاسەتی "هێرشی پێچەوانە" لە دژی ئەقڵییەت و زێهنییەتی شۆوینیزمی دەوڵەت–نەتەوەی سەردەست بگرنە بەر و هاوکات بە پێدانی زانیاریی گشتی لەسەر مێژوو، چاند، شارستانییەت و ئاگاییپێدان؛ زوڵم و ناحـەقی دەسـەڵاتـی حکوومـەتی دەرحـەق بە نەتەوەکەمان زەق بکەنەوە و لە هزر و ڕوحی بەردەنگەکان وا ڕۆچن کە ناسیۆنالیزمی تۆخ ئـادرەسـی دیـاری هـەر مرۆڤێکی کـورد بێت و کۆمەڵگە نۆرمـە دژەکـان بناسێ و لـە دژیـان بوەستێتەوە و بەگژیاندا بچێتەوە.

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

## بیباری ژاراوی بۆ چارەسەرکردنی ڕێژەی هەژاران

ئەرێ لەبیرتانە ڕێبەری یەکەمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران چۆن باسی کۆخنشینانی کرد؟ هیوادارم خوێنەرانی بەرێز و وشیار و "همیشە در صحنە"ی بەتەمەن و بەساڵاچوو، ئەو دیمەنانەی چەند ڕۆژ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتییان لەیاد مابێت.

خۆ ئەگەر ئیمام خومەینی و دەسەڵاتدارانی دواتری "کۆ–مار"ی ئیسلامی زوو خۆیان بەخەبەر نەهێنابایە، ڕێژیمی سـەرەڕۆ و تاغووتیی پاشایەتی بەتەمابوو یەک موستەزعەف و کۆخنشینیش نەهێڵێت.

ڕێژیمی پاشایەتی تەنیا یـەک کـاری باشـی دەزانـی، ئەویش سەرکوتکردنی هەستی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران بوو. ئەو کورد و مورد و بەلووچ و مەلووچ و عەرەب و مەرەب و ئازەری و مازەری و تورکمەن و مورکمەنانە ئەگەر سەرکوت نەکرابان، ئێرانیان پارچە پارچە دەکرد. دیارە شای ڕەحمەتییش جوان بیری لەوە کردبۆوە و دوای ڕۆیشتنیشی گۆپاڵی سەرکوتکردنی ئەم قەوم و مەومانەی دایە دەست بەرپرسانی هۆشمەند و تێگەیشتووی "کۆ–مار"ی ئیسلامی.

شای گۆڕبەگۆڕ لەلایک بە دروستکردنی ڕێکخراوی تێکسڕماو و ڕێکوپێکی وەک ساواک خزمەتی "یەکپارچەگی" خاکی ئێرانی دەکرد و لەلایەکی دیکەوە خەریکی هێندێک هەڵەی درێژخایەن بوو. ئـەو خەریک بـوو بە کەمکردنەوەی هـەژاری و زیادکردنی چینی مامناوەندی، هێڵی هەژاری نەوی بکات و وا بکات خەڵکی تێروتەسەل بیر لە هیچ نەکەنەوە و وەک مەڕ سەر بەر بدەنەوە و هەر خەریکی خواردن و کردن و ڕیتنەوە بن. بەڵام خوا یارمەتی ئینقلابی ئیسلامیی دا و بەشێکی بەرچاوی خەڵک بە هـەژاری و کۆخنشینی مانەوە و بوونە دەستمایەی سەرەکیی ئینقلابی ئیسلامی. بیرمەندانی "کۆ–مار"ی ئیسلامی زۆریان لێجوانە دەڵێن موستەزعەفان و کۆخنشینان ئەم ئینقلابەیان کرد. ئەم قسەیان تەواو ڕاستە و هیچ درۆی تێدا نییە. ئەگەر نەسل و تۆرمەی موستەزعەفان خوا بەوێ ڕۆژێ نەکات لەبن هاتبایە، کێ وەک مێگەل بە سەر مەیدانی مینان و بە سەر چاڵەقیری پووشبەسەرکراودا لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق خۆی دەتەقاندەوە؟ هەر دوور نەڕۆین دوای ڕووخانی دەستەڵاتی سەدامیش ئەگەر موستەزعەفان و کۆخنشینان نەبوایەن چۆن ئەم لەشکرە زۆرە ساز دەبوو بەپێیان و بە برسیەتی خۆیان بگەیننە نەجەف و کەربەلا و هەیبەتی کۆماری ئیسلامی بە جیهان بگەیەنن؟

بەڵێ ئـەو کۆخنشیانەی ڕێژیمی پێشوو بەهەڵە خـەریک بوو نەیانهێڵێ، ئێستا سەرمایە و کۆڵەگەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامین. ئەوان نەبوایەن کێمان هەبوو بۆ دووسێ میلیۆن تومەن مووچەی مانگانە خۆی بگەیەنێتە شام و لوبنان و وڵاتانی دەوروبەر و لەپێناو تێرکردنی سکی برسیی منداڵانی، مانەوەی "کۆ–مار"ی ئیسلامی بە خوێنی خۆی نەکڕێ؟ ئەم هەژارانە نەبوایەن چۆن دەکرا بەگژ ئەم هەموو کوردە چەکدارەدا بچینەوە و نەهێڵین سەروملی نەخشە پشیلەئاساکەی ئێران بپەڕێنن؟

بەم هۆیانەی لەسەرەوە باس کران، بوونی موستەزعەف و هەژار و کۆخنشین لە هەبوونی هەموو شتێک پێویستترە. باشترین ڕێگەش بۆ زیادکردنی ڕێژەی ئەم سەروەت و سامانە بەردەستەی کۆماری ئیسلامی تەنیا یەک شت پێویستە، ئەویش بەرزکردنەوەی هێڵی هەژارییە. بەرزکردنەوەی هێڵی هـەژاری بۆ مانگانەی ١٠ میلیۆن تومەن بۆ خێزانێکی ٥ کەسی بۆ ئێستا شتێکی خراپ نییە. لە ئاخرین ڕۆژانـی سـەرەمی ڕێژیمی پێشوودا ئەگەر ١٠ ملیۆن تومەن بە ئۆتۆمبێلی ساپیا درابایە، هەر ماڵێک مانگانە دەیتوانی ٢٨٥ ساپیا بکڕێ و ٧١٥ تومەنیشی بۆ دەمایەوە. تەنەکەی ڕۆن بە ٢٩ تمەن و تەلیسە برینج بە ١٢ تومەن و کیلۆی گۆشت بە ٧ تومەن، هەر خێزانێک ٧١٥ تومەنەکەش لەسەرو ماڵی زیاد بوو. بەڵام ئێستا ئەگەر ئەندامانی خێزانێکی سەر لێواری هێڵی هەژاری بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک هیچ شتێک نەخۆن و نەخۆنەوە دەتوانن ماشێنێکی پڕاید بکرن و هەتا ئەوەندە پارەیەش کۆ دەکەنەوە، ئەگەر خوا لەکۆڵیان نەکاتەوە، لەبرسان ئەوەندە باریک دەبن جێگەی خۆیان و خێزانێکی دیکەش لەنێو پرایدەکەدا دەبێتەوە.

ئێستا بەهۆی فشاری دەرەکی و ئاڵەدینبوونەوەی دانیشتووانی وڵاتانی دراوسێ و هێرشە پەیتا پەیتاکانی ئیسرایل لەلایەک و گەیشتنی خۆمان بە مووشـەک و فرۆکـەی بێفرۆکـەوان و دەسـتـەونـەزەر ڕاوەستانی بەشیک لە هەژارانی وڵاتانی ناوچە هەست دەکەین بەشیکی زۆری هەژارانی خۆمان زیـادەن. ئەوانی وڵاتانی دیکە لە شەڕاندا بشکوژرێن، ئێمە ناچار نابین بیانکەین بە شەهید و مانگانە مووچە و حقوقیان بۆ ببڕینەوە و منداڵە تەنبەڵ و نەخوێندەوارەکانیان بێ ئەملاو ئەولا بنێرینە زانکۆکان و بیانکەین بە شتی سەیر و سەمەرە. جا لەبەر ئەمە پێویستە ژمارەی هەژارانی خۆمان دابەزێنین و کەمیان بکەینەوە، خۆ ناشتوانین هێڵی هەژاری داببەزێنن. بۆیە وا باشترە ئەو بیبار و میوە ژاراوییانەیان بەسەردا دابەش بکەین کە وڵاتانی هیچ و پووچ لێمان ناکڕن. مردنی هەژاران بەم بیبارە ژاراویانە هەر هیچ نەبێت، کێشەی شەهیدانە و شتی وامان لەکۆڵ دەکاتەوە و ئەگەر زانیشمان بەشی ڕاگرتنی دەسەڵاتی پیرۆزی "کۆ–مار" ئیسلامی کەم دەبێتەوە، لە بیبار بەشینەوە دەست ڕادەگرین.

خۆ ئەگەر نەمانتوانی میوەی ژاراوی وەک چەک دژی خەڵکی بێگانە بەکار بهێنێن خۆ دەتوانین ئەوا کێشەی وڵاتی خۆمانی پێ چارەسەر بکەین.

# خەباتی نەتەوایەتیی گەلێک کە دەبێ بنچینەکانی ڕێک بخرێتەوە



زانیار حوسێنی

لە دوای شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی ئەوەی گرینگ بوو و لە جیهانی سیاسەتدا بوو بە یەکێک لە پرسەکان، بە دەوڵەتبوونی میللەتان بوو کە چەندین هۆکاری سەرەکیی هەبوو. یەکەم، دەوڵەتانی داگیرکەر چیتر لەڕووی پۆتانسیەلەوە توانایی مانۆڕدان و داگیرکارییان لەو ئاستەدا نەمابوو. بەهۆی ئەوە کە هێز و توانا تەنیا لە دەست چەندین وڵاتدا نەبوو و وڵاتانێکی تریش هاتنە مەیدان و گۆڕەپانی کایەی سیاسییەوە. لەلایەکی دیکەشەوە میللەتان وشیارتر ببوونەوە بەنیسبەت پرسەکانی وەک ماف، شەڕ، و دەسەڵات و گرینگیی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەدەستی خۆیان. هەروەها لەبەر ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان و خێرایی گەشەسەندنی پیشەیی وڵاتان و پێویستی پێوەندییەکی زیاتر لە بوارەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەو پێشچوونی کاروباری ئابووری و پیشەیی و دۆخی هەناردە و هاوردە، هەست بەبوونی ئاسایش و ئەمنییەتێکی زۆر زیاتر لە جاران لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا دەکرا.

بۆ ئەوەی بەربەستەکانی پێش ئاڵوگۆڕەکان و خێرایی ئەو ڕەوتە لە بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و پیشەیی کە پێشکەوتوویی و گەشەسەندنی بەدوادابوو، نەبێتە هۆکاری بەستێنی ململانەیەکی تری قورس لە گۆڕەپانی ڕکەبەری وڵاتاندا؛ بەدەوڵەتکردنی میللەتان، یان بەدەوڵەتبوونی میللەتان وەک پرسێکی گرینگ کە دەبێتە هۆی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات و ناوچە و نەزمی زەنجیرەی ئاسایشی گشتی هاتە نێو کایەی سیاسی و بوو بە مەسەلە و بابەتی ڕۆژ و دارشتنێکی نوێی جوغرافی و سیاسی، لە داهێنانی نەزمێکی نوێی جیهانیدا. هەرچەند کە بەدەوڵەتبوونی میللەتان بەو مانایە کە میللەتێک خۆی دیاری بکا کە لە جوغرافیای دیاریکراویدا چۆن سیاسەت و پێوەندییە نێوخۆییەکانی بەپێی بیروبۆچوون و کولتوور و کۆمەڵێک بابەتی دیکە دابڕێژێ، بابەتێکی زاتییە و مافی هەر گەلێکە. ئەگەر نەتەوەیەک وەک پەیکەرە و هەیکەلێک لە نەزەر بگرین، دەکرێ تەواوی ئەو مافانەی کە بۆ تاکێک ڕەچاوی دەکەین، بۆ ئەویش لەبەرچاوی بگرین، سەرەڕای مافە گشتی و نەتەوەییەکان و ئەو دەستە بەرژەوەندییەی کە بەپێی پێشکەوتنی زانست و چەمکەکان دێتە پێش.

کە وایە میللەت بۆ دەوڵەت و دەوڵەت بۆ میللەت، هەر وەک هەوایە بۆ سییەکان سییەکان بۆ گیانلەبەر. بەو مانایە کە ئەو بابەتانە زاتین و تایبەت بە نەتەوەیەک یان قەوارەیەک و قاڕڕەیەک نین. هەرچەند کە ئەو بابەتە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک خاڵەکانی تری جاڕنامە و کۆنڤانسیۆنەکاندا هاتوە و مەشرووعییەتی جیهانیی پێ دراوە، بەڵام بەو مانایە نییە کە پێش ئەوە، ئەو مافانە نەبوون یان بۆ نەتەوەکان بەحەق و ڕەوا نەزاندراوە. لە ڕاستیدا نەزمی جیهانی بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوا کە بە پتەوکردنی خاڵە هاوبەشەکان و کەمڕەنگکردنەوەی خاڵە جیاوازەکان و تەعامووڵ و گفتوگۆ لەو بارەدا هەوڵ دەدەن بۆ پێکهێنانی ئاسایش و نەزمی نێونەتەوەیی. هەر بۆیەشە دەبینین کە جۆری هەڵسوکەوتی وڵاتان لە هەمبەر بابەت و کێشەکاندا ڕووی ڕەقی خۆی گۆڕیوەتەوە سەر بابەتە سیاسی و ئابوورییەکان.

یەک لەو بابەتانە کە زۆر بە کەمی باسی کراوە بە دەوڵەتبوونی نەتەوەکان و میللەتانە و یەک لەو هۆکارانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی میللەتان کەم و زۆر بوون بە دەوڵەت. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوە کوردەکانن کە سەرەڕای حەشیمەتی چەند دە میلیۆنی بەڵام هێشتا دەوڵەت نەتەوەیان نییە و تەنانەت ئەمە دەکرێ بە پرسێکی نێودەوڵەتییش دابندرێ. لەم ڕووەوە کە چوار وڵات بە داگیرکردنی خاکی کوردان خەڵک و نەتەوەی کوردیان لە مافەکانیان بێبەش کردوە. ئەوەش کە کۆمەڵگەی جیهان بە پێکهێنان و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ڕێکخراو و نەهادە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی دابینکردنی ئەو نەزمە پێکهاتووە و پتەوترکردنی نەزم و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدا، خۆی شاهیدی ئەو باسەیە. بەڵام کورد وەک تەنیا نەتەوەی بەرچاوی بێدەوڵەت لەو بەشەی جیهاندا دەبێ چ بکا؟



**لەو بەشانە کە کولتوور و جۆری پۆتانسیەلە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازە و یان هێندێک بابەت هەیە کە لە بزاڤەکانی کەڵکوەرگرتوی دیکەدا نەبوون، دەبێ ڕێوشوێنی نوێی بۆ بدۆزرێتەوە و لە چەند بواردا بە شێوەی مەیدانی تاقی بکردرێتەوە و ئەگەر لە خەسارناسی چوارچێوەی دیاریکراوی بزاڤی ئاراییدا خۆی دیتەوە و جێی گرتەوە و بوو بە هۆی بڕینی قۆناغەکان لە حاڵەتی ئاسایی پێشوودا، یا بوو بە هۆی چارەسەر و یان ڕێخۆشکەر بۆ ڕەهەند و حاڵەتەکانی دیکە، بهێندرێتە نێو ڕەهەندەکانی خەبات.**

ئەوەی کە لەلایەکەوە هێژموونیی وڵاتانی داگیرکەر و پلان و پیلانەکانیان بۆتە هۆی تێکدانی کولتوور و داب و نەریت و لێک دووربونەوەی بەشەکانی ئەو نەتەوەیە لە زۆر بابەتدا لە یەکتر؛ لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی ئەو وڵاتانەش بۆتە هۆی پێکهاتنی بیروڕای جۆراوجۆر و تەنانەت زۆر جار دوور لە مەنتیق و کێشەساز. جیا لەوەی کە بە تێکدانی ئابووری و بەربست سازکردن لە هەمبەر ماف و پێداویستیە سەرەتاییەکان، ئەو مەترسییە هاتۆتە ئاراوە کە مێژوو و نەریت و زمانی ئەو گەلە یان بەشێک لەوانە بسڕدرێتەوە و ئەو ناوچەیە تووشی کۆمەڵێک حاڵەت و بابەتی دیکە بکا و مەیدان بۆ هێندێک دۆخی مەترسیدار بڕەخسێنێ. بۆیە لە باسە نێودوڵەتی و جیهانییەکاندا دەبێ ئەو باسە بکرێ بە پرسێک، کە کێشەی کورد ئیتر تەنیا کێشەی کورد نییە و چارەسەر نەبوون یان هەوڵی چارەسەر نەکردنی تەنیا زەرەر و زیان بە کورد ناگەیەنێ. ئەوە مەسەلەیەکی هەستپێکراو و ئەزموونکراوە لە مێژووی جیهاندا، کە هەر نەتەوەیەک کە قەوارەی جوغرافی و زمان و کولتوور و مێژوو و ئابووریی دیارە و بۆتە دەوڵەت، نەتەنیا بۆتە هۆی ئارامی و سەقامگیریی دەسەڵات و دەسکەوتە ڕەوا و ئوسوولییەکان لەو ناوچەیە، لە هەمان حاڵدا بۆتە هۆی چارەسەری زۆر کێشە و لاچوونی پاڵسی نەگەتیڤ و حەزفبوونی پۆتانسیەلە مەترسیدارەکان؛ هەروەها سەقامگیریی ئەمنییەتی و ئابووری و سیاسییش ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ بووژانەوەی ئاشتی و گەشەسەندنی ئابووری و نەهێشتنی هیچ مەیدانێکی نەگەتیڤ بۆ بوون بە گۆڕەپانی ئیدئۆلۆژیکە نەباش و نابەجێیەکان. ئەوەش خۆی بۆتە کۆڵەکەیەکی دیکە بۆ باشتربوون و سەقامگیرتر بوونی نەزم و سەقامگیریی نێونەتەوەیی لە زۆر خاڵە هاوبەشەکاندا.

دیارە بۆ پێکهاتن یان پێکهێنانی ئەو حاڵەتانە ناکرێ تەنیا پشت بە چارەسەری سەرەتایی پرسەکان یان هێندێک لە کێشەکان ببەسترێ. بۆ ئەوەی ویست و داخوازییەکانی ڕەوا و ئوسوولی لە ناوچەیەک بێتە دی و لە ڕەوتی نێودەوڵەتی و بەجیهانیبووندا بتوانێ هەماهەنگ و هەودەنگ بێ، دەبێ هەموو پرس و کێشە سەرەکییەکان وەک خۆی ببیندرێ، تەفسیر و لێکدانەوەی درووستی بۆ بکردرێ، ڕێگەچارەکان دیاری بکردرێ و ئەوجار لەسەر موافقەت و خواستی ئەو خەڵک و نەتەوەیە بێ. بە جۆرێک کە بالانسی ویست و خواست و مافەکانی هەموو لایەنەکان و سازکردنی فەزای گفتوگۆ و دانووستان و ئەزموونکردنی زۆربەی هەرە زۆری ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات، یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە دەکرێ دەرگای چارەسەری کێشەکانی پێ بکرێتەوە و پێی هیوادار بین.

چارسەری پرسی کورد نەتەنیا لەبەر بەرژەوەندی کوردی، بەڵکوو دەستەبەری بەرژەوەندیی ڕەوتی نوێی جیهانییشە بە تایبەت لە بواری ئابووری و ئەمنییەوە کە وڵاتانی زلهێز پتر چاویان لە سەقامگیری ئەو بەشە لە جیهانە. کە وابوو ئەوەی ئێستاکە بۆ کورد لە ڕۆژهەڵات گرینگە سازکردن و پێکهێنانی هاودەنگی و هەماهەنگی لەسەر مێحوەرێکی هاوبەشی نەتەوەییە ڕوو بە تاران، کە تەواوی پۆتانسییەلەکانی ئەو بزاڤە لەخۆ بگرێ و لە هەموو کارتەکانی نێوخۆیی وڵات و دەرەوەی وڵات و ناوچەکە کەڵک وەربگرێ، بە بەرنامە و پلانێکی ڕوون داواکارییە نەتەوەییەکان لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانەوە بەڕوونی شی بکاتەوە، و مودیرییەتی ئەگەرە خوازراو و نەخوازراوەکانیش بکاتە بەشێکی بنەڕەتیی ئەو مێحورە. هاوکات خەباتی مەدەنی لە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە بچێتە قۆناغێکی نوێ و بەربڵاوبوونی چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە ڕەوتە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو پۆتانسیەلەی کە لە نێوخۆی وڵات هەیە، ببێتە هۆی هاودەنگی و هەماهەنگیی ڕێکخراو و گروپ و کەسانی سەربەخۆش بۆ بڕیارە نەتەوەییەکان و وەدووکەوتن و پێڕەویی خەڵک لەو بابەتانە. ئەوە دیار و ڕوونە کە لە خەباتی مەدەنیدا تا ئەو جێیەی بکرێ هەزینە بۆ خەڵک بهێنرێتە خوارێ و لە هەمان کاتیشدا شوێندانەریی کارەکان و جموجۆڵەکان لەو بزاڤەدا زیاتر بێ. بەڵام هێنانەخوارێی تێچووی چالاکی و تێکۆشان بەو مانایە نییە کە بەشێک لە ڕەهەندی خەبات ڕوو لە لاوازی بنێ، یان وەللا بندرێ. بەڵکوو ئەسڵی کەڵکوەرگرتن لە ڕەهەندەکانی خەبات ئەوەیە کە هەر بەشێکی ئەو ڕەهەندانە لە باشترین و ئامادەترین حاڵەتی خۆیدا بێ. چون ڕەهەندەکانی خەبات وەک ئاڵقەی زنجیرەیی بزاڤن و لاوازبوونی یەکیان یان بەشێکیان کاریگەریی نەگەتیڤ دەخاتە سەر بەشەکانی دی. بۆیە دەکرێ ئەو بابەتە وا پێناسە بکەین کە کەنگێ و چۆن و لە کوێ لە ڕەهەندێک کەڵک وەربگیردرێ؛ بەڵام ئەوەیکە بەشێک وەلا بندرێ یان وەک خۆی لە شوێن و پێگەی خۆی نەمێنێ، بۆ دوارۆژ بەپێی چاوەڕوانیەکانمان ناتوانێ ببێتە هەوێنی کاریگەرییەکی باش. بە تایبەت لە حاڵەتی ئێستادا کە کۆمای ئیسلامی جۆری سەرکوتەکانی گۆڕیوە و هەوڵ دەدا کە سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازیی کورد لەوپەڕی بێدەنگی و بە هەمان زەبروزەنگی ڕابردووش بێت، بۆ نموونە ڕفاندنی خەڵک یا کوشتنیان لە زیندانە کاتییەکاندا پێش ئەوەی بگەنە دادگاکان، یان دەستبەسەرکردن و بەردانیان بە دانانی بارمتەی قورس لەو دۆخە ئابوورییەدا، بانگکردنی خەڵکانی جۆراوجۆر بۆ ترساندن و تۆقاندنیان و ڕەشبگیرییەکانی ئەو ماوەیە. دەکرێ دەسەڵاتی داگیرکەر بە چەند حەرەکەتی سادەی مەدەنییانە هەڵسەنگێندرێ و ڕادەی بەرپەچدانەوەی ئاشکرا بێت بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازان.

ڕەهەندێکی دیکەی پرسەکە ئەوەیە کە بۆ تێپەڕاندن و بڕینی هێندێک قۆناغ لە خەباتدا پێویستە بنچینەکانی نەتەوەیی بەڕۆژ بکرێنەوە. ئەو بەشە تێکەڵاوەی نێو سیاسەت، هونەر، زمان و کولتوور کە دەستی ڕێژیمی تێدایە، بسڕدرێنەوە و لە هەمان کاتدا لایەنە باشەکانی نێو ناخی چینەکانی کۆمەڵگە پتەو و تۆخ بکرێنەوە و لایەنە نەباشەکانیش کاریان بۆ بکردرێ بۆ ئاڵوگۆڕ و جێگرەوەیان. ئەوەی کە زۆر گرینگە، ڕەوشی بزووتنەوەکان بەتایبەت بزووتنەوەی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات گرێ دراوە بە دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری خۆی و گەلانی دیکەی نێو ئێران کە ئەوانە بەشێکی بنەڕەتین لە بەشە گرینگ و پێویستەکانی بزاڤی نەتەوەیی. هەر بۆیە جیا لەوەی کە پێکهێنانی یەکدەنگی لە نێوماڵی کورد و سازکردنی مێحوەرییەتێک کە زۆربەی زۆری گەلانی دیکەی ئێران لە دەوری کۆ ببنەوە و بەدەنگێکی بڵێند و یەکدەست ڕووبەڕووی سەرەڕۆییەکان و چەوساندنەوەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و لەو بەشەدا بە تێڕادووییەوە دەکرێ بڵێین کە کورد دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ. لە لایەکیترەوە یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی ئەو بزووتنەوەیە وشیارکردنەوەی کۆمەڵان و چینەکانی خەڵکی کوردە لە ڕەهەندەکانی خەبات، بە تایبەت خەباتە کەم هەزینە و شوێندانەرەکان. بۆ ئەوەش پێویست و گرینگە بنچینەکان ڕێک بخرێنەوە، سەرلەنوێ تاریف بکرێنەوە و لەو شێونانەی کە پێویستە جۆر و چەمکیان بەپێی دۆخی کۆمەڵگە و نەتەوە دیاری بکرێ و بەپێی ئوسوول و ئیمکاناتی ئێستا لە ئاستێکی بەرچاو بڵاو بکردرێتەوە. دەبێ ئەو بابەتەش لەبەر چاو بگیردرێ کە ڕەنگە زۆر جاریش پێویست بە داهێنانێک بێت کە تا کوو ئێستا لە هیچ بزاڤێکیتر نەبووە؛ بەو مانایە کە ئەوە لەبەرچاو و ڕوونە خەباتەکان و شۆڕشەکان کەم و زۆر لە هێندێک حاڵەت و بابەتدا لە یەکتر دەچن یان ڕەهەند و جۆری چالاکییەکان لە یەکتر وەر دەگرن و ئەزموونەکان بۆ یەکتری دەگوازنەوە. بەڵام ئەوەی کە مەبەستە لە نووسینەدا ئەوەیە، کە جیا لەوانە لەو بەشانە کە کولتوور و جۆری پۆتانسییەلە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازە و یان هێندێک بابەت هەیە کە لە بزاڤەکانی کەڵکوەرگرتوی دیکەدا نەبوون، دەبێ ڕێوشوێنی نوێی بۆ بدۆزرێتەوە و لە چەند بواردا بە شێوەی مەیدانی تاقی بکردرێتەوە و ئەگەر لە خەسارناسی چوارچێوەی دیاریکراوی بزاڤی ئاراییدا خۆی دیتەوە و جێی گرتەوە و بوو بە هۆی بڕینی قۆناغەکان لە حاڵەتی ئاسایی پێشوودا، یا بوو بە هۆی چارەسەر و یان ڕێخۆشکەر بۆ ڕەهەند و حاڵەتەکانی دیکە، بهێندرێتە نێو ڕەهەندەکانی خەبات و لەو پرسە و مەسەلەیەدا پێناسە و تیئۆریزە بکرێ و هەوڵی بردنە نێو مەیدانی خەباتی بۆ بدرێ. بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی مافخوازانە و ئازادیخوازانەی میللەتان زۆرن ئەو بابەتانەی کە بەپێی دۆخ و وەزع و ئیمکانات و پۆتانسییەل داهێنانیان بۆ کراوە و بەباشی وڵامدەر و پڕ دەسکەوت بوون؛ لە هێندێک حاڵەتیشدا بوونەتە هەوێنی ئاڵوگۆڕی بەشی دیکە و یان داهێنانی نوێی دیکە بۆ تەکمیلی ئەو زەنجیرە تێکۆشان و چالاکییانە.

ئەوەی کە دەبێتە زەنجیرێکی پتەو و قایم بۆ پێکهێنانی مێحوەرێکی هاودەنگ و هەماهەنگ بەکوردی کردنی ئەو بابەت و مەسەلانەیە کە بەپێی ڕاستییەکانی نەتەوەی کوردە لەو بەشەی کوردستان. ئەوە لە ڕاستی و تێگەیشتنێکی باشتر نیزیکە کە چەمکەکان و واتاکان بەپێی ئەو دۆخەی ئێستا پێناسە و شی بکرێتەوە، و هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەڕۆژ دەکرێنەوە حاڵەتی سیستەماتیک بەخۆی بگرێ، کە لە بەزایەچوونی کات و دەرفەتەکان کەم بکاتەوە. بۆ ئەوەش پێویستە بە زانیاریی زیاتر و وردبوونەوە لەسەر هەموو بابەتەکان و هەڵسەنگاندیان لەگەڵ ڕابردووی و داهاتوویان. بۆ ئەوەی بەسیستەمکردنی بزاڤ پێویستی بە زانیاریی دەقیق و ورد و ڕاست و واقعبینانە هەیە، بۆ ئەوەی چوارچێوەکان لە ڕەوتی ئەسڵی ئوسوولی خۆی لا نەدات. بە زمانێکی تر کورداندنی خواستەکان و چوارچێوەکان دەبێتە هۆی گشتگیرترکردنی ئەو پرسە، کە بە وشیاربوونی کۆمەڵگە لە زۆربەی چینەکانی، و بە مۆزووع کردنی لە ئاستەکانی جۆراجۆردا بۆ خەڵک لە هەمبەر دەوڵەتی داگیرکەر، دەکرێ لاپەڕەیەکی نوێ و گرینگ هەڵبدرێتەوە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاوات و ئامانجەکانی نیزیکتر بکاتەوە.

***

## د. هاشم ئەحمەدزادە:

# لە دەرەوەی زمان هەرچی هەیە هەر زمانە

## (٢-١)

دیمانە: کاروان مێراوی

**[پرسی زمان و پێوەندیی بە شوناسی نەتەوەیی و بەتایبەت لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا هەموو کاتێک جێی باس و مشتومڕی سیاسی بووە، پرسی زمان لەلایەن دەسەڵاتەکانیشەوە ئەو بایەخە تایبەتەی بووە و سیاسەتی زمانی، یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی وڵاتان و بەتایبەت دەوڵەتنەتەوەکان بووە، ئەویش ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوەن و نەتەوەی سەردەست هەوڵی تواندنەوە یان دابەزاندنی ئاستی زمانی نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئەو وڵاتە -ئێران بۆ نموونە- دەدات. "کوردستان" بۆ باسکردن لەسەر پرسی گرینگی و بایەخ و کارکردی زمان، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز د. هاشم ئەحمەدزادە، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، نیشتەجێ لە سوید پێکهێناوە کە لە دوو بەشدا بڵاو دەبێتەوە.]**


**دوکتور سەرەتا با بەوە دەست پێ بکەین کە پێناسەی زمان چییە، یان بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی جەنابتەوە زمان چۆن پێناسە دەکرێ؟**

لە زۆر باس‌وخواستی پێوەندیدار بە پێناسەی زماندا زانایانی بواری زمان ئاماژە بە پەند یان مەتەڵۆکێکی چینی دەکەن و لەم ڕێگایەوە خۆیان لە پێناسەکردنی ڕاستەوخۆی زمان دەبوێرن. بەگوێرەی ئەم مەتەڵۆکە یان پەندە چینییە ڕۆژێک یان ڕەنگە شەوێک دوو ماسیی بچووک یان با بڵێین گەنج خەریکی مەلەن لە دەریادا. لەم کاتەدا پیرە ماسییەک تووشیان دەبێت و لە دوورەوە لە ئەحواڵیان دەپرسێ و هاوکات پرسیارێکیشیان ئاراستە دەکا: چۆنن ماسییەکان؟ ئێوە دەزانن ئاو چییە؟ دوای ئەوەی ماسییە بچووکەکان تۆزێک دوور دەکەونەوە ڕوو لە یەکتر دەکەن و بە پێکەنینەوە دەڵێن، ئەرێ ئەو پرسیارە سەیرە چی بوو ئەم پیرەماسییە ئاراستەی ئێمەی کرد. جا چۆن ئاو چییە؟ تۆ بڵێ غەیری ئاو چی هەیە تا من پێت بڵێم ئاو چییە. ڕەنگە چیبوونی زمانیش لەڕاستیدا بۆ مرۆڤ هەر ئەمە بێت. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین باشە لە دەرەوەی زمان چی هەیە تا بڵێین زمان چییە؟ کەواتە هەرچی هەیە هەر زمانە. ئەو دیاردە کۆنینەی کە لە ڕەوتێکی دووروردرێژی زەمەنیدا هاتووەتە ئاراوە و بیچمی گرتووە و بە بەردەوامی لە گۆڕاندا بووە. بۆ دەیان هەزار ساڵ مرۆڤەکان لە ڕێی ئاماژە و دەنگ و نیشانە و هێماکانەوە لەگەڵ یەکتر پێوەندییان گرتووە و دواتر لە ڕەوتێکی زەمەنیدا و لە ئاکامی کارتێکەریی فاکتەرگەلی جۆراجۆرەوە زمانگەلی جیاواز هاتوونەتە ئاراوە و ڕێک وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو گەشەیان کردووە و هەندێکیان مردوون و هەندێکیان تووشی گۆڕانی زۆر بنەڕەتی بوونە. ئەم ڕەوتە بە چەند هەزار ساڵان بەردەوام بووە و هەتا سێ هەزار ساڵێک، کەمێک کەمتر یان زیاتر، مرۆڤ توانیوییەتی نووسین دابهێنێ و ئیتر زمانی نووسراویش ببێ بە جۆرێک لە زمان کە سەرەڕای پێوەندیی لەگەڵ زمانی ئاخافتن، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیەتی.

ئەگەر ئەم مەتەڵۆکە چینییە تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بووبێ بۆ تێگەیشتن لە چیبوونی زمان، کە باسی پێناسە دێتە ئاراوە تووشی گرفتێکی سەرەکیی دیکە دەبین و ئەویش دۆزینەوەی کەرەستەیەکە بۆ پێناسەی ئەم دیاردەیە. لەڕاستیدا بۆ پێناسەکردنی هەموو دیاردەیەک پەنا بۆ زمان و لۆژیکی زمان دەبەین، بەڵام لە پێناسەی زماندا گرفت ئەوەیە کە دەبێ پەنا بۆ خودی زمان بەرین و لە خودی زمان بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەرگرین. سەرەڕای ئەم گرفتە هەوڵدان بۆ بەدەستەوەدانی تووە پێکهێنەرەکان و لایەنە دیاریکەرەکانی دیاردەی زمان بە بەردەوامی لە ئارادا بووە و ئەم هەوڵە ئێستاش هەر هەیە و دیسیپلینە جیاوازەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە کار و لێکۆڵینەوە لەم بوارە بەردەوامن.

**لەنێو پێناسە جۆراوجۆرەکانی زماندا چڕترین پێناسە لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە چییە؟**

دەتوانم بڵێم زمان بریتییە لە سیستەمی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بە یارمەتیی کۆمەڵێک نیشانە و هێمای دەنگی و ڕەنگی. ئەگەر دەنگ ئەو ئاوا و وشە و ڕستانە بن کە دەیانبیستین، ئەوە لایەنی ڕەنگی، لەو نیشانە کێشراو و نووسراوانە پێک دێت کە هەمدیسان سیستەمی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان مسۆگەر دەکا. ئەگەر پێناسەی زمانێکی دیاریکراو لەبەر چاو بگرین ئەوە ڕوومان لە زمانێکە کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئەرکی تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی و پێوەندیی مرۆڤەکان بەجێ دێنێ و خاوەنی سیستەمی تایبەتیی نیشانەیی و دەنگیی خۆیەتی و هەر بە هۆی ئەم جیاوازییانەشەوە لە زمانێکی دیکە یان گرووپێک لە زمانەکانی دیکە جیا دەبێتەوە. لەڕاستیدا پۆلێنکردنی بنەماڵە زمانییەکانیش هەر لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی سیستەمی زمانەکان دامەزراوە. بۆیە کاتێک قسە لە زمانە هیندوئورووپاییەکان دەکەین لەڕاستیدا مەبەستمان زەقکردنەوەی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی ئەم زمانانەیە لە ڕەوتێکی مێژووییدا کە وەک سیستەمی سینتاکسی (ڕێزمانی) یان مۆرفۆلۆژیکی جیاوازن، بۆ نموونە؛ بنەماڵەی زمانەکانی ئالتایی یان سێمیتیک.




لایەنی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی دیاردەی زمان هێندە زەقە کە ئەرەستووی فەیلەسوف جیاوازیی سەرەکیی مرۆڤ و ئاژەڵ لە زماندا دەبینێ و مرۆڤ وەک ئاژەڵی ئاخێوەر پێناسە دەکا. توانایی پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی دیکە و لە ڕێگەی زمانەوە و لە ڕێگەی ئافراندنی دەربڕینی لە ئەژمارنەهاتوو تایبەتمەندییەکی تەواو مرۆیانەیە. بە واتایەکی دیکە ئاژەڵەکان، بۆ نموونە نەهەنگ و مێشەنگوین و فیل ڕەنگە لەگەڵ یەکتر پێوەندی بگرن، بەڵام لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە ئەوان هەرگیز توانایی دەربڕینی ئابستراکتیان نییە. ئەوە تەنیا مرۆڤە کە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی بەرتەسکی وشە ژمارەیەکی بێ‌سنووری دەربڕین بەرهەم دێنێ. مرۆڤ هاوکات کە بیر دەکاتەوە دەتوانێت هزرەکانی بێنێتە سەر زمان و خەڵکانی دیکەی لێ ئاگادار بکاتەوە. ئەمە ڕێک وەک نووسینی بێئەژمار دەربڕین و ڕستەیە کە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی بەرتەسکی پیتەکانی زمانێک دەنووسرێن. هیچ کەس ناتوانێ بزانێتبە ٢٦ پیتی زمانی ئینگلیسی چەندە وشە و دواتریش چەندە دەربڕین و ڕستە بەرهەم دێت.

چیبوونی ئەم تایبەتمەندییە مرۆییە پرسێکی لەمێژینەی فەلسەفە و زمانناسی و بگرە زۆر زانستی دیکەی سروشتی و ئینسانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیش بووە و هەیە. ئەفسانەی بورجی بابل تەنیا یەک لەو ئەفسانانەیە کە گوزارە لە گرنگیی زمان بۆ مرۆڤەکان و بۆ بوونیان دەکا. ناکرێ ئەمە تەنیا بەهەڵکەوت بووبێ کە یەکەم ڕستەی کتێبە پیرۆزەکان پرسی زمانیان لەخۆ گرتبێ و بڵێن "سەرەتا تەنیا وشە هەبوو و وشە لای یەزدان بوو و وشە یەزدان بوو." یان بە پەیامهێنەر بگوترێ کە "بخوێنەوە بە ناوی پەروەردگارەکەت کە هەموو جیهانی ئافراند." لێرەدا هەست دەکەی ئەم جادووی وشەیە و زمانە لە دێرزەمانەوە لە نەستی مرۆڤەکاندا بڕیاردەر بووە.

زمانەکان سەرەڕای لایەنە گشتییە وێکچووەکانیان زۆریش لە یەکتر جیاوازن و هەر بۆیە دیاردەی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە سەدان و بگرە هەزاران ساڵە لە ئارادایە. ئەم جیاوازییانە لە ئاستی زمانەکان و تەنانەت لە ئاستی زمانێکیشدا هەر لە ئارادان. ئەگەر لە ئێستادا نزیکەی ٦٠٠٠ زمان یان بگرە زیاتریش لەم گۆی زەوییەدا قسەی پێ بکرێ، هەر تاکێک و هەر مرۆڤێک چۆن پەنجەمۆر و ڕوخساری تایبەت بە خۆی هەیە، شێوازی ئاخافتنی تایبەتیی خۆیشی هەیە. هەر بۆیە ئێمە مرۆڤەکان نەک هەر بە ڕوخسار بەڵکوو بە دەنگیانیشەوە دەناسینەوە. زمانناسان قسە لە زمان و لەهجە و دەربڕینی تایبەتیی هەر کەسێک و جۆرەی ئاخافتن/شێوەزار دەکەن (زمان، دیالێکت، ئیدیالێکت و لێکت).

فەیلەسوفانی هاوچەرخیش هەر یەک بە شێوەیەک خۆیان لە قەرەی باسی پێچەڵپێچی زمان داوە. لەم نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند زانای بلیمەتی وەک لودویک ویتگەینشتاین، مارتین هایدگێر و ژاک دێریدا بکەین و بزانین کە لای ئەوان پرسی زمان چەندە گرنگە و چەندە بڕیاردەرە لەسەر تێگەیشتن لە بوون و مێژووی مرۆڤ و دەوروبەری.

**زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چ ڕۆڵی هەیە؟**

هەر لەو کاتەوە کە یۆنانییەکان ناوی بەربەریان لەسەر ئەو خەڵکانە نا کە بە زمانی ئەوان قسەیان نەدەکرد، ڕۆڵی کاریگەری زمان لە جیاکردنەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا دەردەکەوێ، یان ئەوکاتەی عەرەبەکان خەڵکانی غەیری خۆیان بە عەجەم ناوزەد کرد هەمدیسان ڕۆڵی زمان وەک فاکتەرێکی جیاکەرەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان دەبینین، بەڵام ڕۆڵی زمان لە ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا دێ.

هەتا دەورەی پێش‌مۆدێرن و لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا زمانەکان کەمتر سنووریان دەخستە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە. بۆ سەدان ساڵ زمانی لاتینی، زمانی ئیمپراتۆریی مەزنی ڕۆمی بوو و هەتا سەدەی حەڤدەهەمیش هەبوون شوێنگەلێکی ئایینی و ئاکادێمیک کە بەم زمانە دەیانخوێند و دەهزرین. ئەوکاتەی کە لە بەراییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا شێکسپیر بە ئینگلیزی دەینووسی، بیرمەندی ئینگلیزی، فرانسیس بەیکن هێشتا کتێبی بە زمانی لاتینی بڵاو دەکردەوە. ئەمە لەسەر یەکەم فەیلەسوفی مۆدێرن، واتا ڕێنێ دێکارتیش هەر ڕاستە کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا هێشتا هەر بە زمانی لاتینی بەرهەمەکانی بڵاو دەکردەوە.

لە بەرەبەرەی ڕێنسانسدا لە کۆمەڵگە ئورووپییەکان وردە وردە زمانە لۆکاڵییەکان خۆیان لە قەرەی نووسین دەدا و دەبوونە زمانی باو و سەردەستی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. ئەوکاتەی دانتێ کۆمێدیی ئیلاهی دەنووسێ و هێدی هێدی چۆوسێر بە ئینگلیزی دەنووسێ و لوتەر و کالڤین هەوڵی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بە ئاڵمانی دەدەن، ئیتر لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕۆڵی زمانی لاتین ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەمە ڕەوتێکی ئاسان نەبووە، بۆ نموونە هۆگرانی نەزمی باو و دەسەڵاتی کەنیسە شوێنپێی یەکەم وەرگێڕی کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان بە زمانی ئینگلیسی هەڵدەگرن و دواجار دەیکوژن، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن و گۆڕانکارییە ناسینناسانە، هزری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان جێ‌پێی تاقانەی زمانی لاتین لێژتر دەبێ و زمانە لۆکاڵییە ئورووپاییەکان زیاتر گەشە دەستێنن و دواجار دەبن بە زمانی بەڕێوەبەری و خوێندن و چاپ. داهێنانی پیشەسازیی چاپ لە سەدەی پازدەهەمدا ئەم ڕەوتە خێراتر دەکا. ئیتر لە سەدەی هەژدەهەمەوە بناغەکانی دەوڵەت-نەتەوەکانی ئورووپایی دادەڕێژرێ و زمانە جیاوازەکان دەبن بە بەشێکی سەرەکیی لە ناسنامەی نەتەوە تازە خەملیوەکان.

**ئەم ڕەوتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە چ شێوەیەک بووە، ئایا بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتووە؟**

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژاوای ئاسیاش یان با بڵێین لە ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی و دواتر قاجارەکانیشدا هەر کەم و زۆر بەم شێوەیە بووە. لەم بەشەی دونیادا بۆ سەدان ساڵ زمانی عەرەبی زمانی زانست بووە و زمانی فارسی زمانی دیوانی و زمانی تورکی زمانی سەربازی. لەنێوان ئاخێوەران و دەسەڵاتدارانی ئەم جوگرافیایەدا ئەگەر شەڕ و هەڵای زۆریش لە ئارادا بووبێ، ئەوە زمانەکان لە تەنیشت یەکتردا درێژەیان بە ڕۆڵگێڕانی خۆیان داوە. دەیان و سەدان زانای ئێرانی بە شانازییەوە بە زمانی عەرەبی نووسینەکانی خۆیان بڵاو کردۆتەوە. یەکەم تەفسیرنووس و مێژوونووس و ڕێزماننووسی عەرەبی ئێرانییەکان بوون. تەبەری، ئیبنی سیبەوەیە، ئەبووعەلی سینا، ڕازی، غەزالی و فارابی و زۆری دیکە وەک ئەرکی ئایینی لە زمانی عەرەبییان ڕوانیوە و بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی خۆیان دەستەودامێنی ئەم زمانە بوونە. ئەگەر لە کۆتاییەکانی سەدەی دەهەمی زایینییەوە دەبینین کە جموجووڵی زمانی فارسیی نوێش دێتە ئاراوە، کارتێکەریی زمانی عەرەبی تێیدا زۆر بەرچاوە. ئەمە لەمەڕ زمانی کوردییشدا هەر دروستە. پێ بە پێی هاتنە کایەی زمانی فارسی سەروسەکتی زمانە تورکییەکانیش لەگەڵ غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، مەغول و تەیمووری و تاتارەکان دێتە ئەم بەشەی دونیا و بۆ نموونە نزیکەی هەزار ساڵ، جگە لە دەورەی کورتی زەندییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا، لە دەرباری ئێراندا ئەوە دەسەڵاتدارانی تورکی‌ئاخێون کە وڵاتی بەربڵاوی ئێران بەڕێوە دەبەن. تەنانەت لە سەردەمی دژایەتیی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان کە هەردوولا تورک‌زمان بوون، دەبینین کە شا ئیسماعیلی ئێرانی بە تورکی شێعر دەنووسێ و سوڵتان سەلیمی دوژمنیشی بە فارسی سەلیم‌نامە دەنووسێ. هەر لەو سەردەمانەدایە کە مەلای جزیریی ئێمە بە کوردی شێعر دەهۆنێتەوە و هەڵبەت هاوکات شێعری فارسی و عەرەبییشی هەیە. دواتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا خانییش هەر بەم شێوەیە. کەواتە دەبینین لە زەمانی ئیمپراتۆرییەکاندا زمانەکان بە شێوەیەکی سروشتی جۆرێک لە هاوژینییان هەبووە، واتە هاوکات بواری بەکارهاتنیان هەبووە و قەدەغەیان لەسەر نەبووە.

**مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسی زمان داناوە؟**

بە گەیشتنی شنەبای مۆدێرنیزاسیۆن لە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرە بەرە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی دێنە ئاراوە کە بەڵێنی جیهانێکی تازە دەدەن. دەگوترا کە مۆدێرنیزەکردنی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و قاجار دەبێتە ڕێخۆشکەری پێشکەوتن. هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە لە ئێران زمانی فارسی و لە ئیمپراتۆریی عوسمانیشدا زمانی تورکی دەبێتە ئامراز و هەروەها چەقی گۆڕانکارییەکان. بەر لە هەر شتێک سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن ئیتر پاوانی ئەم زمانانە دەکرێ. کار دەگاتە جێیەک لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پێناسەی سەیروسەمەرە بۆ زمانە سەردەستەکان بەکار دەهێنرێ، زمانی تورکی دەبێتە زمانی ڕۆژ، زمانی فارسی دەبێ بە زمانی شەکر و زمانی عەرەبییش دەبێتە زمانی کامیل و پتەو. ئەمڕۆ ئیتر زانستی زمانناسی بە مکوڕی پێمان دەڵێ کە هەموو ئەم پێناسە و ناسناوانە هەڵەن. ئەم ئاوەڵناوانە لەڕاستیدا بەشێک لە پرۆسەی ئەندازیاریی سیاسیی نەتەوەسازیی بوون لەم وڵاتانە کە بەپێچەوانەی پرۆژەی مۆدێرنیتەی ئورووپایی بێبەری بوو لە هەموو چەشنە تۆوێکی دێموکراسی و سەروەریی جەماوەر و مافی شارومەندی. بەم جۆرە زمانی کوردی و زمانی کەمایەتییەکانی دیکە لەم وڵاتانەدا تووشی هەموو جۆرە بەربەستێک دەبنەوە و هێندە پەراوێز دەخرێن کە دەرفەتی گەشە و ستانداردبوونیان لێ دەستێندرێ.

وەک دەبینین لێرەدا زمانە سەردەستەکان دەبنە ئامرازی نەتەوەسازی و لە هەمان کاتدا پرۆژەی ناسیۆنالیزمی سەردەستی ئەم وڵاتانە کۆمەڵێک زمانی دیاریکراو دەکاتە خاڵی جیاکەرەوەی "من" و "ئەوی دیکە".

**پێوەندیی ناسیۆنالیزمی کورد و پرسی زمان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ناسیۆنالیزمی کورد و پێوەندیی بە زمانی کوردییەوە مژارێکی ئاڵۆزە کە لێوردبوونەوەی تایبەتیی دەوێ و دەبێ هەموو لایەنەکانی بە وردەڕیشاڵەوە هەڵسەنگێندرێ. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم کە لە زۆر وڵاتدا لەنێوان زمانی دانیشتووانەکەی و پرۆژەی ناسیۆنالیستییە باوەکەیدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە. بۆ نموونە پێشەنگانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەموویان فارس‌زمان نەبوون و کەسانی وا لە بزووتنەوەی مەشروتەی ئێرانیدا بەشدارییان بووە کە هەر فارسییان نەزانیوە. لە وڵاتی فینلاند پێشەنگی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی فینلاندی زمانی فینلاندیی نەزانیوە. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی فیلیپین بە زمانی غەیری فیلیپینی چووەتە پێش. بەشێک لە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردییش لە هێندێک بەشی کوردستاندا بێبەری بووە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی. بۆ نموونە لە تورکیە زمانی کوردی لە ماوەی شەش دەیەدا بە جۆرێک لینگویسایدا/زمانکوژ کرا کە پێشەنگانی بزووتنەوەی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا زۆریان بۆ زەحمەت بوو بتوانن لە زمانی کوردی کەڵک وەرگرن. ئەمە تا ڕادەیەک لەسەر ڕۆژاوای کوردستانیش هەر ڕاستە. لەبیرمان بێ ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت بە بەشێکی کوردستان نییە. ناسیۆنالیزمی سکاتلەندی و ئیرلەندی سەرەڕای بەهێزبوونیان بە پلەی یەکەم لە زمانی ئینگلیزی کەڵک وەردەگرن و هەر پرۆژەی زمانی سکاتلەندی لە ئارادا نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە وێلزی بریتانیا پرۆژەی زمانی وێلشی زۆر بەهێزە، بەڵام ناسیۆنالیزمی وێلشی بە بەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزمی سکاتی و ئیرلەندی زۆر لاوازە.

درێژەی هەیە ...

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:814 5 January 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com


ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# سەردانی پارتی ماف و ئازادی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی سێشەممە، ١٤ی هەیئەتێکی پارتی ماف و ئازادی بە سەرۆکایەتیی لەتیف ئێپۆزدەمیر، سەرۆکی گشتیی پارتی ماف و ئازادی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا باس لە خەبات و چارەنووسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کرا و هۆکارەکانی نەبوونی کیانێکی کوردی و زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستان باسیان لێکرا و سیاسەتی زلهێزەکانی دنیا و ناکۆکییەکانی نێو ماڵی کورد و پیلانگێڕیی داگیرکەرانی کوردستان بە بەشێک لە هۆکارەکانی نەبوونی وڵاتێکی ئازاد و ڕزگار پێناسە کران و گفتوگۆیان لەسەر کرا.

لەو دیدارەدا هەروەها باس لەو دەرفەتانەش کرا کە لەبەردەم پرسی کورددا دێنە پێش و مەسەلەی خەباتی چەکداری و پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان قسەی لەسەر کرا و باس لەوە کراکە کورد هیچکات شەڕخواز نەبووە و ئەگەر پەنای بردۆتە بەر چەک هۆکارەکەی داگیرکەرانی کوردستان بوون و کورد چەکی بۆ دیفاع لە خۆی بەکار هێناوە.



لە تەوەرێکی دیکەی ئەو دیدارەدا هەردوو لایەن پێداگرییان لەسەر ئەوە کردەوە کە کورد لە هەرکام لە پارچەکان پێویستە بەپێی بارودۆخی وڵاتەکان و حکوومەتەکان شێوەی خەباتی خۆیان هەڵبژێرن و هیچ لایەنێک بۆ بەرژەوەندیی حیزبی دەست لە کاروباری نێوخۆیی بەشەکانی دیکە وەرنەدا. هاوکات پێویستیی یەکڕیزی و یەکیەتیی و تەبایی نێوماڵی کورد جەختی لەسەر کرایەوە و لە کۆتایی دیدارەکەدا پێیان لەسەر بەردەوامیی پێوەندیی دوولایەن کردەوە و هیوایان خواست کە هەرچی زیاتر هێزە کوردستانییەکان بە یەکەوە هاوکار و یارمەتیدەری یەکتر بن.

# خاڵی گەیشتن بە ئامانج



شتێکی جوان لەو وێنەیەدا هەیە کە بەدڵمە.

پێتان وا نەبێ ئەو بزنە کێوییە دەخوازێ بە شێوەیەکی مەترسیدار باز بدا، کە ئەگەر بە چاکی تێیدا سەرنەکەوێ، چارەنووسی دەگۆڕێ.

نا .....

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو بە هەستی باوەڕبەخۆیی تەواو بازدەدا.

چاوەکانی ئەو تەنیا سەیری یەک خاڵ دەکەن: «خاڵی گەیشتن بە ئامانج»

ئەو سەیری خوارەوەی هەڵدێر ناکا، تاکوو بۆی ببێتە پرسیار داخوا هەڵدەدێرێ و دەمرێ یان نا. ئەو سەبارەت بەو بڕیارەی داویەتی بە هەستی پەشیمانییەوە سەیری ڕابردوو و دواوە ناکا و حەسرەت ناخوا، یا بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر ڕێگایەکی دیکەی گرتبایە بەر، داخوا چ دەقەوما؟

ئەو هەر ئێستاش خۆی لەوبەری هەڵدێر هێناوەتە بەرچاوی خۆی و پێویستی بەوە نییە لە هیچ کەسێ بپرسێ ئاخۆ ڕاست دەکا یا لە هەڵەدایە.

بزنەکێوی بەر لە بازدان، بازی داوە بۆ ئەوبەر. ویژدان و ڕوحی ئەو، ئەو بازدانەیان پەسند کردووە.

ئێمەش با شک و گومانەکان وەلا بنێین، بوێربین و ژیانمان پڕ لە خۆشی بکەین و ئامانجەکانمان بێنینە بەرچاوی خۆمان.

**یانیس ڤێلیکیس/ و: عەلی فەتحی**

# ئاسەوارە مێژووییەکانی پارێزگای ئیلام ناپارێزرێن

ئاسەوارە مێژووییەکانی پارێزگای ئیلام بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسان و کەسانی هەلپەرەست مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە. بەرپرسانی ڕێژیمیش دانیان بەوە داناوە و بەوە پاساوی دەدەنەوە کە بەهۆی بەربڵاوبوونی ئاسەوارەکان، دۆخی تۆپۆگرافیی پارێزگا و تەماحی هەلپەرستان، ئاسەوارەکانی ئەو پارێزگایە مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە. لە حاڵێکدا بەپێی بەڵگە و شایەتحاڵەکان بە تاڵانبردنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان تەنیا لەلایەن کەسانی سەر بە ڕێژیمەوە بۆ سڕینەوەی مێژوو و شوناسی کوردە کە دەکرێ.

پارێزگای ئیلام زیاتر لە دوو هەزار ئاسەوار و شوێنی سەرنجڕاکێشی مێژوویی هەیە کە دەتوانێ شوێنێکی باش بۆ گەشتیارانی نێوخۆیی و بیانی بێ



و بەو ژێرخانە گەشتیارییە دەوڵەمەندە چارەسەری بەشێک لە قەیرانی بێکارییش بێ. بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی پەیوەندیدار، ئەو شوێنانە لەلایەن کەسانی هەلپەرست و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە دەدرێنەوە و ئاسەوارەکانی بەتاڵان دەبرێن.

# سنە بە پێتەختی کتێبی ئێران هەڵبژێردرا



شاری سنە بەهۆی ئەوەی زۆرترین هەوڵی بۆ پەرەپێدانی کولتووری کتێب خوێندنەوە تێدا کراوە، بە پێتەختی کتێبی ئێران هەڵبژێردرا.

ئەمساڵ ١٩١ شار بەربژێر کرابوون بۆ بەدەستهێنانی ناسناوی پایتەختی کتێبی ئێران و شاری سنە لەنێو ٢٤ شاردا کە گەیشتبوونە قۆناخی کۆتایی، ئەو نازناوەی پێ درا.

جێی سەرنجە کە شارەکانی ورمێ، کرماشان و خوڕەمئاواش گەیشتبوونە قۆناخی کۆتایی.

پێشتر شارەکانی ئەهواز، نەیشابوور، بووشێهر، کاشان، یەزد و شیراز ئەو نازناوەیان وەدەست و هێناوە و نزیکەی حەوت ساڵ لە سنە کار بۆ دەستەبەرکردنی ئەو نازناوە کراوە.

## بەر لە ماڵاوایی

# هەناسەی خنکاوی شار



بابەک ناسری

ئیلام بە ٦٠٠ هەزار دانیشتوو پڕحەشیمەتترین شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە چەند ساڵێکە بەهۆی زۆریی خۆکوشتنەکان لەو شارە ناو و ناوبانگی دەرکردووە.

ئیلام شارێکی کۆن بە مێژوویەکی کەونار لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا لەو ناوچانە بوو کە خەڵکی شارەکە نیوەی مانگ و ڕۆژەکانی ساڵ بۆ دەربازبوون لە مەترسییەکانی مووشەک و بۆمباکانی عێراق لە دەرەوەی شار و لە خێوەتدا دەمانەوە. دوای کۆتایی شەڕ و دۆزرانەوەی پاشکەوتە زۆروزەوەندەکانی نەوت و گاز لەو هەرێمە، ئەم ناوچەیە بوو بە سەرچاوەیەکی داهاتی گرینگ بۆ کۆماری ئیسلامی و، لەو کاتەوە بە بەردەوامی نەوت و گازەکەی بە تاڵان دەبرێ و خەڵکیش پشووسوار و بێئەنوا ماونەتەوە.

کۆتایی شەڕی هەشت ساڵە و قۆناغی بەڕواڵەت «سازەندگی» دەسپێکی دۆخێکی نالەبارتر بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو: بێکاریی بەربڵاو و کەلێنی کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنی سیستماتیک کە هەمووی بەرهەمی ڕوانگەی ئەمنییەتیی ڕێژیم بۆ ئیلام وەک بەشێک لە کوردستانی دەوڵەمەند بوو، شەپۆلێکی دیکەی لە بێهیوایی و تەمابڕاوی لەو هەرێمەدا خستە ڕێ. برەوپێدان بە مادەدە هۆشبەرەکان و پشتگوێخستنی فێرکاری و پەروەردە کۆمەڵایەتییەکان بوونە هۆی قوڵبوونەوەی قەیرانەکان و ئاماری ڕاتڵەکێنەر لە خۆسووتاندنی ژنان و کچان گڵۆپە سوورەکانی بۆ توێژەران و دەروونناسە کۆمەڵایەتییەکان هەڵکرد، بۆوەی دەنگی بەشمەینەتیی ئەو خەڵکە بە گوێی هەمووان بگەیەنن. کەچی سڕکردنی هەواڵ و زانیارییەکانی پێوەندیدار بەو دیاردەیە کاتێک ئاسەواری کارەساتباری خۆی پێشان دا کە وەزارەتی نێوخۆ لە کابینەی خاتەمی بە بڕیاری ڕاستەوخۆ بۆ پارێزگاری ئیلام بڵاوکردنەوەی ئاماری خۆکوشتنی ژنان و کچانی ئەم هەرێمەی سانسۆڕ کرد و ڕاستییە تاڵەکانی جاڕدەری ئەو دۆخی سامناکە لەبیر کرا و بە بایەگانییەکان سپێردرا. بەڵام مەگین دەکرێ کارەساتێکی بەو بارستاییە دیزەبەدەرخۆنە بکرێ؟

ئاماری خۆسووتاندنەکان دزەیان کردە دەرێ و لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە لەقاو دران و دەسەڵاتی دیکتاتۆرییش ناچار بوو بە ناردنی تیمێک لە دەروونناسان بۆ ئەو ناوچەیە پەیداکردنی چارەسەرێک بەوان بسپێرێ. دۆخەکە تەتەڵە کرا و بەبێ سەرنجدان بە هۆکارە بنەڕەتییەکان بۆ بەستنی زار و زمانان ڕاپۆرتێکی لێ بڵاو کراوەیەوە و ئەسڵی کارەساتەکە پشتگوێ خرا و دواتریش بەبیانووی پەراوێزەکان و قەراغلێکێشانی ئۆپۆزیسیۆن و نەیاران! بە یەکجاری وەلا نرا. کات هات و ڕۆیشت، کەس ئاوڕی لە ئیلام و خەمەکانی نەدایەوە، تەنیا شتێک گۆڕدرا و ئەویش ئامرازی خۆکوشتنی ژنان و کچان لە خۆسووتاندنی پڕئازار و بەهاوارەوە بۆ پەت و حەبی برینج و مردن لە بێدەنگییەکی تەواو گۆڕدرا.

ئیلام لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٨٠ی زایینیدا پلەی دووهەمی خۆکوشتنی لە ئاستی جیهانی –کە پلەی یەکەمەکەی بە ناوی ویلایەتی ڕینیو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تۆمار کرابوو- لەسەر ناوی خۆی تاپۆ کرد. کچان و ژنان و دواتر لاوانی دەرچووی زانکۆ و ژنان و پیاوانی بێکاری عەوداڵی دەسخستنی کار و ژیانێکی سادە، پاش بڕینی سووڕی باتڵی خەمۆکی و بێهیوایی و نەگەیشتن بە لانی کەمی ویست و ئاواتەکان؛ ساغ دەبوونەوە کە وا باشترە خۆکوشتن دواپەردەی ئەو ژینە تاڵەیان بێت. کۆتاییەکی تاڵ و تراژیدیک بە پەنابردن بۆ ئامرازگەلی توندوتیژ و نائەقڵانی.

ئەو دۆخەی بە سەر ئیلام و دانیشتووانی هات و بە ڕێژەیەک کەمتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا دەبیندرێ، ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ڕێژیمێکە کە زۆر پتر لەوەی خەڵکی وڵاتەکەی بۆ گرینگ بێ، لە خەمی ستراتیژیی هیلالە شیعەکەی خۆیدایە و گەلێ زیاتر لەم بابەتانە خەم لە دەستخستنی بۆمبی ئەتوم و چەکی کۆمەڵکوژ بۆ خۆی دەخوا. هەر ئەوە بوو کە لە بەردەوامیی ئەو دۆخە کارەساتبارەدا، ئیلام لە ساڵی ٩٦ بووە پێتەختی خۆکوشتن لە دنیادا و لەو ڕیزبەندی و ماڕاتۆنەدا ویلایەتی ڕینیوی بەجێ هێشت.

چوونە سەرێی ئاماری خۆکوشتنەکان لە ئیلام بە سەرنجدان بە پاشخانی دەوڵەمەندی نەوت و گاز و خاکی بەپیت و بەرەکەت و زەرفییەتە ئابوورییەکانی ئەم هەرێمە بۆ هەمووان جێی سەرسووڕمان بوو. کارناسان و ڕۆژنامەنووسانی ڕەخنەگر و چالاکانی مافی مرۆڤ دەیانپرسی چۆن دەکرێ لە پارێزگایەک بەو بارستاییە لە سەرچاوەکانی سەر عەرز و بن عەرز، بێکاری و گرانی و هەڵاوسان ئەوەندە لەسەرێ بێ کە ئیرادەی خۆڕاگری و تاقەتی خەڵک بەچۆکدا بێنێ؟ چۆن دەکرێ ئەو هەمووە دیمەنی خۆسووتاندنەکان و هەڵخستنی پەت و تەنانەت خۆکوژیی بەکۆمەڵی بنەماڵەکان لەو هەرێمە هیچ گنجێک نەخاتە سەر نێوچاوانی دەسەڵاتبەدەستانی وڵاتەوە؟ چۆن دەکرێ ئەو تراژیدییە هەروا بەردەوام بێت؟ هەتا کەی ڕوانگەی ئەمنییەتیی زاڵ بۆ کوردستان درێژەی دەبێ، هەتا کەی خەڵک بۆ مەرامە سیاسییەکان بەبارمتە دەگیرێن، هەتا کەی هەژاری و بێئەنوایی دەستیان لە یەخەی ئەو خەڵکە هەژارە ناکەنەوە؟ تۆ بڵێی ئەم دۆخە وەک کاربەدەستانی ڕێژیم پێیانوایە خەڵکی کوردستان لە خەبات و شوناسخوازیی خۆیان پاشگەز کاتەوە؟ بێگومان نا... .

ئەوەی دواجار دەبێ بسووتێ تەخت و بەختی ڕێژیمی خونکاری کۆماری ئیسلامییە و ئەو پەتانەش دەبێ بۆ کاربەدەستانی خوێنمژی ئەو ڕێژیمە هەڵخرێن، ئەمە ڕوو دەدا و ئەو ڕۆژانەش نیزیکن.